دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد
لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدرالیدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە: ٤١٣
٣١ی بانەمەڕی ١٣٨٤
٢١ی مەی ٢٠٠٥
١٥٠ تمەن
www.kurdistanmedia.com

## پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزب بۆ بەڕێز تۆنی بلێر

### بە بۆنەی سەرکەوتنی حیزبی کرێکار لە هەڵبژاردنەکانی ئینگلستان دا

سەرۆك وەزیری خۆشەویست!

بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە، گەرمترین پیرۆزباییەکانم ئاراستە دەکەم بە بۆنەی سەرکەوتنی مێژوویی حیزبی کرێکارەوە بە رێبەرایەتیی بەڕێزتان بۆ جاری سێهەم.

من هەروەك رابردوو خوازیاری درێژەکێشانی پێوەندییە پتەوەکانی نێوان هەردوو حیزبم لە پێناوی بەرجەستەبوونی ئاشتیو دێموکراسی لە ئێران دا.

مستەفا هیجری
سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٧ی مای ٢٠٠٥

وتوویژ لەگەڵ جێگری سکرتێری گشتیی حیزب، سەبارەت بە هەڵبژاردنی نۆیەمین خولی سەرکۆماری لە ئێراندا ٢

پەیامی هاوڕێی تێکۆشەر کاك مستەفا هیجری بۆ کۆنفرانسی "رەوشی ئێستاو داهاتووی خەباتی گەلی کورد" لە شاری "بریزبن"ی ئوسترالیا ٣

ووتوێژی ئاژانسی دەنگوباسی AKIی ئیتالیا لەگەڵ هاوڕێی تێکۆشەر ماموستا عەبدوڵلا حەسەنزادە ٥

ناسیونالیزمی مەدەنی، یان گەلالەیەك بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد؟ ٨

نموونەیەکی دیکە لە دوژمنایەتی شۆڤێنیستانە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران ٨

## کۆبوونەوەی کومیتەی رۆژهەڵاتی ناڤینی ئینتێرناسیونال سوسیالیست

رۆژی ٩ی مانگی مای ٢٠٠٥(١٣٨٤/٢/١٩)، کۆبوونەوەی کومیتەی رۆژهەڵاتی ناڤینی ئینتێرناسیونال سوسیالیست لە یەکێك لە هۆڵەکانی ئەنستیتۆی توێژینەوەی وڵاتانی هاوبەرژەوەند لە لەندەن دا بەرێوە چوو.

لەو کۆبوونەوەدا جیا لە سکرتێری گشتی ئینتێرناسیونال سوسیالیست بەڕێز "لوئیس ئایالا" و رێزدار "توربیورن یاگلاند" بەرپرسی کومیتەی رۆژهەڵاتی ناڤین و سەرۆك وەزیری پێشووی نۆروێژ، ئەم حیزبانەی خوارەوەش کە ئەندامی کومیتەی رۆژهەڵاتی ناڤینن بەشدار بوون:

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی سوسیال دێموکراتی ئوتریش، حیزبی سوسیالیستی بێلژیك، حیزبی سوسیالیستی فەرانسە، حیزبی سوسیال دێموکراتی ئالمان، حیزبی سوسیالیستی یونان (PASOK) حیزبی کرێکاری ئیسرائیل، حیزبی یاشادی ئیسرائیل، حیزبی دێموکراتە چەپەکانی ئیتالیا، حیزبی کرێکاری هولەند، حیزبی کاری نۆروێژ، رێکخراوی "الفتح"ی فەلەستین، حیزبی سوسیال دێموکراتی سوئێد، کۆمەڵی دێموکراتی تونێس، حیزبی سۆسیالیستە ئورووپاییەکان، یەکیەتیی نێونەتەوەیی لاوانی سۆسیالیست، ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیستی ژنان.

ئامانجی پێکهێنانی ئەم کۆبوونەوەیە باس لەسەر رەوشی رۆژهەلاتی ناڤین و دارشتنی بریارنامەیەك لەژێر ناوی "ئاشتی و دێموکراسی لە رۆژهەلاتی ناڤین دا لە روانگەی ئینتێرناسیونال سوسیالیستەوە" بوو. برێار وایە کە ئەم بریارنامەیە بۆ پەسەند کردن بە کۆبوونەوەی شوورای ئینتێرناسیونال سوسیالیست کە لە کۆتایی مانگی مای ٢٠٠٥ لە "تێل ئاویڤ" و "رام الله"دا پێك دێت، پێشنیار بکرێ.

کاتژمێر ١٠ی بەیانی کۆبوونەوەکە لە لایەن بەرێزان "لوئیس ئایالاو" و "توربیورن یاگلاند"ەوە دەستی پێکرد. ئەوان وێرای بەخێرهێنان و دەربرینی خۆشحاڵی لە بەشداریی نوێنەری حیزبەکانی بەشدار لە کۆبوونەوەکە دا، لەسەر گرینگیی بابەتی کۆبوونەوەکە پێیان داگرت و پێکهێنانی کۆبوونەوەی داهاتووی شوورای ئینتێرناسیونال سوسیالیستیان لە شارەکانی "تێل ئاویڤ" و "رام الله" دا هەر بەم بۆنەیەوە لە قەڵەم دا.

دوایی نوێنەرانی دوو حیزبی کرێکار و "یاشاد"ی ئیسرائیل سەبارەت بە دەستپێکردنەوەی پرۆژەی ئاشتیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین و نەقشەی رێگا وتەکانی خۆیان پێشکەش کرد. ئەوان وێرای ئاماژە بە تەنگ و چەڵەمەکانی سەر رێ، پێیان لەسەر ئەوە داگرت کە بە بەرێوەبردنی تەواوی نەقشەی رێگا دەکرێ پێشکەوتن وەدی بێت و لە ئاکام دا کێشەکان بەشێوەیەکی عادڵانە چارەسەر بکرێن.




دەقی قسەکانی هاوڕێی بەڕێز خوسرەوی عەبدوڵلایی نوێنەری حیزب لەم کۆبوونەوەیەدا لە لاپەڕە ٥ی ئەم ژمارەیە دایە.

## سەفەری کاندۆلیزا رایس بۆ عێراق



خاتوو کاندۆلیزا رایس وەزیری دەروەی ئەمریکا، رۆژی یەکشەمە ٢٥ی بانەمەڕ لە سەردانێکی چاوەڕواننەکراودا گەیشتە هەولێر. رایس لە هاوینەهەواری سەلاحەدین چاوی بە سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان رێزدار مەسعوود بارزانی کەوتو لەدوای دانیشتنێکی یەك سەعاتە لەگەڵ بارزانی، بەرەو بەغدا وەرێ کەوت. وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە بەغدا چاوی بە بەڕێزان مام جەلال سەرکۆماری عێراقو زێباری وەزیری دەرەوە کەوتو لەگەڵیان کۆبۆوە. هەروەها دانیشتنێکی تایبەتیشی لەگەڵ ئەلجەعفەری سەرۆك وەزیری عێراق دا هەبوو.

ئەمە، یەکەم سەفەری کاربەدەستێکی پایەبەرزی ئەمریکا بۆ عێراق بەدوای پێکهاتنی دەوڵەتی ئینتیقالیی ئەو وڵاتەدا بوو. هەواڵنێری CNN گوتی: وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکا هاتۆتە عێراق تا لەبارەی کۆمەڵێك کێشەی گرنگەوە چاوی بە گەورە بەرپرسانی عێراقی بکەوێو وتوویژیان لەگەڵدا بکا. یەکێك لەو کێشە گرنگانە بەرعۆدەبوونو وەفاداربوونی دەوڵەتی ئینتیقالی بە ماوەی گواستنەوەی دەسەڵاتە، بەجۆرێك کە بەپێی بەرنامەی لەپێش دا دیاریکراوەوە بەرێوەبچێ. مەسەلەیەکی گرنگی دیکە بەشدارکردنی عەرەبە سوننییەکان لە دەسەڵات دایە. سوننییەکان لەوە نارازین کە شیعەکان هەموو دەسەڵاتیان لە پاوانی خۆیان گرتووەو بە هیچ جۆر رێگای چالاکیو بەشداریی سیاسی لە کاروباری وڵاتیان دا پێنادەن. هەر ئەم نارەزایەتییەش بە سەرچاوەی زۆر لە تێکهەڵچوونەکانو ئاڵۆزییەکانی عێراق دادەنرێ، بۆیە ئەم کێشەیە گرنگییەکی تایبەتی هەیە. سەرچاوە: هەواڵدەرییەکان

## نارەزایەتی لە گیرانی ژمارەیەك لە لاوانی نۆدشەیی

لە ١٧ی خاکەلێوەی ئەمساڵدا، ٦ لاوی نۆدشەیی لە پارێزگەی کرماشان بەناوەکانی ژیان کامگار، وریا کەریمی، هیوا نووری، وەتەن عیبادی، خالید رەسووڵیو مانگێکیش پێشتر لەو تاریخە، کاوەی ئەنوەری بە هێندێك تاوانی نادیار (لەوانەیە تاوانی لایەنگری لە حیزبێکی سیاسیی کورد)، بەهۆی مەئموورانی ئیدارەی ئیتلاعات دەگیرێنو بۆ شوێنێکی نەزانراو رادەگوێزرێن. بنەماڵەی گیراوەکان سەرەڕای تێپەڕبوونی مانگێك، تا ئێستا هیچ زانیارییەکیان لە شوێنی گیرانو جۆری تاوانی تاوانی ئازیزانی خۆیان نیە. رێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە کوردستان وێڕای نارەزایەتی دەربڕین لە شێوەی گرتنی ئەم ٦ لاوە نۆدشەیییەو نیگەرانی دەربڕین لە وەزعی نارِوونی ئەوان، لە بەرپرسانی ناوچەییو دەوڵەت داوای کردوە بۆ روونکردنەوەی وەزعی گیراوەکانو رەواندنەوەی نیگەرانیی بنەماڵەکانیان هەنگاوی خێرا بنێنو هەرچی زووتر هەلومەرجی ئازادکردنی گیراوەکان پێك بێنن.

## خۆپێشاندانو نارەزایەتی دەربڕینی خەڵکی شنۆ سەبارەت بە جینایەتێکی تازەی رێژیم

شەوی دووشەمە ٢٥ لەسەر ٢٦ی بانەمەڕ، هێزە بە ناو ئینتیزامییەکان، لەسەر پردی ئاسناوێی ناوچەی شنۆ تەقەیان لە کاروانچییەکان کرد. لە ئاکام دا لاوێکی زەحمەتکێش بە ناوی حوسێن بەهرامی کوڕی دەروێش محەممەد خەڵکی تاچیناوێ گیانی لەدەست دا.

سەعات ٧ی ئێوارەی رۆژی ٢٦ی بانەمەڕ، بە دوای بە خاکسپاردنی تەرمی ئەو لاوە جوانەمەرگەدا خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە جینایەتو ستەمی کۆماری ئیسلامی لە ناوەندی شاری شنۆ دەستیان بە رێپێوانو خۆپێشاندان کرد. خۆپێشاندەران بە دروشمدان هێرشیان بردە سەر فەرمانداری، پاسگای هێزی بە ناو ئینتیزامیو ژماریەك دامەزراوی دیکەی دەوڵەتیو شووشەی پەنجەرەی ئەو دامو دەزگایانەیان شکاند.

هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم تەقەیان لە خەڵك کردو ژمارەیەکیش لە لاوەکانیان گرت. رێپێوان بە دژی رێژیمو بە مەبەستی ئازادکردنی گیراوەکان، سەعات ١٠ی شەوی دووشەمە لەسەر سێشەمەش دووپات بۆوە. بەپێی دوا هەواڵ تا ئێستا ٢٧ کەس لە گیراوەکان ئازاد نەکراون.

## کۆنفرانسی "رەوشی ئێستاو داهاتووی خەباتی گەلی کورد" لە ئوستralیا

رۆژی ٢٠٠٥/٥/٣ بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی پارلەمانی ئوسترالیا، سیناتۆرو نوێنەرانی پارلەمانی ئەیالەتیو چەندین کەسایەتی کوردو نوێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانو ژمارەیەك لە کوردەکانی سیدنی، میلبۆرنو ئادلاید کونفرانسێك لەسەر وەزعی ئێستاو داهاتووی خەباتی گەلی کورد لە سالۆنی پارلمانی شاری بریزبێن بۆ ماوەی یەك رۆژ بەرێوە چوو. پاش یەك دەقیقە بێدەنگیو سروودی نیشتمانیی ئوسترالیاو سروودی نەتەوایەتیی ئەی رەقیب، میوانان لە لایەن بەڕێز فازل رۆستەم بەخێر هاتن کران.

کۆنفرانس بە رەسمی لە لایەن خاتوو "کارین ستراتس" سکرتێری پارلمانو وەزیری بازرگانیی ئەیالەتی کوئنزلەند کرایەوە. ناوبراو لە قسەکانیدا وێرای پیرۆزبایی لەم کۆنفرانسە داوای سەرکەوتنی بۆ خواست. بەڕێز "گاری هاردگریڤ" یاریدەری سەرۆك وەزیری ئوسترالیاو وەزیری خوێندنی تەکنیکی وتارێکی پێشکەش کردو لەودا جارێکیتر پشتیوانیی خۆی لە خەباتی رەوای گەلی کورد دەربڕی.

خاتوو "کلایر مۆر" سناتۆر لە حیزبی کرێکاری ئوسترالیا وتەیەکی پێشکەش کردو پێشێلکرانی مافی کوردانی مەحکووم کرد. بەڕێز سناتۆر "ئاندرو بارتلت" لە حیزبی دێموکراتی ئوسترالیا بۆ چەندەمین جار هاوپشتیی خۆیو حیزبەکەی لە مافی دیاری کردنی چارەنووسی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دەربڕی.

پەیامی بەڕێز کاك مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە دوو زمانی ئینگلیزیو کوردی بۆ بەشداران خوێندرایەوە کە لەودا ئاماژە بە سەرکوتی گەلانی ئێران بە تایبەتی گەلی کورد کرابوو. هەروەها سیاسەتی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی هاتبووە بەرباس.

تەورەیەکی تری بەرنامەکە بە پەیامی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتو سیاسەتمەداری ناسراوی کورد دەستی پێکرد. ئەم پەیامەش بە هەردوو زمانی ئینگلیزیو کوردی خوێندرایەوە کە لەودا کێشەی کوردو مافی ئینسانیو سیاسیی گەلی کورد بە وردی هاتبوونە بەرباس.



بەرێز سمکۆ هەڵمەت نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان وتارێکی پێشکەش کردو وەزعی ئێستای گەلی کوردی لە عێراق هێنایە بەرباس.

٣

## راگەیەندراوی دەفتەری سیاسی

### وەرێکەوتنی شەپۆلێکی دیکە لە دەستگیریو زیندانی کردنی رۆڵەکانی گەلی کورد

لە یەك مانگی رابردوودا ژمارەیەکی بەرچاو لە رۆڵەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە هۆی بوونی بیری سیاسیو ئازادیخوازی لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لە لایەن هێزە نیزامیو دەزگا ئیتلاعاتییەکانی رێژیمەوە دەستگیرو رەوانەی زیندان کراون کە هەواڵێك لە چارەنووسی بەشێکیان لە دەستدا نیەو ژمارەیەکیشیان حوکمی توندو زاڵمانەیان بەسەردا سەپاوە. بۆ نموونە: ژیان کامکار، وریا کەریمی، هیوا نوری، وەتەن عیبادی، خالید رەسووڵیو کاوەی ئەنوەری لە شاری نۆدشە کە لە ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٨٤ی هەتاوییەوە دەستگیر کراونو تا ئێستاش شوێنی زیندانی کردنو راگرتنیان روون نەبۆتەوەو لە چارەنوسیان هەواڵێك لە دەستدا نیە.

هەروەها ژمارەیەك لە خەڵکی مەهاباد کە پێشتر بە تاوانی بوونی بیری سیاسی لە لایەن رێژیمەوە دەستگیرو زیندانی کرابوون حوکمی زیندانی درێژخایەنیان بەسەردا سەپاوە. ئەو زیندانیانە بریتین لە رەزا ئەمینی کە حوکمی ٢٠ ساڵ زیندانو تەبعید بۆ زیندانی تەوریز، هەڵمەت حەسەن ئازەرپور کە حوکمی ١٥ ساڵ زیندانو تەبعید بۆ زیندانی ورمێ، عەبدوڵلا محەممەدی ناسراو بە عەبدوڵلا دوستالی حوکمی ١٥ ساڵو خالق محەممەدزادە کە حوکمی ١٠ساڵ زیندانو تەبعید بۆ زیندانی مەراغەی بەسەردا سەپاوە.

ئەو بەند کراوانە چەند رۆژێکە بە ئیعتراز بە سەپاندنی حوکمی ناعادڵانە لە خواردن مانیان گرتووەو خوازیاری پێداچوونەوە بەو حوکمە ناعادڵانەیەن کە بە سەریان داسەپاوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکووم کردنی گرتنو زیندانی کردنی ئەو پۆلە لە رۆڵەکانی گەلی کورد داوا لە هەموو کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانو رێکخراوەکانی لایەنگری مافی مرۆڤو ئازادیخوازانی جیهان دەکا کە بە مەبەستی روون کردنەوەی چارەنووسی ئەو ٦ زیندانییەو ئیعتراز بە سەپاندنی حوکمی ناعادڵانە بەسەر چوار زیندانییەکەی دیکەدا دەنگی رەخنەوە نارەزایەتیی خۆیان بەرز بکەنەوەو لەو بارەوە رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بخەنە ژێر فشارو رێگای پێ نەدەن کە وا بێ پەروا رۆڵەکانی گەلی کورد بە تاوانی بوونی بیری سیاسی، رەوانەی زیندان بکاو لەگەڵ چارەنووسی نادیار بەرەو روویان بکا.

بە هیوای هەوڵی ئینساندۆستانەی هەموو لایەك
**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**١٣٨٤/٢/٢٥ی هەتاوی**

## مەرگی گوماناویی ١٢ کرێکاری کورد بەهۆی رووخانی تونێلەوە

لەکاتی دروستکردنی ئاوبەندی "گاوشان"ی سنە کە بە پەیامی تەلەفوونیی خاتەمی بەرهەمهێنانی دەست پێکرا ، ١٢ کرێکاری کورد گیانی خۆیان لەدەست دا.

یەکێك لە کاربەدەستانی دروستکردنی ئەو ئاوبەندە کە نەیوست ناوی بلاو بێتەوە گوتی: ئەو ١٢ کرێکارە لە قۆناخەکانی دروستکردنی ئەو ئاوبەندەدا بەهۆی نەبوونی کەرەسەی باشو بەکەلك گیانی خۆیان لەدەست داوە کە مەرگی زۆربەیان بەهۆی رووخانی تونێلەوە بووە.

ئەو هەروەها گوتی کە: لەبەرامبەردا دەوڵەت بۆ رازی کردنی بنەماڵەکانیان دیەی قوربانییەکانی پێداون.

ئەوە لە حاڵێك دایە کە لەهیچ شوێنێكو تەنانەت لە کاتی رێورەسمی دەست بەکار کردنی ئەو ئاوبەندەش دا، هیچ باسێك لەو قوربانییانە نەهاتۆتە گۆڕێ.

# کاک حەسەن شەرەفی: پێم خۆشە بەو تاقمە بە ناو ریفورمخوازە بڵێم کە کێ ئەوانی کردۆتە نوێنەری کورد کە موزایەدە بە سێ میلیون دەنگی کوردەوە بکەن؟ ئەوان بەشێکیان رابردوویەکی هێندە خاوێنیان بە نیسبەت کوردو کێشەی کوردو مافی کوردەوە لە ئێراندا نیەو بە پێچەوانە ئەوان لە بەرەی دژی ئەو مافو داوایانە دان

## وتووێژ لەگەڵ کاک حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب، سەبارەت بە هەڵبژاردنی نۆیەمین خولی سەرکۆماری لە ئێراندا

هەڤپەیڤین: عەلی بداغی

**ئاماژە**

**هەڵبژاردنی سەرکۆمار وەك گرینگترین پرسی هەنووکەیی ئێران و کاریگەریی لە سەر بارودۆخی ئێران، ئاسۆگو دوورە دیمەنی هەڵبژاردنی نۆهەمین خولی سەرکۆماری و فەرزی کاریگەربوونی ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە لە سەر سەفبەندی و ڕێکخستنی هێزەکانی ڕێژیم و ئۆپۆزیسیۆن چەند سەرنجێکن کە کاک حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب تیشکیان دەخاتە سەرو لە دیمانەیەکدا بەخێرایی ئاسۆگی ئەم هەڵبژاردنەمان بۆ دەخاتە بەرباس.**

**پ: گرینگیی ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە تا رادەیەکە کە رێبەرانی پایە بەرزی رێژیمیش ناتوانن لە دەربڕینی نیگەرانیی خۆیان خۆببوێرن. نیگەرانیی خامەنەیی، رەفسەنجانی و یونسی لەو پێوەندیەیدا جێی سەرنجە. بە بڕوای ئێوە دەکرێ بڵێین کە ئەم هەڵبژاردنە لە جێداو لە خۆیدا جۆرە ریفراندۆمێکە کە بۆ رەوایی دان بە رێژیم یاخۆ "نا" گوتن بەو نیزامە بەرێوە دەچێ؟**

و: لە ئەسڵدا ئەگەر سەرنج بدەین هەموو ئەو هەڵبژاردنانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ئێران دا بەرێوە دەچن هەموویان مەیدانێکن بۆ ئەوەی کە رێژیم بە جۆرێك کە بۆخۆی دەیەوێ، خۆی لە بیروڕای گشتیی جیهانیدا نیشان بدا، رەفتاری زاڵمانەو دیکتاتۆرییانەی خۆی لە ژێر پەردەی بەرێوەبردنی رواڵەتی ئەم هەڵبژاردنانەدا بشارێتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە خەڵك بە مەیدانێکی دەزانن بۆ ئەوەی کە هەڵوێستو دژکردەوەی خۆیان بەرامبەر بە رێژیم نیشان بدەن. هێندێك جار بە بەشداریکردنی وەکوو هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە رابردوداو هێندێك جاریش بەبەشداری نەکردن بە مانایەکی دیکەو بە مەبەستی "نا" گوتن بە رێژیمی سەیر دەکەن بۆیە من پێم وایە ئەمجارەش ئەو مەیدانە بۆ "نا" گوتن بە رێژیم لەلایەن خەڵکەوە سەیری دەکرێو لەو مەیدانەو لەو دەرفەتەدا بە نا گوتن بە رێژیم لەلان خەڵکەوە کەڵك وەردەگیرێو بە دنیای نیشان دەدەن کە کۆماری ئیسلامی رێژیمێکی بێزراوەو رێژیمێکە کە ناتوانێ نە لەگەڵ دنیای سەردەم بگونجێو نە ویستو ئاواتەکانی خەڵکی ئێران بێنێتە دی.

**پ: زۆر لایەنو هێزە سیاسی‌یەکانی نێوخۆی وڵات رەوایی‌و دیموکراتیك بوونی هەڵبژاردنەکە دەبەستنەوە بە ئەوەی کە کاندیداکانی خۆیان رێگەی هەڵبژاردنیان پێبدرێ. رێگە پێدان بە هاتنە مەیدانی کەسایەتی‌یەکی تا رادەیەك مەقبووڵو "معتدل" یاخۆ بەناو ئۆپۆزیسیۆنی نیو دەسەڵاتیش‌و تەنانەت هەڵبژاردنیشی دەتوانێ نوێنگەی دیموکراتیك بوونی ئەم هەڵبژاردنە بێ؟**

و: هەڵبژاردن خۆی دیموکراتیك بوون یا نادیموکراتیك بوونی بەوەڕا دەرناکەوێ کە کێ هەڵبژێردراوە یا کێ هەڵنەبژێردراوە. هەڵبژاردن خۆی بەشێکە لەو مافە دیموکراتیکەی کە خەڵکی ئێرانیش وەکوو گەلانی ئازادو دیموکراتی دنیا دەبێ هەیان بێ. ئەوە کە هیچ ئینسانێکی دیموکرات ناتوانێ هەڵبژاردنی ئازاد رەت بکاتەوە یان تەحریمی بکا شتێکی ئاشکرایە. کەوابوو کەس هەڵبژاردنی ئازاد رەت ناکاتەوە. ئەوەی رەت دەکرێتەوە هەڵبژاردنێکە کە لە باری قانوونی‌یەوە، لە باری شەرعی‌یەوە، ئەوەندە مەحدوودو سنووردار کراوە، ئەوندە بەربەستی لەبەرامبەردا پێك هاتوە کە لە نێوەرۆکی واقیعی‌و ئازادبوونی خۆی بەتاڵ کراوە. قەیدو بەندێکی زۆر - جا چ لە باری قانوونی‌و چ لە باری شەرعی‌یەکەوە بێ - وای کردوە کە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا زیاتر لە نیوەی خەڵکی ئێران ناتوانن کاندیدای سەرکۆماری بن. ئەو بەشەش کە مافی ئەوەیان پێ دراوە کە کاندیدا بن ئەوانیش قەیدو بەندی جۆراوجۆریان بۆ پێك هاتوە کە لە نێو ئەوانیشدا جۆرێك جیاوازی قایل دەبن هەروەکوو جیاوازیدانان لە نێو ئەوانەدا کە دەتوانن‌و یا ناتوانن لە باری شەرعی‌یەوە بەشدار بن یا بەشدار نەبن، وجوودی هەیە. جگە لەوە کە بەربەستی قانوونی‌و شەرعی هەیە لە تکنیکی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکەش، هەڵسوکەوتی کاربەدەستانی رێژیم‌و دامودەزگاکانی پێوەندیدار بە رێژیم جۆرێکە کە ئەو مافانەی کە بە پێی یاسای ماف پێشێلکەرانەی رێژیمیش خەڵك بۆ هەڵبژاردن هەیانە لێیان زەوت دەکا. کەوابوو هەڵبژاردنێك کە بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئێرانی بە بیانووی جۆراوجۆر لێی هەڵاواردراوەو ئەو مافەی لێ سەلب کردون، هەڵبژاردنێکی ئازاد نیە، خەڵك ناتوانن دەنگ بە کاندیدای جێی باوەڕی خۆیان بدەن، خەڵك ناتوانن بە پێی ئەوەی وەك هەموو ئێرانی‌یەك بە پێی قانوون کاندیدا بن، لێرەدا ئیدی هەڵبژاردنەکە لە نێوەرۆکی واقیعیی خۆی بەتاڵ کراوەتەوە، کەوابوو مەسەلەکە ئەوەنیە کە کێ هەڵدەبژێردرێ یا هەڵنابژێردرێ، مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەو هەڵبژاردنە کە کۆماری ئیسلامی بەرێوەی دەبا ئوسوولەن بۆخۆی دیموکراتیکە یا نا؟ هەر هەڵبژاردنێك کە بە پێی پێوانەی سەردەم بەرێوە بچێ هەر کەسی تێدا هەڵبژێردرێ مەشرووعە، وە ئەگەر نادیموکراتیك بێ چ هەر کەسی تێدا هەڵنەبژێردرێ یا هەڵبژێردرێ دیسانەکە لەو مەشرووعییەتەو رەوایی‌یە بەدوورە. کەوابوو نەفسی هەڵبژاردنەکەیە کە دەتوانێ دیموکراتیك بێ یا نادیموکراتیك. وا نیە کە ئەگەر کەسێك هەڵبژێردرا، هەڵبژاردنەکە دیموکراتیك بێ‌و ئەگەر کەسێك هەڵنەبژێردرا نادیموکراتیك.

**پ: هەڵبژاردن لە کوردستان کەشێکی تایبەتی هەیە. پتر لە ٣ میلیون دەنگی کوردەکان فاکتورێکی کاریگەرەو لەونێوەش دا بەناوریفورمخوازەکان کارتی بردنەوەی گرەوی هەڵبژاردنیان خستۆتە روو. بۆ کوردستان وەك دیاریکەری چارەنووسی هەڵبژاردن‌و بۆ کوردستان کانوونی سەرنجی کاندیداکان؟**

و: دیارە لە هەموو هەڵبژارنەکان‌و یەك لەوان هەڵبژاردنی سەرکۆماریی پێشوودا هەمیشە رێژیمی کۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە کە خەڵکانێکی زۆر بکێشێتە سەر سندووقەکانی دەنگدان. بۆ ئەو رەکێش کردنەی خەڵکیش شێوەی جۆراوجۆری رەچاو کردوە. تەهدید لە هێندێك بواردا، تەتمیع لە هێندێك بواردا، بۆ ئەوەی کە خەڵکێك بەهەر دەلیلێك لەگەڵ ئەوەی باوەڕیان بە هەڵبژاردنەکەش نەبێ، بەڵام، لە هەڵبژاردنەکەداو لەسەر سندووقەکانی دەنگدان ئامادە بن. مەبەستی رێژیم لەوەی چیە؟ مەبەستی ئەوەیە کە لەگەڵ هەموو ئەو رەفتارە نادیموکراتیك‌و دیکتاتۆرییانەی کە هەیەتی لەبەر چاوی دنیا وا نیشان بدا کە ئەگەر ئەو رێژیمە مەقبوولییەتی دەرەوەیی نیەو لە لایەن خەڵکەکەیەوە باس‌و پڕوپاگەندەی ئەوە دەکرێ کە بێزراوە، نیشان بدا کە نەخێر وانیەو خەڵکەکە سەرەڕای ئەو هەموو تەبلیغاتە کە لە دژی رێژیم دەکرێ خەڵکەکە لە هەڵبژاردندا بەشدارەو ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە خەڵك دڵخۆشن بەو رێژیمەو پشتیوانی لە درێژەی دەسەڵاتەکەی دەکەن. ئەوە لە ئەسڵ دا رێژیم هەمیشە وەك سیاسەتێك رەچاوی کردوە، بەڵام ئەو هەڵبژاردنەی نۆهەمین خولی سەرکۆماری بۆ رێژیم‌و بۆ غەیری رێژیمیش گرنگی‌یەکی تایبەتی هەیە. رێژیم دەبینێ کە لە نێوخۆی وڵات دا زیاتر لە هەمیشە لە لایەن خەڵکەوە کەوتۆتە ژێر فشارو رێژیمیش زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە فشاری خستۆتە سەر خەڵك‌و بە تایبەت ئازادیخوازانی وڵات. ئەوە دەنگدانەوەیەکی جیهانی زۆری هەیەو ئەو بۆچوونە بەهێز دەکا کە رێژیم بەرەو دیکتاتۆری‌یەکی رووت ترو بێ پەردەتر لە جاران دەچێ. لە لایەکی دیکە لە دەرەوەش دەبینین کە کۆماری ئیسلامی لە ژێر فشار دایە، لەبەر رەفتاری وەك پشتیوانی لە تیرۆریزم، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، هەوڵدان بۆ دەسڕاگەیشتن بە کەرەسەو چەکی ئەتۆمی‌و ئاسایی‌یە بەشداریکردنی خەڵك یا سەرکەوتنی رێژیم لە رەکێش کردنی خەڵك بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان دەتوانێ لە بڕیاردانی ئەم وڵاتانەی دەرەوە بۆ دژکردەوە نیشاندان بە کۆماری ئیسلامی شوێندانەر بێ. ئەگەر خەڵکێکی زیاتر بەشدرایی ئەو هەڵبژاردنانە بکا، ئەوە ئیحتمالەن لە بەرخوردی خۆیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی نەرمترو هێدی‌تر بجووڵێنەوە. بەڵام ئەگەر ببینن خەڵك بە بەشداری نەکردنیان لە هەڵبژاردن دا بێزاریی خۆیان لەرێژیم دەردەبڕن، رەنگە لە بڕیاری ئەوان، لە هەڵوێستی ئەوان بۆ دژکردەوە نیشاندان بە رفتاری سەرەرۆیانەی کۆماری ئیسلامی حاڵەتێکی جیددی‌ترو قاتع تر بەخۆیانەوە دەگرن. دنیای دەرەوە بە پێوانەی وڵاتانی دیموکراتیکی وەك خۆیان سەیری کێشەکانی ئێرانیش دەکەن، بۆیە ئەو هەڵبژاردنانەیان بۆ گرینگە. کە بەشدرایی خەڵك زۆرە یان کەم. رێژیمیش ئەوەی باش دەزانێ بۆیە هەموو هەوڵی خۆی بەکار دێنێ بۆ ئەوەی کە خەڵکێکی زۆرتر بێنێتە سەر سندووقەکان‌و بە دنیای دەرەوە وا نیشان بدا کە لە پشتیوانیی زۆربەی خەڵك بەهرەمەندە. بۆیە لە وەزعێکی وا دا بۆ ئەوەی ئەو پیلانەی رێژیم پووچەڵ بکرێتەوەو بۆ ئەوەی خەڵك نەبنە ئامرازی ئەوەی کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە رواڵەتیش بێ بە دنیا نیشان بدا کە خەڵك پشتیوانی لێدەکا دەبێ لە چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان خۆببوێرن بۆ ئەوەی کە هەم لەسەر هەڵوێستی وڵاتانی رۆژئاوایی بە گشتی‌و بیروڕای گشتی دنیا بەرامبەر بە ئێران بە تایبەتی شوێنی موسبەت بە قازانجی خەڵك دابنێ، هەم لەعەینی حاڵیش دا ئازادیخوازانی ئێران‌و خەڵکی وڵاتەکەمان بە خەبات دژی ئەو رێژیمە دڵخۆشتر بکا. ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر کوردستان ئەوەی کە گوتم رێژیم هەوڵ دەدا ئەو ساڵ زیاتر لە جاران خەڵکی بەرەو سندووقەکانی دەنگدان بە شێوەی جۆراوجۆر رەکێش بکا لە سەر کوردستانیش سادقە تەنانەت دەتوانم بڵێم کە ئەو هەوڵەی لە کوردستان زیاتریشە بۆ؟ بە بڕوای من بە دوو مەبەست یەکەم ئێمە دیتمان لە کوردستانی عێراق، گەلی کوردی برامان لەو پارچەیەی کوردستان بە چ جۆرە شەوق‌و عەلاقەیەکەوە چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان‌و بە چ شێوەیەکی بەرین بەشداریی ئەو هەڵبژاردنانە بوون. دەیانهەوێ وا نیشان بدەن کە لە کوردستانی ئێرانیش گەلی کورد حاڵەتێکی وێکچووی وای هەیەو هەر بەو شوورو شەوق‌و عەلاقەوە دەچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان. دەیانهەوێ وا بنوێنن کە گەلی کورد دەتوانن لە رێگەی ئەو سندووقانەی دەنگدانەوەو لە رێگای دەنگدان بە کاندیدایەکی موریدی نەزەری خۆیان بە ویستو ئارەزووەکانیان دەگەن هەر وەکوو کورد لە کوردستانی عێراق پێیان گەیشتون. لە حاڵەتێکدا ئەو دووانە جیاوازی‌یان یەکجار زۆرە. لە دوو هەلومەرجی بە تەواوی جیاوازدان. گەلی کورد لە کوردستانی عێراق لە هەلومەرجێکی تەواو جیاوازدا چوونەسەر سندووقەکانی دەنگدان. لە حاڵێکدا لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە کوردستانی ئێراندا لە خەفەقانێك تەواو لە ژێر دیکتاتۆری‌یەکی تەواودا خەڵك بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان رەکێش دەکرێن یا خەڵك خۆ دەبوێرن لە چوونەسەر سندووقەکانی دەنگدان. دووهەم ئەوەی لە کوردستانی عێراق خەڵك لە هەلومەرجێکدا بوو کە لە هەڵبژاردندا هەم مەوقعییەتی ئەوانی لە وڵاتێکی وەك عێراق دا سەقامگیر دەکردو هەم ناوچە کوردنشینەکانی دیاری‌و سەقامگیر دەکردو هەم مافی گەلی کوردی لە یاسای بنەڕەتی عێراق‌و هەم بەشی کوردی لە بەشداری لە دەسەڵاتی عێراقدا دیاری دەکرد. بەڵام داخوا لەو هەڵبژاردنەی سەرۆك کۆماری لە ژێر سێبەری کۆماری ئیسلامی‌دا یەکەم ئەو ئازادیی عەمەلە بۆ هەڵبژاردن هەیە؟ خەڵك بەو نیێتەوە دەچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان کە ئاواتەکانی خۆیان لە ئاکامی ئەو هەڵبژاردنەدا بەدی دەکەن؟ ئایا ئەگەر بەشدارییان کرد، موشاریکەتیان لە دەسەڵاتی وڵات دا بەو جۆرە دەبێ کە کوردەکانی عێراق موشارکەتیان بۆ مسۆگەر بووە لە حکوومەتی ئێستای عێراق دا. ئەوانە تەواو جیاوازییان هەیە. بەڵام رێژیم دەیەوێ بە بیروڕای گشتیی دنیا وا نیشان بدا کە بەڵێ کوردەکانی ئێرانش لە حاڵەتێکی وێکچووو لە بوارێکی وێکچووی وەکوو کوردەکانی عێراق دا بە عەلاقەوە دەچنە سەر سندووقەکانی دەنگ دان.

ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر کوردە ریفورمخوازەکان کە چەندین خاڵیان ریز کردوەو لەگەڵ کاندیداکان قسەیان لە سەر کردوەو گویا یەکێك لە کاندیداکان وەڵامی موسبەتی بە داواکان داوەتەوە تەنانەت باس لەوە دەکرێ کە ئەگەر کاندیدایەك تەزمینی جێبەجێ کردنی ئەو داخوازی‌یە بدا، سێ میلیون دەنگی کوردی لەپشت دەبێ، جارێ پێم خۆشە بەو تاقمە بە ناو ریفورمخوازە بڵێم کە یەکەم کێ ئەوانی کردۆتە نوێنەری کورد کە موزایەدە بە سێ میلیون دەنگی کوردەوە بکەن؟ ئەوان بەشێکیان رابردوویەکی هێندە خاوێنیان بە نیسبەت کوردو کێشەی کوردو مافی کوردەوە لە ئێراندا نیەو بەپێچەوانە ئەوان لە بەرەی دژی ئەو مافو داوایانەدا بوون‌و ئەگەر بەشێکیش لەو ریفورمخوازانە نییەتێکی خاوێن‌و رابردوویەکی خاوێنیان هەیە بەڵام بە کردەوە کەوتوونەتە داوی پیلانێك کە یارمەتی دەکا بە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی نەتەوەی کوردو لە دژی جووڵانەوە رەواکەی. من ئەوە دەڵێم هەر کاندیدایەك ئەگەر تەزمینیش بدا کە ئەو ویستو ئەو ١٥ خاڵەی قبووڵە بە کردەوە ناتوانێ جێبەجێیان بکا. پاشان ئەگەر تەزمینی کرد دەبێ بزانین پێش ئەوەی ئەو کاندیدایە تەزمین بدا بە کورد، تەزمینی داوە بە کۆماری ئیسلامی کە لە چوارچێوەی یاساکانی ئەودا، لە چوارچێوەی سیاسەت‌و هەڵسوکەوتی ئەودا عەمەل بکا. یاسایەك‌و سیاسەتێك‌و هەڵسوکەوتێکە کۆماری ئیسلامی کە هیچی بۆ کورد تێدا نیە. کەوابوو ئەو کاندیدایە پتر تەزمینی خۆی داوە بە جمهووریی ئیسلامی پێش ئەوەی بدا بە کورد. جا ئەگەر تەزمینی دا بە کورد پێی جێبەجێ ناکرێ. من لەو ریفورمخوازانەی نێو رێژیم کە دیارە هەردوو باڵی نێو رێژیم بە تێکڕا هەوڵی درێژکردنەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەدەن، بۆیە پێیان خۆشە خەڵکێکی زیاتر راکێش بکەن بۆ سەر سندووقی دەنگدان. بەڵام من لێیان دەپرسم باشە ئەگەر ئەو ریفۆرمخوازانە ئەو وەختی کە مەجلیسیان لەدەستدا بوو، قووەی ئیجرایی بە سەرکۆمارەکەی کە ئاڵاهەڵگری ریفۆرمخوازی بوو لە دەسەڵاتدا بوو کە ئێستاش تا ماوەیەکی دیکە لە دەسەڵاتدا دەبێ، نەیانتوانیوە یا نەیانویست هیچ یەك لەو ماددەیانە، لەو داخوازی‌یانەی کە ئێستا بە ئیسلاح گەلاڵە کراون، هەوڵی بۆ بدەن‌و دابینی بکەن، ئێستا کە مەجلیسیان لە دەستدا نیە، ئێستا کە خەریکە قووەی ئیجرایشیان لە دەست دەچێتە دەرێ، چۆنە کەوتوونەتە بیری ئەوەی کە دەبێ ئەو مافانە دابین بکرێن. ئەساسەن ئەو ١٥ خاڵە ئەگەر لە چوارچێوەی سەڵاحییەتی سەرکۆمار دایە، بۆچی خاتەمی ئاڵاهەڵگری ئیسلاحتەڵەبی لە ماوەی ٨ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا هیچ یەك لەو داخوازییانەی جێبەجێ نەکرد. ئەگەریش لە چوارچێوەی سەڵاحییەتی سەرکۆمارییش‌دا نین، چۆنە چاوەڕوانییان هەیە کە ئەوان بە مەجلیس‌و قووەی ئیجرایی نەیانتوانیوە جێبەجێی بکەن. کاندیدایەکی دیکە کە روون نیە لە کام باڵەو سەر بە چ لایەنێکە، مەجلیس چەندە پشتیوانیی لێ دەکا؟و قووەی ئیجرایی چەندە لە ئیختیار ئەودا ئامادەیە عەمەل بکاو ئەو خاڵانە جێبەجێ بکا؟ بە بڕوای من خەڵکی کوردستان نابێ فریوی ئەوە بخۆن‌و ئەو وەختە کە ریفۆرمخوازەکان لە مەجلیس‌و قووەی ئیجرایی‌دا شت بوون، شتێکیان بۆ کورد نەکرد. ئێستاش کە شت نین‌و خەریکە لەوەش پتر لاواز دەبن، چ بۆ کورد دەکەن؟ خەڵك نابێ فریوی ئەوانە بخوا. من پێم وایە خەڵکی کوردستان کە هەمیشە ئاگایی سیاسییان لەسەرێ بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی هێندێ جار بەشێکیان ملاحەزاتیان هەبووە،

←

**دنیای دەرەوە بە پێوانەی وڵاتانی دیموکراتیکی وەك خۆیان سەیری کێشەکانی ئێرانیش دەکەن، بۆیە ئەو هەڵبژاردنانەیان بۆ گرینگە، کە بەشدرایی خەڵك زۆرە یان کەم. رێژیمیش ئەوەی باش دەزانێ بۆیە هەموو هەوڵی خۆی بەکار دێنێ بۆ ئەوەی کە خەڵکێکی زۆرتر بێنێتە سەر سندووقەکان‌و بە دنیای دەرەوە وا نیشان بدا کە لە پشتیوانیی زۆربەی خەڵك بەهرەمەندە**



**ئێمە کێشەکەمان کێشەیەکی سیاسی‌یە، کێشەی دابینبوونی دێموکراسی‌و مافە، مەسەلەی دانانی مۆرەی کورد لە فلان پۆستو فلانە جێ نیە**

**مەسەلەی کورد ئەوەیە کە مافو ئازادی‌یەکانی لە یاسادا جێ بگرن‌و لە عەمەڵدا پیادە بکرێن. جا ئەودەم ئەو مافانە کە دابین بوون، خودبەخود مۆرەی تایبەتیش بۆ بەرێوەبردنی بەدوادا دێ. ئەودەم گرفتێك لەسەر دانانی مۆرە نابێ**

## بڕووخێ رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

درێژەی

## راپۆرتی سمیناری "رەوشی ئێستاو داهاتووی خەباتی گەلی کورد" لە ئوسترالیا

بەرێز سمکۆ هەڵمەت نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان وتارێکی پێشکەش کردو وەزعی ئێستای گەلی کوردی لە عێراق هێنایە بەرباس.

بەرێز مەسعوود پیران لە لایەن کومیتەی حیزبی دێموکراتەوە وتارێکی پێشکەش کرد کە لەودا سیاسەتی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامیو کوشتاری گەلی کوردو تیرۆری دوو رێبەری مەزنی حیزب، شەهیدان د.قاسملوو د.شەرەفکەندی وەك دوو نموونە لەتیرۆریزمی دەوڵەتی ئاماژەی پێکراو داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرا کە فشاری زیاتر بخەنە سەر رێژیمی ئیسلامیو مەحکوومی بکەن.

بەرێز عەباس بۆسکانی وتارێکی لەسەر پێشێلکردنی مافەکانی گەلی کورد بە گشتی بۆ ئامادە بوان خوێندەوە کە لایەنی سەرکوتی رێژیمەکانی تورکیەو سووریەی دژی کورد لە خۆدا کۆ کردبووە.

دوکتور حوسێنی تاهیری باسێکی لەسەر کوردەکانی نیشتەجێ لە ئوسترالیای خوێندەوە کە ئاماژە بەو گیروگرفتانە کرا کە لەسەر رێگای پەنابەرانی کورد لەم ولاتە دایە.

بەشێکی دیکەی کاری کۆنفرانس بلاو کردنەوەی بڕیارنامەیەك بوو کە لە لایەن بەشدارانەوە پەسند کراو کومیتەیەکی بۆ دیاری کرا کە وەشوێن جێبەجێکردنەکەی بکەوێ. لەم بڕیارنامەیەدا باسی داوای لێبوردنی حکوومەتی تازەی عێراق لە گەلی کورد کراو یەکگرتنەوەی دوو حکوومەتەکەی هەرێمی کوردستان بە هەنگاوێکی جیددی دانراو سیاسەتی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی دژی کورد مەحکووم کراو داوا لە حکوومەتی ئوسترالیا کرا بە گوێرەی ئیمکان بۆ رزگاریی گیانی هەزاران پەنابەری سیاسیی کوردی ئێران کە لە تورکیە دەژین هەوڵ بدا.

ئەم کۆنفرانسە پاش ٨ ساعەتونیو، ئێوارەی ئەم رۆژە سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

پێویستە بگوترێ بەڕێوەچوونی ئەم کۆنفرانسە لەسەر پێشنیاری کومیتەی حیزب لە بریزبنو بە هاوکاریی کۆمەڵەی کوردو کومیتەی حیزب بەڕێوە چوو کە نزیکەی ٩مانگ کاری ئامادە کردنەکەی درێژەی کێشا.

# پەیامی هاوڕێی تێکۆشەر کاک مستەفا هیجری بۆ کۆنفرانسی "رەوشی ئێستاو داهاتووی خەباتی گەلی کورد" لە شاری "بریزبن"ی ئوسترالیا

**بەشدارانی بەڕێزی کۆنفرانس!**

**خوشكو برایانی بەڕێز!**

خوشحالم کە لە ولاتی ئوسترالیا بە هەوڵو هیممەتی ژمارەیەك لە کوردپەروەرانو دۆستانی نەتەوەی کورد کونفرانسێکی لەو بابەتە بۆ باس لەسەر مەسەلەی کورد بەگشتیو ئەو مافو ئازادییانەی کە لە رۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە زەوت کراونو پێشێل دەکرێن، پێك هاتوە. بەم بۆنەوە بەستنی کونفرانسەکەتان پیرۆزبایی پێدەڵێمو پڕباریو بەبەرهەمیی کونفرانسەکە بە ئاوات دەخوازمو بە چاوی رێزەوە سەیری هەوڵی پێکهێنەرانی دەکەم.

ئەو کونفرانسە لە هەلومەرجێکی تایبەتیو لە شەرایەتێکدا پێك هاتوە کە مەسەلەی دێموکراسیو رێزدانان بۆ مافەکانی مرۆڤ لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر بایەخی پێدەدرێو ئاکارو رەفتاری دەسەڵاتدارانو حکوومەتەکانی پێهەڵدەسەنگێندرێو دابینبوونی مافی نەتەوایەتیی گەلانو بەرچاوترینیان مەسەلەی کورد زۆر زیاتر لە رابردوو، سەرنجی بیروڕای گشتیو تەنانەت ولاتانی شوێندانەر لەسەر رەوتی رووداوەکانی جیهانی بۆ لای خۆی راکێشاوە.

بە خۆشییەوە ئێستا گەلی کورد لە پارچەیەك لە کوردستان بە بەشێك لە مافو ئازادییەکانی خۆی گەیشتووە مەینەتییەکانی رابردووی لێدوورکەوتۆتەوەو رۆڵەکانی گەلی کورد لەو پارچەیە لە کوردستان خەباتی خۆیان بەرەو سندووقەکانی دەنگدانو هەوڵی چەسپاندنی مافەکانیان لە یاسای عێراقدا گوازتۆتەوەو هیوای ئەوەی لێدەکرێ کە شکڵی حکوومەتی داهاتووی عێراق فیدراڵو حکوومەتی هەرێمی کوردستان ببێتە نموونەیەك بۆ هەموو ئەو ولاتانەی کە کوردو کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە.

جیا لەوە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستیش ئاوسی ئاڵوگۆڕەو رەوتی دێموکراسی لە بەرەوپێشچوون دایەو دیکتاتۆریو دەسەڵاتدارەتیی سەرەڕۆیانە جێیان پێلێژ دەبێ. لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش سەرەڕای بوونی دیکتاتۆریو ماف پێشێلکاری، زیندانو ئەشکەنجە بەرانبەر بە رۆڵەکانی گەلی کورد، خەبات بۆ ئازادی، دێموکراسیو دابینبوونی مافی نەتەوایەتی، نەتەنیا بەردەوامە بەڵکوو لە پەرەگرتن دایەو هەستی نەتەوایەتی لە دڵو بیری رۆڵەکانی گەلی کورددا رۆژبەڕۆژ بەرەوژوور دەچێ.

لە هەلومەرجێکی لەباری دەرەوەییو ناوخۆیی ئەوتۆدا هەست کردن بە بەرپرسایەتی، یەکگرتوویی و یەکدەنگیی رۆڵەکانی گەلی کوردو هێزو لایەنە سیاسییەکان وەکوو پێویستییەکی هەنووکەیی خۆی دەنوێنێو ئەرکی تایبەتی دەخاتە سەرشانی هەموو لایەك.

بێگومان لەو کۆنفرانسەدا وەزعی کورد لە کوردستانی ئێرانو بێبەشی ئەو گەلە لە مافو ئازادییەکانیو رەفتاری سەرەڕۆیانەو ماف پێشێلکەرانەی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە هەموو گەلانی ئێران بەگشتیو گەلی کورد بەتایبەتی دێتە بەرباس، حەز دەکەم لەو دەرفەتەدا ئاماژە بە چەند خاڵ بکەم:

یەکەم: بەردەوامیی کۆماری ئیسلامی لە دژایەتی لەگەڵ گەلانی ئێرانو سەرکوتی بێبەزەییانەی گەلانی پێکهێنەری ئێران کە دوانموونەی لە کوشتاری رۆڵەکانی گەلی عەرەب لە ناوچەی خوزستاندا خۆی نواند شتێکی حاشاهەڵنەگرە.

دووهەم: بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتیی لە نێو گەلانی ئێرانداو هەست بە پێویستیی هاوکاریو یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانی ئەو گەلانە کە لەم دوایانەدا لە چوارچێوەی پێکهاتنی "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ"دا خۆی دەرخستو یەکگرتووییەکی بێوێنەی لە نێو رێکخراوە سیاسییەکانی ئەو گەلانەدا بەدی هێنا.

سێهەم: وەزعی شپرزەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانو ئەوگیروگرفتانەی کە لە نێوخۆی ولاتدا لە لایەن ئازادیخوازانەوە بۆی پێك هاتووەو ئەو فشارانەی کە لە دەرەوەدا بۆ بەرگریکردن لە سەرەڕۆیی رێژیمو پشتیوانی کردن لە تیرۆریزمو دەخالەت لە کاروباری ولاتانی دوورو نیزیکداو بەهێندنەگرتنی مافی مرۆڤ کەوتوونە سەرشانی کۆماری ئیسلامی. هەمووی ئەو وەزعە نیشان دەدەن کە زەمینەی بەربلاوتربوونی تێکۆشان لە دژی رێژیم لە رابردوو باشترو هیوا بە سەرکەوتن لە هەر کاتێکی دیکە پترە.

ئاشکرایە هەوڵی ئازادیخوازانو کوردپەروەران لە هەندەران بۆ پشتگیریو پشتیوانی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان بایەخی تایبەتی خۆی هەیەو پێکهاتنی ئەو کونفرانسەش لەو چوارچێوەیەدا جێگای پێزانینە.

جارێکی دیکە سەرکەوتنو پڕبەرهەمی بۆ کونفرانسەکەو لەشساغیو بەختەوەری بۆ یەك یەکی ئێوە بەشداران بەئاوات دەخوازم.

**مستەفا هیجری**
**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٢٨ی ئاوریلی ٢٠٠٥ی زایینی**

درێژەی

## وتوویژ لەگەڵ کاک حەسەن شەرەفی

خۆیان ناچار دیوە کە دەبێ لە هەڵبژاردنەکاندا بەشدار بن، یانی لە واقیعدا ئاگاییە سیاسییەکەیان چۆتە ژێر کاریگەریی ناچارییە کە، ئێستا وەختی ئەوە هاتوە هەم لەبەر بیروڕای گشتیی دەرەوە، هەم لەبەر هەڵوێستو دژکردەوەی دەرەوە بەرامبەر بە رێژیمو هەم لەبەر ئەوەی کێشەی کورد لە ئاستێکی دیکەداو لە بەرینییەکی دیکەدا خەریکە خۆ دەردەخا. دەبێ ئەوجار ناچارییەکە بخەنە ژێر کاریگەریی ئاگاهییە سیاسییەکەی خۆیانو بە ئاگاهیو لێزانیی خۆیان وا بکەن کە پیلانی رێژیم بەگشتیو بەتایبەتی ریفۆرمخوازان لە کوردستاندا کە هەموو بۆ فریودانی بیروڕای گشتییە، پووچەڵ بکەنەوەو لەو قۆناغەدا پێویستە جۆرێك فیدارکاریش لە خۆیان نیشان بدەن تەنانەت ئەوەی لە خۆیان بگرن کە ئەگەر نەچوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان، رەنگ بێ لەگەڵ هێندێ گیروگرفتیش بەرەوڕوو بن کە بە نەزەری من پێك نایە. کاتێك شتەکە گشتیو هەمەلایەنە بوو، رێژیمیش ناتوانێ بەرخوردێکی وا قاتع لەگەڵ ٩٠٪ یا ٨٠٪ی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بکا لەبەرچاوی بیروڕای گشتیی جیهان. یانی بە میلیۆن کورد یا بڵێین ئێرانی سزا بدرێ، لێپرسینەوەی لێ بکرێ لەبەر ئەوە کە نەچۆتە سەر سندووقەکانی دەنگدان. ئەسڵەن هەڵبژاردنی ئازاد بەشێکی ئەوەیە کە خەڵك بتوانن بەشداری بکا یا نەکا، بۆیە من داواو چاوەڕوانیم لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئەوەیە کە پیلانی رێژیم بەگشتیو ئەو شانۆیەی کە ریفۆرمخوازەکان لە کوردستان وەڕێیان خستوە، بەتایبەتی بە حەرەکەتێکی تێکڕایی خۆیانو نەچوون بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان پووچەڵ بکەنەوە، تەنانەت باشترە رۆژی هەڵبژاردن لە ماڵ نەچنە دەر.

لە سیاسەتدا ناکرێ هەموو شتێك بە ١٠٠٪ی یا بە دڵنیایی تەواوەوە دابندرێ، بەڵام بە دڵنیایی تەواوەوە کە ئەو حەرەکەتەی ئەمجارەی ئەوان وێکڕای (توأم) خەڵکی ئێران لە بێتەفاوەتی نیشاندان بە هەڵبژاردن بە مانای بەشدار نەبوون لە لەسەر سندووقەکانی دەنگدان، هەم لە ئاستی جیهانیو هەم لەو رەوتە ئاڵوگۆڕیانەی ناوچە دەتوانێ شوێندانەر بێو ئەوەش خەباتێکە، شێوە خەباتێکە، جۆرە دەنگێکە کە ئەوان دەبێ راست لە رۆژی خۆیدا بیکەنو، دەنگێکە کە دەبێ لە کاتی خۆیدا هەڵیبڕن.

**پ: کاك حەسەن! ریفۆرمخوازەکانی کورد دەڵێن دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان دوو باڵی دەسەڵاتو تەنانەت ئەگەر کوردەکان بەشیشیان تێدا نەبێو هیچیان پێ نەبڕێ، باشتر لەوەیە کە دەسەڵات یەکدەست بێ. ئەوان دەڵێن کە دەبێ لە کەلێنو گەمەی ئەو دوو باڵەی رێژیم لە دەسەڵاتدا بەشێك لە مافەکانی کورد بخرێتە بەردەم. ئایا ئەوەیە رەهەندی هاتنە بەرباسی مافو داخوازییەکانی گەلی کورد؟**

و: واقیعییەت ئەوەیە کە کوردەکان لەلایەن دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی بە هەردوو باڵییەوە هەموو کات بە چاوی ئەمنییەتییەوە سەیر کراون، هەمیشە بە هاونیشتمانێکی پلە دوو،و بگرە خوارتر لەوەش چاویان لێ کراوە. کەوابوو کورد قەت نەیتوانیوە تەنانەت ئەو ئێرانییانەی کە لە چوارچێوەی یاساو سیاسەتی گشتیی رێژیمیشدا جۆرێك جیاوازیی بۆچوونیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەسڵی هەیە، نەیانتوانیوە لەو پێوەندییەدا گەمەیەکی وا بکەن کە بەرهەمێکی باشی لێ بکەوێتەوە، کورد دەتوانێ لەو گەمەیەدا چ قازانجێك، چ شتێك وەدەست بێنێ؟ بۆیە بۆ کورد باندۆرێکی ئەوتۆی نیە کە ئەم باڵە لە رێژیم یا ئەم باڵە، ئەم سەرکۆمارە لەو باڵە یا لەم باڵە لە رێژیم لەسەر کار بێ.

**پ: لە دوا هەوڵدا ریفۆرمخوازانی کورد ویستو داخوازییەکانی گەلی کوردیان لە ١٥ خاڵدا گەڵاڵە کردوەو باشتر وایە بڵێم کە کورتیان کردۆتەوە. جیا لەوەی هیچ زەمانەتێك بۆ دەستەبەربوونی ئەم لانیکەمە لە مافە فەرهەنگیو سیاسییەکانی گەلی کورد لە رێژیمدا نابیندرێ، بەڵام ئایا جێبەجێبوونی ١٠٠ لە ١٠٠ی ئەم خاڵانەش دەتوانێ نوێنگەی وەدیهاتنی مافەکانی گەلی کوردو یەکلابوونەوەی چارەسەریی کێشەی کورد لەم ولاتە بێ؟**

و: ئەو هەوڵەی کە ریفۆرمخوازان دەیدەن، کە گوایە داخوازییەکانی گەلی کوردیان لە ١٥ خاڵی ئەوتۆدا کە هەمومان دەیزانین کە چن، بە نەزەری من هەوڵێکە کە ریفۆرمخوازانی کورد بە بیروڕای گشتیی جیهان بڵێن کە داخوازیی ئەساسیو ئەسڵیی کورد ئەوەندەن. یانی لە واقیعدا بەرتەسککردنەوە، چووککردنەوەی داخوازە ئەساسییەکانو سیاسییەکانی کوردە کە لە ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵیدا خۆی دەنوێنێو گەلانی دیکەی ئێرانیش داخوازییەکی وەهایان هەیە، ئەوان دەیانەوێ ئەو داخوازە ئەسڵیو ئەساسییەی کە ساڵهایە کورد خەباتی بۆ دەکاو خوێنی بۆ دەدا، بەرتەسك بکەنەوەو لە هێندێك خاڵدا کە رەنگە لە چوارچێوەی ئەو قانوونەی کۆماری ئیسلامیدا کە خۆی پێشێلکەری مافی کوردو هەموو ئازادیخوازانی ئێرانیشە، جێی بێتەوە. بە قەولی جەنابت تازە وای دابنێین هەموو ئەو خاڵانە هاتنە دی، خۆ کێشەی کورد ئەوە نیە فەرمانداری فلان شار کورد بێ یا وەزیرێکی کورد لەم کابینەدا هەبێ. با وەزیری کورد لە کابینەدا نەبێ، بەڵام مافی کورد لە یاسای ئێراندا هەبێ. ئێمە کێشەکەمان کێشەیەکی سیاسییە، کێشەی دابینبوونی دێموکراسیو مافە، مەسەلەی دانانی مۆرەی کورد لە فلان پۆستو فلانە جێ نیە. تەنانەت من وا بیردەکەمەوە کە رەنگ بێ مۆرەیەکی کورد لە جێیەك کە نەبێ ئازادیخوازێکی غەیرە کوردی لێ بێ کە زیاتر باوەڕی بە دێموکراسیو مافی خەڵك هەبێ، رەنگ بێ باشتر بێ لە مۆرەیەکی کورد کە باوەڕی بەو مافانە نەبێ. بۆیە ویستەکانی کورد ویستی دانانی مۆرە نیە. ئەو جۆرە شتانە ویستی کەسانێکن کە حەز لە بەشداریی لە پێکهاتەی دەسەڵات بە هەمموو ئەو دواکەوتوویی و (واپسگرایی)و دیکتاتۆرییەوە دەکەن کە دەیانەوێ تێیدا بەشدار بن، بەشیان نیەو دەیانەوێ بە ناوی کورد بەشێك بۆخۆیان بپچڕنو کورد بکەنە ئامرازێك بۆ پچڕینی بەشێك بۆ خۆیان.

مەسەلەی کورد ئەوەیە کە مافو ئازادییەکانی لە یاسادا جێ بگرنو لە عەمەڵدا پیادە بکرێن. جا ئەودەم ئەو مافانە کە دابین بوون، خودبەخود مۆرەی تایبەتیش بۆ بەڕێوەبردنی بەدوادا دێ. ئەودەم گرفتێك لەسەر دانانی مۆرە نابێ، چونکە ئەو ١٥ خاڵەو زۆر زیاتر لەوانەش دێتە دیو لە دەردی کورد کەم دەکاتەوەو دڵی بەوە خۆش دەکا کە مافە ئەساسییەکانی هەیەو لە ژێر چەتری قەبووڵبوونی ئەو مافانەدا گرفتەکانی ژیانیشیان چ کۆمەڵایەتیو چ ئابووری لە بەین دەچن. بە بڕوای من گەڵاڵەکردنی ئەو ١٥ خاڵەو وەك ئەوەی جەنابت باست کرد، حەتتا ئەگەر هەموویشی جێبەجێ بکرێ، ویستی ئەساسیو سیاسیی خەڵکی کورد نین. ویستە ئەساسیو سیاسییەکانی گەلی کورد زۆر لەوە گەورەترو زیاترنو ئەمن ئەو کارەی ئەم ئیسلاحتەڵەبانە بە هەوڵدانێك دەزانم بۆ چووککردنەوەو بەرتەسککردنەوەی ویستە ئەساسیو سیاسییەکانی گەلی کورد.

**پ: بەڕێزتان سەبارەت بەو حاتەمبەخشییەی قەرارە کاندیداتۆرەکان لە پێوەندی لەگەڵ بەشدارکردنی کوردەکان لە دەسەڵاتدا بیکەن، نەزەرتان چیە؟ یان بە رووبەکی دیکەدا گرووپی ریفۆرمخوازی کورد دەتوانێ بەو وادەو بەڵێنانە کەشی هەڵبژاردن بە قازانجی خۆیان بگۆڕنو خەڵکی بکێشنە پێی سندووقەکانی دەنگدان؟**

و: من پێم وا نیە. لەبەرئەوەی گەلی کورد وەك عەرزم کردی خاوەنی خەباتێکی دوورودرێژە. خەڵکی کوردستان زۆر سیاسیتر لەوە بار هاتون کە رێژیم بیری لێ دەکاتەوە. ئەوان بە وردی ئەوزاعی جیهانی، ناوچەییو ئێرانو کوردستانی ئێران لێك دەدەنەوە. زۆر بە هەستەوە سەیری کێشەکان دەکەن. قازانجو زەرەری شتەکان لێك دەدەنەوە، تەنانەت ئەو شتانەی کە بەرواڵەت هەڵخەڵەتێنەرن دەزانن کە فریون، وەك ئەو ١٥ خاڵە. بۆیە پێم وایە وا بە ئاسانی فریوی ریفۆرمخوازانو بەگشتی رێژیم بە هەردوو باڵییەوە ناخۆن. واقیعییەتەکانیان لەبەرچاوە. هەروەك عەرزم کردی دەرکی ئەوەش دەکەن کە لەو هەلومەرجە تایبەتییەدا دەبێ پتر بە ئاگایی سیاسی خۆیان عەمەل بکەن.

**پ: لە دوایین لێدوانی ئوستانداری کوردستاندا، رازانی لە وەڵامی پرسیاری هەواڵنێرێکدا رۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی لەمەڕ کەشی هەڵبژاردن زۆر بێبایەخو پاسیڤ ناوبرد. ئەوە جیا لەوەی کە هەر ئەو بەڕێزە لە لێدوانەکانی پێشوویدا هەر نکۆڵیی لە کاریگەریی بوونی حیزبە کوردییەکان لە رەوتی رووداوەکانی کوردستان دەکرد. رای جەنابتان سەبارەت بە رۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لەو پێوەندییەدا چیە؟**

و: من گومانم نیە کە بزووتنەوەی کورد لەهەر رادەیەکی بەرینیو بەرچاوی خۆیدا بێ، لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە بە جۆرێك لێی دەدوێن هەر وابزانە لەگەڵ شتێکی کەم بایەخ بەرەوڕوون. بەڵام ئەو قسانە بۆ مەسرەفی نێوخۆیی دەکەن. ئەگەر لە پیلانەکانیان بڕوانی کە بەرامبەر بە بزووتنەوەی کوردو بەتایبەتی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتو حیزبی دێموکراتی دەکەن، ئەودەم بۆمان دەردەکەوێ کە حیزبی دێموکراتو بزووتنەوەی کورد تەنانەت لەبەرچاوی رێژیمو کاربەدەستەکانیشی چەندە گەورەن. ئەو جۆرە قسانە یا بۆ دڵخۆشکردنی هێندێك کەسی ساویلکەو بەکرێگیراوی رێژیمن یا بۆ چەواشەکردنی واقیعییەتەکانەو بۆ ئەوەیە کە وا نیشان بدەن کە ئەو مەسەلانە زۆر بە هێند ناگرن، بەڵام من پێم خۆشە بڵێم ئەگەر بەهێندی ناگرن، ئەو ترسە لە کورد، ئەو ترسە لە بزووتنەوەی کورد، ئەو نیگەرانییە لە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە لەبەر چییە؟ زۆر حکوومەتی دیکەش هەبوون، یەك لەوان لە عێراق ئاوا لەسەر بزووتنەوەی کورد لە عێراق دەدوان، بەڵام ئاکامی بزووتنەوەکە، ئاکامی خەباتو قوربانیدانی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق ئاوا جێگای بە دیکتاتۆران لێژ کرد. ئەوەی رۆژێك دەگوترا بەهێند ناگیرێ، ئێستا هەموو شتێکەو ئەوەی دەسەڵاتی خۆی لە دەسەڵاتی ناوچەش پێ زیاترو گەورەترو بەتواناتر بوو، ئێستا زەلیلو زەبوونە لە دەست عەداڵەتدا. ئەو قسانە بانگەشەی تەبلیغاتین، دەنا رێژیم دەزانێ بزووتنەوەی کورد چ پاڵپشتێکی گەورەیە بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی سەرانسەری ئێران، بەتایبەتی ئەو یەکگرتنەی لە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵدا خۆی نواند، بێگومان رێژیم زۆر زیاتر لە جارانیش خستۆتە دڵەخورپەو نیگەرانییەوە.

**پ: دوا وتەو سەرنجتان لە کۆتایی ئەم دیمانەیەدا؟**

و: من هەر بە سەرنجدان بەو چەند پرسەی هاتنە بەرباس، چاوەڕوانیم ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان مەسەلەکە بە جیددی بگرنو بە جیددیتر لە جارانی بگرن. لە ئامادەبوون لەسەر سندووقەکانی دەنگدان خۆ ببوێرن. تەنانەت ئەو رۆژ لە شەقامەکانی شاریشدا هاتوچۆ نەکەنو سەر لە شوێنی سندووقەکان نەدەن. چونکە کۆماری ئیسلامی نێو سندووقەکانی کە چەند دەنگی تێدایە، بە کەس نیشان نادا، بەڵام حزووری ئەفراد لە سەر سندووقەکانی لە رێگای کامێرا، تەلەفیزیۆنو دەزگاکانی راگەیاندنی خۆیەوە دەخاتە بەرچاوی بیروڕای گشتیو تەنانەت فێڵو تەڵەکەو تەسویری نادروستیشی لێ دروست دەکا. بۆیە من هیوادارم بە هەوڵی هەموو لایەك، بە ئیحساسی مەسئولییەتی هەموو لایەك پیلانی رێژیم لە سەرانسەری ئێران بەگشتیو لە کوردستان بەتایبەتی پووچەڵ بکرێتەوە.

■

# هەواڵەکانی کـــوردستان

## خۆپیشاندانی خەڵکی شنۆ بە هۆی کوژرانی لاوێکی کاسبکار لە لایەن هێزی دژگەلیی ئینتیزامی‌یەوە

شەوی ١٣٨٤/٢/٢٥، لاوێکی تەمەن ٢٠ ساڵ، خەڵکی گوندی "تاتیناوێ"، بە ناوی حسێن بەهرامی، کوڕی "دەروێش محەممەد" لە کاتی گەڕانەوە لە کاروانچێتی لە نزیك گوندی "ئاسناوێ"، دەکەوێتە بەر دەستڕێژی بێ‌بەزەییانەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ئینتیزامیو لەجێدا گیانی لەدەست دەدا.

هێزی ئینتیزامی کە تەرمەکەی بردبۆوە نێو شار لە بەرامبەر داخوازی بنەماڵەی ناوبراودا بۆ وەرگرتنەوەی تەرمەکەی خۆدەبوێرن‌و لە ئاکامدا پاش وەرگرتنی سەدهەزار تمەن تەرمەکە تەحویل دەدەنەوە.

ڕۆژی ١٣٨٤/٢/٢٦، خەڵکی شنۆو گوندەکانی دەوروبەری لە کاتی بەڕێ‌کردنی تەرمەکە بۆ قەبرستانی "سوڵتان مستەفا" بە گوتنەوەی دروشمی "مەرگ بۆ خامەنەیی"، "شەهیدان ڕێگاتان درێژەی هەیە"،"مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی"و "قاسملوو قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە" ناڕەزایەتیی خۆیان لە بەرامبەر ئەم کردەوە نامرۆڤایەنەدا دەربڕی.

خەڵکی تووڕەو وەزاڵەهاتووی شنۆ هاوکات لەگەڵ دروشمدان پەلاماریان بردە سەر دامودەزگا دەوڵەتی‌یەکانی وەك فەرمانداری، بنکەی هێزی ئینتیزامی، بنکەی بەندیخانە، بنکەی هێزی بەکرێگیراوی بەسیجو بانکەکان‌و خەساراتی بەرچاویان پێ‌گەیاندن.

هێزە دژگەلی‌یەکانی ڕێژیم کە لە بەرامبەر هێزی یەکگرتووی خەڵكدا دامابوون جیا لە تەقە هەوایی کارێکی ئەوتۆیان پێ‌نەکرا. بەڵام لەدوای ناشتنی تەرمەکە کە خۆپیشاندانی خەڵك هەروا درێژەی هەبوو، لە ئاکامدا پەلاماری خەڵکیان داو بە دەیان کەسیان لـێ‌گرتن‌و خۆپیشاندەران پاش ٣ کاتژمێر بڵاوەیان کرد. بە گوێرەی دوا هەواڵ تا ئێستا نزیکەی ١٠٠ کەس لە خەڵکی ئەو شارە گیراون.

## دەستبەسەرکردن‌و گوشارهێنان بۆ لاوانی چالاکی مەریوان لە لایەن ڕێژیمەوە

ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیم ماوەیەکە کە لە شاری مەریواندا کەوتۆتە ئازارو ئەزیەت‌و دەستبەسەرکردنی ئەو لاوانەی کە لە بەرامبەر کردەوە دژگەلی‌یەکانی ڕێژیمدا هەڵسووڕو چالاکن. هەر لەم پێوەندی‌یەدا کەسێك بە ناوی سەلاح هەقبین، ناسراو بە سەلاح گاگلی بانگ کراوەتە ئیلاعات‌و ماوەی حەوتوویەکە بێ‌هۆ دەستبەسەر کراوەو کەسانی دیکەش بانگ دەکرێن‌و دەکەونە ژێر لێپرسینەوەو لێکۆڵینەوەو ئەم کردەوانەش تا دێ درێژەی هەیە.

## ژنێك لە بانە لە لایەن هێزی ئینتیزامی‌یەوە بریندار کرا

لە ئێوارەی ڕۆژی ١٣٨٤/٢/٢٧دا بە هۆی هەوڵـی هێزی ئینتیزامی بۆ دەستبەسەرداگرتنی باری سێ ماشینی کاسبکاران‌و کاردانەوەی خەڵك بۆ بەهاناچوونی کاسبکارانەوە تێکهەڵچوون لە نێوان هێزی دژگەلیی ئینتیزامیو خەڵكدا پێك دێ‌و لە ئاکامدا بە هۆی زەربەی باتۆمی ئەم هێزە سەرکوتکەرەوە ژنێك بریندار دەبێ‌و بەرێی نەخۆشخانە دەکرێ.

## هاووڵاتی‌یەك لە ناوچەی پیرانشار بە هۆی کەوتن بەسەر مینی‌چێندراو لە لایەن ڕێژیمەوە بە توندی بریندار بوو

ڕۆژی ٨٤/٢/٢٤، کەسێك بە ناوی "خدر"، ناسراو بە "خدر زووغاڵ فرۆش"، کوڕی حسێن، خەڵکی گوندی "قیس قەپان"ی پیرانشار کە بۆ هێنانەوەی گژوگیا چووبووە شاخ لە شوێنێكدا بە ناوی "دۆڵ ئالانە" نزیك سنووری "حاجی ئۆمەران" کەوتە سەر مینی‌چێندراو لە لایەن ڕێژیمەوەو لە ئاکامدا لاقی پەڕی.

## ڕێژیم لە ڕێگەی سازکردنی بەنداوێکەوە زیانێکی زۆر بە خەڵکی ناوچەی "براندێز"ی ورمێ دەگەیەنێ

بەپێی پلانێکی چەند ساڵ لەمەوپێش داڕێژراو ڕێژیم دەیەوێ پرۆژەی سازکردنی بەنداوێك ـ ئەم پرۆژەیە لە لایەن "مەلاحەسەنی"یەوە پشتگیری لـێ‌دەکرێ ـ لە ناوچەی "براندێز"ی ورمێ‌دا بەڕێوەببات.

لە ئەگەری جێبەجێ‌کردنی ئەم پرۆژەیەدا بە دەیان هێکتار لە زەوی‌وزاری خەڵکی گوندەکانی گەلی "براندێز" دەچێتە ژێرئاو.

سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە بەرهەمی سازکردنی ئەم بەنداوە بۆ ناوچەی "ئازەری‌نیشینەکان" دەبێ‌و ئەوان لە قازانجەکانی کەڵك وەردەگرن‌و هەروەها ئەو زیانەی کە بەم هۆیەوە تووشی گوندە کوردنشینەکان دەبێ قەرەبوو ناکرێتەوە.

خەڵکی ناوچەی "براندێز" ئەم کردەوە دژگەلی‌یەی ڕێژیم بە پیلانێك لە دژی خۆیان دەزانن‌و بە هەوڵێك بۆ دانانی جیاوازیو دووبەرەکی لە نێوان کوردو ئازەریدا لەقەڵەمی دەدەن‌و بەوپەڕی ناڕەزایەتی‌یەوە دژی ئەم پیلانە ڕاوەستاون.

## بەشداری‌نەکردنی خەڵکی وشیاری مەهاباد لە کۆبوونەوەی تەبلیغاتیی "عەلی لاریجانی" بەربژاری سەرکۆماری داهاتوو

ڕۆژی پێنجشەممە ١٣٨٤/٢/١٥، عەلی لاریجانی، بەربژاری سەر بە قۆڵـی پاوانخواز بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری داهاتوو، بۆ کاری تەبلیغی لە مزگەوتی "سوور"ی مەهابادا کۆبوونەوەیەك پێك دێنێ. بەڵام جیا لە کۆمەڵێك پاسدارو بەسیجیو کارمەندی بێ‌دەسەڵات کەس لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداری ناکاو هەروەها وتەکانی ناوبراو پێشوازی‌یەکی ئەوتۆی لـێ‌ناکرێ.

ئەم بێ‌بایەخ نیشاندان‌و پێشوازی‌نەکردنەی خەڵکی مەهاباد لە کۆبوونەوەی عەلی لاریجانی، پیشاندەری ناڕەزایەتی لە تەواوەتی ڕێژیم‌و شانۆی هەڵبژاردنەکانیەتی‌و خەڵك بەو ئاکامە گەیشتوون کە داخوازی‌یەکانیان لە چوارچێوەی ڕێژیمی ئاخوندی‌داو لە ڕێگەی هەڵبژاردنە نادێموکراتیك‌و فریودەرەکانیەوە دەستەبەر نابێ.

## کۆچی‌دوایی ئەندامێکی دڵسۆزو دێرینی حیزب لە گوندی "سەرهوویە"ی ناوچەی ژاوەرۆی مەریوان

ماوەیەك لەمەوپێش، ئەندامێکی چالاك‌و دڵسۆزو لەمێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی کاك سەعید گشتی، خەڵکی گوندی "سەرهویە"ی ناوچەی مەریوان، کۆچی‌دوایی کرد.

میرزا سەعید گشتی، وەکوو ئەندامێکی چالاك‌و دڵسۆز، بە لێهاتوویی‌و تێکۆشانی بێ‌وچانەوە ئەرکی حیزبی‌و نەتەوەیی خۆی لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و گەلی کورددا بەڕێوەدەبرد.

میرزا سەعید گشتی لە درێژەی خەبات‌و تێکۆشانیدا لە لایەن ڕێژیمی ئاخوندی‌یەوە دەناسرێ‌و لە ئاکامدا بۆ ماوەی ٥ ساڵ زیندانی بەسەردا دەسەپێندرێ.

ڕۆحی شادو ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکانی پڕڕێبوار بێ

## بێزاری دەربڕینی خەڵکی جوانرۆ، ڕەوانسەرو سەلاسی باوەجانی لە "ئیسلاح تەڵەبانی کورد"

ڕۆژی ١٣٨٤/٢/١٩، چەند کەس لە ئیسلاح تەڵەبانی کورد لە شارەکانی جوانڕۆو ڕەوانسەرو سەلاسی باوەجانی لە نێو خەڵكدا خەریکی پڕوپاگەندەن بۆ د.مستەفا موعین لە هەڵبژاردنی دەوری نۆهەمی سەرۆك کۆماری ئیسلامیی ئێراندا. لە قسەکانیاندا باسی ئەوەیان دەکرد کە د.موعین گەڵاڵەی ١٥ ماددەیی ئیسلاح تەڵەبانی کوردی قەبوڵ کردوە.

خەڵکی وریاو نیشتمانپەروەری ئەو مەڵبەندەش سەرەڕای ئەوە حەرەکەتی ئەوانی بە جۆرێك خۆشخزمەتی بە ڕێژیم زانیوەو لە بەرامبەر ئەم داخوازەی ئەواندا بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنیان بە شتێکی نادروست زانیوە، بەو بەکرێگیراوانەیان وتووە ئەوە جۆرە هاوکاری‌یە لەگەڵ ڕێژیم‌و ئاکامەکەی بێجگە لە خیانەت بە کوردو جووڵانەوەی شۆڕشگێڕی‌یەکەی بەرهەمێکی دیکەی نابێ. بەتایبەت لاوان‌و خوێندکارانی ئەو ناوچەیە بە ڕاشکاوی وتوویانە بەشداری لە هەڵبژاردندا ناکەین.

## کارو چالاکیی تەبلیغاتیی ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە ناوچەی ورمێ

ڕێکەوتی ١٣٨٤/٢/١٧، لە لایەن ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە لە ناوچەی ورمێ‌دا کۆمەڵێك چالاکیی تەبلیغاتی لە جۆری بڵاوکردنەوەی تراکت‌و دروشمی حیزبی‌و نەتەوەیی‌و CDی حیزبی، لەم شوێنانەی خوارەوەدا بەڕێوەچوو:

گوندەکان: دزە، خوڕاسب، باوا، فلکان، ژاراوا، چری ئاوا، گیسیان، لورزنە، نوی، کەچەك، سێ‌ڕێی هولستانە، ئەلێی، ژەرەژێ‌و دەوروبەری تیپی زێوە

شایانی باسە کە ئەم چالاکی‌یە خەباتگێڕانەیە لەگەڵ پێشوازیو خوشحاڵیی خەڵکی ناوچە بەرەوڕوو بوە.

## هێزەکانی ڕێژیم لە شاری بانەدا دەستیان کردوە بە گرتنی لاوانی ئازادیخوازی ئەو شارە

بەدوای ڕێپێوانەکەی ڕۆژی ١٣٨٤/١/٩ی خەڵکی شاری بانەو شکانی دەرگاو پەنجەرەی زۆربەی دامودەزگا جۆراوجۆرەکانی ڕێژیم لەم شارەدا سەرەڕای ئەوەی کە ڕێژیم ڕۆژێ پاش ڕێپێوانەکە نزیك بە ٢٠٠ کەس لە لاوەکانی شاری بانەی ڕاپێچی زیندانەکان کرد، لەو کاتەوە هەرچەندشەوجارێك گەرەکێك گەمارۆ دەدەن‌و لە نیوەشەودا دەڕژێنە نێو ماڵـی خەڵك‌و لاوەکان دەگرن‌و ڕاپێچی زیندانەکانیان دەکەن.

لە درێژەی ئەو کردەوە دژگەلی‌یانەی ڕێژیم لەم شارەدا شەوی ١٣٨٤/٢/١٨، هەڵیان کوتایە سەر ماڵان‌و چەندین کەسیان گرتوە کە ناوی سێ کەسیان برتی‌یە لە: ١ـ هیوا زاهیری، کوڕی جەلال، ٢ـ عەبدوڵڵا ڕەزایی، ٣ـ سەلاح دەروێشی

## کاردانەوەی خوێندکارانی زانکۆی "پەیام نوور"ی سەقز لە بەرامبەر وتەکانی ئاخوندێکی بەکرێگیراوی ڕێژیمدا

ڕۆژی چوارشەممە، ١٣٨٤/٢/١٦، یەکێك لە ئاخوندەکانی سەر بە سوپای پاسدارانی ڕێژیم بە مەبەستی تەبلیغ بۆ بەشداری خوێندکارەکان لە هەڵبژاردندا کۆبوونەوەیەکی لە زانکۆی "پەیام نوور"ی سەقزدا بەڕێوەبرد.

فەتحی کە وەکوو کەسایەتی‌یەکی زاناو شارەزا لە بواری سیاسەتدا ڕۆیشتبوە زانکۆی "پەیام نوور"، هەر لە سەرەتای وتەکانی‌دا باسی لەسەر جووڵانەوەی کورد دەست پێ‌کردو ڕێبەرانی بزاڤی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد، شەهیدانی نەمر د. قاسملوو و د. شەرەفکەندیی وەکوو دوو مرۆڤی بێ‌بەرنامە کە ئامانجیان تەنیا ڕابواردن‌و وەدەستهێنانی سەروەت‌و سامان بوە ناساند. هەروەها ناوبراو سووکایەتیی بە عەبدوڵڵا ئوجەلان‌و مام جەلال سەرکۆماری عێراق کردوەو بەڕێز مام جەلالی وەکوو کەسێکی کۆمونیست کە نابێ کوردی ئێران لە هەڵبژاردنی خوشحاڵ بن، ناساند.

هەروەها ناوبراو هەڵکردنی ئاڵای کوردستانی لە لایەن کوردەکانەوە بە جیایی‌خوازیو دووبەرەکی‌نانەوە لەقەڵەم دا.

خوێندکارەکان کە وتە بێ‌نیوەڕۆك‌و پڕ لە سووکایەتی‌کردنەکانی ناوبراویان پێ‌ناخۆش دەبێ، کاردانەوەی خۆیان بە چەند ڕەخنەو پرسیار نیشان دەدان.

## هێرشی بەکرێگیراوانی بەسیجی بۆ سەر خوێندکاران‌و بەرپرسانی زانکۆی ورمێ

تاقمێك خوێندکاری بەسیجی کە جلوبەرگی ڕەشیان لەبەردا بوو بە هۆی ئەوەی کە سادقی، سەرۆکی زانکۆی ورمێ، مۆڵەتی دابوو کە خوێندکارانی کوڕو کچ لە حەوشەی زانکۆدا پێکەوە پیاسە بکەن‌و قسە بکەن، هێرشیان بردە سەر خوێندکارەکان‌و دەفتەری کاری سادقی‌و بە کوتەك لێدان‌و گوتنەوەی دروشمی توندوتیژانە، سووکایەتی‌یان بە خوێندکاران‌و کارگێڕانی زانکۆ کرد.

سادقی بۆ کونترۆڵـی بارودۆخ‌و گەڕاندنەوەی کەشوهەوار بۆ سەر ڕەوشی ئاسایی خۆی داوای لە پۆلیسی ١١٠ کرد کە فریای زانکۆ بکەون، بەڵام پۆلیسی ١١٠ نەهاتن‌و خۆیان لـێ بێ‌دەنگ کرد.

## زیادکردنی ٨٠٠ تمەن لەسەر کرێی مانگانەی مامۆستایان بە مەبەستی هاندانیان بۆ بەشداری لە هەڵبژاردندا

عوسمان ڕەحیمی، بەرپرسی ئامووزش‌وپەروەرشی مەریوان بە مەبەستی دنەدان‌و تەشویقی مامۆستایان بۆ بەشداری لە شانۆسازی هەڵبژاردندا لەسەر فیشی کرێی مانگانەی هەموویان ٨٠٠ تمەنی زیاد کردوەو ئەم کردەوەشی بە ناوی بەسیجی ئیفتخاری لە قەڵەم داوە.

## هێزەکانی کەلانتەریی ١٨ لە ئاویەرو دەوروبەری گۆڕپانی "کوهنەوەرد"دا تەنگ‌وچەڵەمەو کێشە بۆ خەڵکی سنە ساز دەکەن

ماوەیەکە کە ژمارەیەك لە پێرسۆنێلی نوێی هێزی ئینتیزامی لە کەلانتەری ١٨دا سازمان دراون، بە شێوازی جۆراوجۆر خەریکی ئازارو ئەزییەت‌و کێشەنانەوە بۆ خەڵکی سنەن. ئەم هێزە بەدوور لە هەڵسووکەوتی شیاوی کۆمەڵایەتی بە بیانووی جۆراوجۆرەوە بۆ ئەو کەسانەی کە لە کەمەربەندیی ئاویەرەوە هاتوچۆ دەکەن تەنگ‌وچەڵەمە ساز دەکەن. هەروەها ئەو کوڕو کچە لاوانەی کە بۆ وەرزش لەم شوێنە کەڵك وەردەگرن لە لایەن ئەم هێزەوە سووکایەتی‌یان پێ‌دەکرێ‌و بە بیانووی جۆراوجۆر دەستبەسەرو بەرێی کەلانتەری دەکرێن تا لە ڕێگەی‌بانگکردنی دایك‌وباوکیان‌و وەرگرتنی بەڵێنی بێ‌دەلیل ئازاد دەکرێن.

ئەوان هەروەها بە بەستنی ڕێگای هاتوچۆی ماشینەکان‌و پشکنینی نایاسایی نێو ماشینەکان‌و شکاندنی نەوارو...و دەستبەسەرکردن‌و کوتەك‌و لێدانی لاوان‌و پەروەندە دروست کردن بۆیان، گرفت‌و کێشە بۆ خەڵك پێك دێنن، تەنانەت لە سووکایەتی بەو ژن‌و کچانەی کە لەوێوە هاتوچۆ دەکەن خۆنابوێرن. هەر لەم پێوەندی‌یەدا هێزی ئینتیزامی لە نێو شاردا هێندێ جموجۆڵـی نوێی دەست پێ‌کردوەو لە ڕێگەی دامەزرانی باجەو کیوسك لەسەر چوارڕێ‌و گۆڕەپانەکاندا کە هەر یەکیان دوو مەئمووری تێدایە لە هەوڵـی چاوەدێری‌کردنی زۆرتری بارودۆخ‌و ئازارو ئەزییەتی خەڵك دایە.

## چالاکیی تەبلیغی ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە شاری سنە

ئەندامان‌و لایەنگرانی خەباتگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی بەناوهەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری‌یەوە ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبیان سەبارەت بە تەحریمکردنی شانۆگەری هەڵبژاردن لەم شوێنانەی خوارەوەی سنەدا بڵاو کردەوە:

شەقامی فەرەح، شەقامی ٢٥، شەقامی شێخان‌و وەلیعەهد، شەقامی ئوستانداری، شەقامی شاپوورو گەرەك‌و کۆڵانەکانی فەرەح، قەڵاچوالان، پرت بەند، جۆرئاوا، کوێراوا‌و پارکی فەرەح‌و هۆڵـی ئازادی‌و گردی ئەولیابەگ‌و هۆڵـی تەختی.

## بێ‌سەرنجی خەڵکی بۆکان لە بەرامبەر وتەبێژی تەبلیغاتیی لاریجانی‌دا

ڕۆژی پێنج شەممە، ١٣٨٤/٢/١٥، عەلی لاریجانی، بەرپرسی پێشووی سازمانی دەنگ‌وڕەنگی ڕێـژیمی ئاخونـدی لـە پێنـاو تەبلیغات بۆ هەڵبـژاردنی سـەرکۆماری لـە مزگـەوتی جامیعـەی بۆکاندا کۆبوونەوەیەکی پێك هێنا کە تێی‌دا زۆرتـر پاسـدارەکان‌و بەسیجی‌یەکان‌و بەکرێگیراوانی ڕێژیم بەشدار بـوون. لاریجانی لـە وتەکانی‌دا گوتبووی کە کێشەو گرفتـی کوردەکـان بـژێوی ژیـان‌و مەسـەلەی ئابووریـیـەو خـەڵکی کـورد خـەڵکێکی سـادەن‌و کێشەیەکی تریان نیە.

چەند کەس لە لاوانی بەهەست‌و ئاگا کە دەیانویست بە پرسیارەکانیان لاریجانی تووشی سەرلـێ‌شێواوی بکەن، چەند پرسیاریان هێنایە ئاراوە کە لە لایەن ناوبراوەوە وەڵامیان نەدرایەوە.

شایانی باسە کە خەڵکی وشیاری بۆکان ڕقوقینی خۆیان لە وتەکانی لاریجانی دەربڕیو پێشوازییان لـێ‌نەکرد.

## کۆچی‌دوایی لایەنگرێکی تەشکیلاتی حیزب بە هۆی پێکدادانی ماشینەوە لە ناوچەی سنە

ڕۆژی ١٩ی بانەمەڕی ١٣٨٤، کاك نادر فەتحی، خەڵکی گوندی "کەرجۆ"ی سنە کە لەگەڵ خێزانی‌دا لە "بەندەر ئەنزەلی" کاریان دەکرد، بەداخەوە لە کاتی گەڕانەوەیاندا بەرەو ماڵ بە هۆی پێکدادانی ماشینەوە لەسەر جاددەی هەورامان، گیانیان لەدەست دا.

کاك نادر فەتحی لاوێکی بەهەست‌و نیشتمانپەروەر بوو کە لە ساڵـی ٨٣وە پێوەندیی بە تەشکیلاتی حیزبەوە گرتبوو هەروەها شێعری نیشتمانی‌و شۆڕشگێڕیشی دەگوتەوە.

بەم بۆنەیەوە پرسەو سەرەخۆشی لە بنەماڵەکەیان دەکەین.

ڕۆحی کاك نادرو خێزانی شاد بێ.

## کۆچی‌دوایی مامۆستایەکی ئایینی‌و نیشتمانپەروەر لە شاری بۆکان

چەند ڕۆژ لەمەوپێش "مامۆستا مەلاعەلی شاری کەندی"، خەڵکی گوندی "شاری کەندی"ی بۆکان بە هۆی نەخۆشی‌یەوە کۆچی‌دوایی کرد.

مامۆستا مەلاعەلی مرۆڤێکی نیشتمانپەروەرو لایەنگرو پشتیوانی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. هەر بەهۆی ئەم تایبەتمەندییانەوە لە لایەن ڕێژیمی دژگەلیی ئاخوندی‌یەوە خراوتە بەرگوشارو هەڕەشەی جۆراوجۆری لـێ کراوەو هەروەها بۆ ماوەی ساڵێك لە بەندیخانەی کۆنەپەرستی‌دا بەند دەکرێ.

مامۆستا مەلاعەلی مرۆڤێکی خۆشناوو جێگای ڕێزو خۆشەویستی خەڵکی ناوچە بوو.

ڕۆحی شادو ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکانی پڕڕێبوار بێ

## کۆچی دوایی مرۆڤێکی دڵسۆزو لایەنگری حیزب لە ناوچەی هەورامان

چەند ڕۆژ لەمەوپێش، خاڵە جەعفەر فەتاحی، خەڵکی گوندی "شوشمێ"، لایەنگرو پشتیوانیی بزاڤی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هۆی نەخۆشی‌یەوە کۆچی‌دوایی کرد.

خاڵە جەعفەرو بنەماڵەکەی یەکێك لەو بنەماڵە تێکۆشەرو خەباتکارانەی ناوچەی هەورامان بوون کە بە هۆی پشتگیری‌و لایەنگری لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ماوەیەکی زۆر ئاوارەو چەند جاریش لە بەندیخانەی ڕێژیمی دژگەلیی ئاخوندی‌دا بەند کراوە.

هەروەها چەند کەس لە خزم‌و کەسوکاری نزیکی خاڵە جەعفەر لە ڕیزی خەباتگێڕانی دێموکراتداو لە پێناو وەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورددا گیانی پیرۆزیان فیدا کردوەو شەهید بوون.

ڕۆحی شادو ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکانی پڕڕێبوار بێ

## گوندی برۆشخواران ـ سەلـماس
## لاوێکی ١٦ ساڵە لە ئاکامی دەستڕێژی هێزی دژگەلیی ئینتیزامی‌دا بە توندی بریندار بوو

شەوی ١٨ لەسەر ١٩ی بانەمەڕی ١٣٨٤ی هەتاوی، کاتژمێر ٢ی شەو، لاوێکی تەمەن ١٦ ساڵ بە ناوی ساسان بێوەری، کوڕی ئیدریس، خەڵکی گوندی "برۆشخواران"ی ناوچەی سەلـماس، بە هۆی دەستڕێژی هێزی بەناو ئینتیزامیی پاسگای سەرسنوورەوە بە توندی بریندار دەبێ.

ناوبراو بە هۆی بەرکەوتنی گوللە لە سەری ئێستا لە ژێر تیغی نەشتەرگەری‌و لە بەربەرەکانێ لەگەڵ مەرگ دایەو بە وتەی دوکتورەکان ئەگەر گیانی لەدەست نەدا، لانی‌کەم فەلەج دەبێ.

## خوێندکارانی زانکۆی کوردستان لە سنە مانیان گرت

ڕۆژی ١٣٨٤/٢/٢١، نزیکەی هەزار کەس لە خوێندکارانی زانکۆی کوردستان، بە نیشانەی ناڕەزایەتی مانیان گرت. ئەم مانگرتنە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە بەرامبەر ئەو کێشانەی کە بە بیانووی حیجابەوە بۆیان ساز دەکرێ، نەبوونی بڵاوکراوەو کراوەنەبوونی کەشوهەوای سیاسی بۆ ئەنجوومەنەکان‌و... بە شێوەیەکی هێمنانە بەڕێوەچوو.

شایانی باسە کە ئەم مانگرتنە لە لایەن بەرپرسی زانکۆوە ئەویش بە هۆی نزیکبوونەوە لە هەڵبژاردن پێشوازیی لـێ‌کراو ژمارەیەك بەسیجی کە خۆیان بۆ تێکدانی بارودۆخ‌و ئەزییەتی خوێندکاران ئامادەکردبوو لەلایەن ژمارەیەك لە خوێندکارەکانەوە کەوتنە بەر کوتەك‌و لێدان.

ئەو مانگرتنە کاتژمێر ١١/٣٠ دەستی پێ‌کردو کاتژمێر ٢ی دوانیوەڕۆ کۆتایی پێ‌هات.

## دیداری بەرپرسی پێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکانی حیزب لەگەڵ سکرتێری یەکەمی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە لەندەن

بەڕێز شاهۆ حسێنی، بەرپرسی پێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هاوڕێ لەگەڵ کاك هەمزە بایەزیدی، بەپرسی کومیتەی حیزب لە بریتانیا، کاك مەولود سوارە نوێنەری حیزب لە لەندەن، ڕێکەوتی ٢٥ی ئاڤریلی ٢٠٠٥ی زایینی، چاوی کەوت بە ڕێزدار گۆڵدریج، سکرتێری یەکەمی باڵوێزخانەی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە لەندەن.

لەو دیدارەدا هاوڕێیانی حیزبی باسێکیان سەبارەت بە "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ" پێشکەش کردو لەگەڵ بەڕێز گوڵدریج دا، کۆبوونەوەی پاریس‌و ئاکامی دانیشتنەکەی لەندەن (کە لە ڕێکەوتی ٢٥ی ئاڤریلی ٢٠٠٥دا بەڕێوەچوو)، خرایە بەرباس‌و ئاڵوگۆڕی بیروڕای لەسەر کرا. پاشان ڕێزدار گوڵدریج لەو پێوەندی‌یەدا چەند پرسیارێکی لە نوێنەرانی حیزب کرد کە لە لایەن هاوڕێیانی حیزبی‌یەوە وەڵام درانەوە.

بەشێکی دیکەی دیدارەکە تایبەت بوو بە خرۆشانە جەماوەری‌یەکەی خوزستان‌و سەرکوتی توندوتیژی ئەو ڕاپەڕینە لە لایەن ڕێژیمی سەرەڕۆی ئێرانەوەو هەروەها باسێك لەسەر گرووپی تیرۆریستیی کچانی زەیتوون کرا.

# دووپاتبوونەوەی سیناریۆی ئازادیی عێراق، لە ئێران بەدوور دەزانم

## ووتوێژی ئاژانسی دەنگوباسی AKIی ئیتالیا لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**کۆیە ـ کوردستانی عێراق (٢ی مای)**
**ئێران ئەمڕۆ بۆتە ناوەندی باس و بایەخپێدانی نێونەتەوەیی. بۆ روونبوونەوەی وەزعی ئەم وڵاتەو وەرگرتنی بیروبۆچوونە سیاسییەکان لە سەرچاوە ئەسڵییەکانیان دەربارەی ئەوەی لە نێوخۆی وڵاتدا دەگوزەرێ و روونکردنەوەی دیمەنی ئێستای هەلومەرج لە ئێراندا، وتووێژێکمان لەگەڵ یەکێك لە بەرچاوترین کەسایەتییە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران پێك هێنا. ئەو کەسایەتییە، عەبدوڵڵا حەسەنزادە، یەکێك لە رێبەرانی کوردو سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە کە لە ساڵەکانی پەنجای سەدەی رابردووەوە دژی دەسەڵاتەکانی فەرمانڕەوا لە ئێراندا خەبات دەکا. حیزبەکەی رێبەرایەتیی یەکەمین حکوومەتی کۆماریی مێژووی کوردی کردوە کە ساڵی ١٩٤٦ لە شاری کوردنشینی مەهاباد لە ئێران دامەزرا. ئەو کۆمارە لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی شورەوی لە ئێران بە ساتوسەودایەکی گومانلێکراو لە نێوان شاو ستالیندا، رووخا.**

**پ: سەرنجەکان ئەمڕۆ بە شێوەیەکی چڕوپڕ روویان لە ئێرانەو تینهێنان (فشار) بۆ رێژیمەکەش لە زیادبوون دایە. دەنگوباسێکیش هەیە کە قسە لە گێروگرفتی نێوخۆیی و زیادبوونی نارەزایەتیی خەڵك دەکا. ئێوە وەك هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە کوێی رووداوەکانی ئەمڕۆی ئێران دان؟**

و: ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا نوێنەری بەشێك لە گەلانی ئێرانین، نەك هەموو ئێرانییەکان. بەو حاڵەش ئەگەر سەیری نەخشەی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بکەین، حیزبی ئێمە لەمێژینەترین و ریشەدارترین حیزبی ئۆپۆزیسیۆنی رێژیمی شاو رێژیمی ئێستایەو لە مەیدانی کردەوەشدا یەکێك لە چالاکترین حیزبە ئێرانییەکانە. لەگەڵ ئەوەش کە نوێنەرایەتیی بەشێکی زۆری ئێرانییەکان ناکا، پێگەو قورساییەکی گەورەی لە نێو کۆڕوکۆمەڵە سیاسییەکانی ئێراندا هەیە. بۆیە ئەمن پێم وایە حیزب نەخشێکی کاریگەری لە ئاڵوگۆڕەکانی دوارۆژی ئێراندا دەبێ. ئێمە پێشوازی لەو فشارە نێونەتەوەییە دەکەین کە دەخرێتە سەر رێژیم، چونکە لەم هەلومەرجەدا بە پشتیوانییەکی مەعنەوی لە ئێرانییەکانی دەزانین. بەڵام لەوە گرنگتر بۆ ئێمە ئەو یەکیەتیی بیروبۆچوونەیە کە ئەمڕۆ لە نێو گەلانی ئێراندا بەرچاو دەکەوێ، دیارە مەبەستم یەکیەتییەکی رێکخراوەیی لە کاری سیاسیدا نییە، بەڵکوو یەکیەتییەکی گەلییە کە ویستی راستەقینەی خەڵك بۆ ئاڵوگۆڕو یەکیەتیی چارەنووس نیشان دەدا. لە ساڵەکانی پێشتردا خەڵکی ئێران بەسەر دوو دەستەی پاوانخوازو ریفۆرمخوازی نێو رێژیمدا دابەش ببوون، بەڵام ئەمڕۆ هەموویان گەیشتوونەتە باوەڕی تەواو بەوە کە لە سێبەری رێژیمی ئێستادا هیچ ئاڵوگۆڕێکی سیاسیی جیددی لەم وڵاتەدا بەدی نایە. بۆیە ئێرانییەکان ئەمڕۆ بە یەکدەست کەوتوونەتە بەربەرەکانیی رێژیم و بوێرانە تەنانەت داوا لە رێبەری رێژیمیش دەکەن کە واز لە دەسەڵات بێنێ. ئەمە بەڵگەی باوەڕی هاوبەشی هەموو ئێرانییەکان بە پێویستییەکانی قۆناغی تازەیە. بۆیە دەتوانم بڵێم لە ژێر تیشکی ئاڵوگۆڕەکانی ئێستادا دوارۆژێکی پرشنگدار بۆ ئێرانییەکان بەدی دەکەم.

**پ: باسی هەڵوێستی وەك یەکی ئێرانییەکان بەرامبەر بە رێژیمت کرد. لەلای دیکەوە فشارێکی نێونەتەوەیی گەورەش بۆ سەر ئێران هەیە. ئێوە وەك هێزێکی لەمێژینەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران هەوڵتان داوە بە کەڵك وەرگرتن لەم هەلومەرجە لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی دیکە جموجۆڵێك بۆ رێبەرایەتیکردنی ئەم قۆناغە وەڕێ بخەن؟**

و: وەك دەزانین لە نێوخۆی ئێراندا هیچ دەرەتانێك بۆ کاری سیاسیی ئۆپۆزیسیۆن نییە. دیکتاتۆریی فەرمانڕەوا رێگا بە تێکۆشانی ئۆپۆزیسیۆن نادا بیروبۆچوون و دروشمەکانی هەرچییەك بن. ئۆپۆزیسیۆنیش بە نۆرەی خۆی پەرش و بڵاوەو رێبەرایەتییەکەشی لە دەرەوەی وڵاتە. بمانەوێ نەمانەوێ نەبوونی پێوەندیی راستەوخۆو بەردەوام لەنێوان ئەو هێزانەو کۆمەڵانی خەڵکدا شوێنەواری نالەباری دەبێ. دەبێ قەبووڵ بکەین کە نەبوونی ئەو پێوەندییە راستەوخۆیە زیاتریش بۆتە هۆی پەرش و بڵاویی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانم بڵێم کە لە سایەی ئاڵوگۆڕە خێراکانی ئێستادا هەوڵێکی جیددی بۆ لێك نزیکبوونەوەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران دەستی پێکردوە بۆئەوەی لە ژێر چەتری هاوپەیمانی (ائتلاف)یەکدا کۆ ببنەوە بتوانێ جڵەوی کاروبار لەم قۆناغە گرنگەی مێژووی ئێراندا بە دەستەوە بگرێ.

پێم خۆشە وەبیر بێنمەوە کە حیزبی ئێمە هەر ساڵێك دوای ئەوەی ئاخوندەکان هاتنە سەرکار، بانگەوازی بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی بەرین کرد کە لە قۆناغی یەکەمدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و موجاهیدینی خەڵق و چریکە فیدایییەکان بگرێتە خۆی و دواتر هەموان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. بەڵام ئەو لەت لەتبوونە کە کەوتە نێو ریزەکانی ئەو دوو رێکخراوە، بەتایبەتی چریکەکانەوە هەوڵەکانی ئێمەی بۆ پێکهێنانی ئەو بەرەیە پووچەڵ کردەوە. ئەمە بێجگە لەو هەموو زەبروزەنگ و راونانەش کە لەلایەن رێژیمەوە خرایە سەر هەموو رێکخراوە سیاسییەکان. بۆیە حیزبەکەمان بەو ئاکامە گەیشت کە لەو قۆناخەدا پێکهێنانی بەرە کارێکی زۆر سەخت و دژوارە.

**پ: لە سێبەری ئاڵوگۆڕە تازەکاندا پێت وایە وەختی دامەزراندنی بەرەیەکی وا هاتوە؟**

و: دیارە دەرەتانێکی باش بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پێك هاتوەو لە سێ لاوە ئێمە هەوڵەکانی خۆمان دەست پێکردوە: یەکەم، یەکخستنی ریزی هێزە سیاسییە کوردستانییەکان، دوایە هەوڵدان بۆ هاوکاری و هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو هێزە سیاسییانە کە نوێنەرایەتیی یەکێك لە گەلانی زۆرلێکراوی ئێران دەکەن، وەك ئازەرییەکان، بەلووچەکان، تورکمەنەکان و عەرەبەکان، سەرەنجامیش پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی بەرینتر لەگەڵ هەموو هێزە ئێرانییەکان. هەر ئێستاش هێندێ هەوڵ و پێوەندیمان لەگەڵ بەشێك لەو لایەنانە هەیە، کە هیوادارم لەمەودوا بەربڵاوتر بێت و بمانگەیەنێتە ئامانج.

**پ: پێشبینی دەکەن سیناریۆی ئاڵوگۆڕەکانی عێراق لە وڵاتی ئێوەشدا دووپات بێتەوەو ئایا ئامادەن لەگەڵ پشتیوانیی دەرەکی لەو پێوەندییەدا هاوکاری بکەن؟**

و: هەر وڵاتێك تایبەتمەندی و هەلومەرجی تایبەت بە خۆی هەیە. بۆیە ناکرێ یەك سیناریۆ لە هەموو دەوڵەتاندا بەڕێوە بچێ. ئێران و عێراق زۆر شتیان لێك جیایە. رێژیمی عێراق هەڵەیەکی سیاسیی گەورەی کرد بەوە کە کویتی داگیر کردو وەك دیتمان گۆڕان و رووخانی رێژیمی بەدوادا هات. ئەمریکاش بە نۆرەی خۆی بە هەڵە چوو کە بە بیانووی بوونی چەکی کۆمەڵکوژ هێرشی کردە سەر رێژیمی عێراق و دوایەش نەیتوانی بوونی ئەو جۆرە چەکە سابیت بکا. هەر ئەمە دەتوانێ دووپاتبوونەوەی ئەو سیناریۆیە دوور بخاتەوە. ئەمریکا توانی رێژیم بڕووخێنێ و دەستیشی خۆش بێ، بەڵام نەیتوانی هۆیەکانی ئەو هێرشە بە دنیا سابیت بکا. ئەگەر ئەمریکا هێرش بۆ سەر رێژیمی عێراقی بە هێندێ شتی دیکە وەك پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و کۆمەڵکوژی پاساو بدایە، سەرکەوتوو دەبوو. چونکە ئەو هەموو گۆڕە بەکۆمەڵە کە هەموو رۆژێ لە سەرتاسەری عێراقدا دەدۆزرێنەوە، بەڵگەی راستی و دروستیی ئەو تۆمەتەن. بۆیە لەگەڵ هەموو ئەو کێشەو هەرایە کە ئێستا لەسەر مەسەلەی چەکی ئەتۆمی لەگەڵ رێژیمی ئێران لە ئارا دایە، پێم وا نییە ئەمریکا بەو بیانووە هێرش بکاتە سەر ئێران.

**پ: ئێستا کە ئەو سیناریۆیە بە دوور دەزانن، رێگاچارە چییە؟ ئێوە ئامادەن راستەوخۆ لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان لە هەوڵی گۆڕینی رێژیمی ئێراندا هاوکاری و بەشداری بکەن؟**

و: ئێمە داوای دووپاتبوونەوەی ئەو مەرگ وماڵوێرانییەی لە عێراقدا رووی دا، لە وڵاتی خۆماندا ناکەین. ئەو وێرانییەی تووشی عێراق بووە بە کەمتر لە ٢٠ ساڵ قەرەبوو ناکرێتەوە، کەوابێ چۆن ئێمە بانگەواز بۆ دووپاتبوونەوەی لە وڵاتی خۆماندا دەکەین؟ پێم وایە هیچ پێویستیش نییە لە دەرەوەڕا هێرش بکرێتە سەر ئێران. دەکرێ لە جیاتیی ئەوە، پشتیوانی لە رێژیمی فەرمانڕەوا رابگیرێ و پشتی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بگیرێ تا ئەوان بە پشت بەستن بە هێزی گەل لە نێوخۆی وڵاتدا بەرەنگاری رێژیم ببنەوە. لەو حاڵەدا گومانم نییە کە لە ئێراندا ئاڵوگۆڕ پێك دێ بێ ئەوەی وڵاتەکە تووشی وێرانی ببێ.

**پ: بەڵام ئۆپۆزیسیۆنی عێراق ئەوەندە بەهێز بوو کە بتوانێ بەرەنگاری رێژیمی سەددام ببێتەوە. داخوا ئێوە ئەوە توانایەتان هەیە کە لەگەڵ رێژیمی ئێران بکەونە شەڕەوە؟**

و: ئەگەر هێزە کوردییەکانی لێ دەرکەین، ئۆپۆزیسیۆنی عێراق ئەوەندە بەهێز نەبوو. ئێمەش لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا کە داوای پشتیوانیی نێونەتەوەیی دەکەین بۆ ئەوەیە کە بتوانین هێزەکانی خۆمان رێك بخەینەوەو بۆ قۆناخی دواتر ئامادەیان بکەین. لە بیرت نەچێ سەددام حسێن کە لە شەڕی ٨ ساڵەدا بەسەر ئێراندا زاڵ بوو، پشتی بە پشتیوانیی سیاسی و سەربازیی نێونەتەوەیی قایم بوو، ئەگینا هێزەکانی ئێران و عێراق نابەرامبەر بوون. دووبارەی دەکەمەوە، ئەگەر پشتیوانیی نێونەتەوەیی بۆ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران دابین ببێ، هیچ پێویستییەك بە شەڕ نابێ. رەنگە ئەمە چەند ساڵێك وەخت بگرێ، بەڵام ئەمە بۆ گەلانی ئێران لە وێرانبوونی وڵاتەکەیان باشترە.

**پ: پێت وایە ئەگەر ئەم پشتیوانییە دابین ببێ، ئێرانییەکان بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ ئامادەن؟**

و: پێم وایە ئێستا زەمینە بۆ خەباتی چەکدارانە دژی رێژیم ئامادە نییە. بەڵام ئەگەر پشتیوانیی نێونەتەوەیی لە رێژیم رابگیرێ، دەکرێ لە رێگای نارەزایەتیی گەلییەوە (نافرمانی مدنی) ئەم رێژیمە بڕووخێندرێ، رەنگە ئەوە وەخت زۆر بگرێ، بەڵام گرنگ نییە.

**پ: ئەتۆ وەك سیاسەتمەدارێکی بە ئەزموونی ئێرانی پێت وایە رێژیمی ئێستا خاوەنی چەکی ئەتۆمییە؟**

و: ئەگەر لە روانگەی ئایینییەوە بۆ مەسەلەکە بچین، بە تایبەتی کە رێژیمی ئێستای ئێران رێژیمێکی ئایینییە، پێم وایە ئەم رێژیمە بۆ بەرهەمهێنان و وەدەستهێنانی هیچ جۆرە چەکێکی کۆمەڵکوژ و یەك لەوانە چەکی ئەتۆمی تەنەخی ناکا. چونکە قورئان کە بۆ ئەوان قانوونی ئەساسییە لە ئایەتی "واعدوا لهم ما استطعتم من قوة"دا داوای ئەوە دەکا. ئەمانە پاشەکشە لە بەرنامەی ئامادەکردنی هێز ناکەن و دڵنیام هەرکاتێك بۆیان بکرێ لێی راناوەستن.

دیارە ئەمانە هەوڵ دەدەن بە گۆڕینی شوێنی دامودەزگا ئەتۆمییەکانیان سەر لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بشێوێنن. ئەوانیش هەروەك سەددام حسێن بەشێك لە دامودەزگاکانیان گەڕۆکن و بەسەر ناوچەی جۆراوجۆریشدا دابەش کراون.

**پ: ئەتۆ بەدوور دەزانی کە ئێران پەروەندەی ئەتۆمیی خۆی ئاشکرا بکاو بیخاتە بەرچاوی پشکنەرە نێونەتەوەییەکان؟**

و: هەرکەس پێی وابێ رێژیمی ئێران بەراستی مل بۆ داخوازە نێونەتەوەییەکان رادەکێشێ، بەهەڵە چووە. بەڵێ بۆ ئەوەی مەترسیی زەبرێکی سەربازی لەسەر خۆی لابەرێ سەر بۆ هێندێك لەو داخوازانە نەوی دەکا بۆ ئەوەی تووشی چارەنووسی سەددام نەبێ. هەربۆیەشە دەڵێ ئامادەیە هەموو زانیارییەکان لەبارەی پیتاندنی ئۆرانیۆمەوە ئاشکرا بکا. بەڵام هیچ شتێك لەبارەی نیازی راستەقینەو بەرنامەی خۆیەوە نادرکێنێ. کاربەدەستانی ئێران شیعەن. ئێمەش دەزانین کە (تەقیە) یەکێك لە پایەکانی مەزهەبی شیعەیە کە رێگا دەدا ئەوان شتێك بڵێن و پێچەوانەی رەفتار بکەن. پاشان ئەوان ئەزموونی (صدام حسین)یشیان لەبەر چاوە. لە بیریانە کە سەددام بەرنامەکانیشی ئاشکرا کردو هەر لێشی درا. راستە ئەوان هێندێ مل بۆ فشاری نێونەتەوەیی رادەکێشن و دەڵێن بەرنامە ئەتۆمییەکانیان ئاشکرا دەکەن، بەڵام لەسەر یەك، مومکین نییە واز لەو بەرنامانە بێنن.

**پ: لەو قەیرانەدا کە ئێرانی پێدا دەڕوا، ئایا دەسەڵاتی فەرمانڕەوا داوای لە ئێوە کردوە لەگەڵی بکەونە وتووێژ بۆ ئەوەی پێش بەرەنگاربوونەوەی دەرەوە، نێوماڵی خۆی رێك خاتەوە؟**

و: لە وتووێژە چاپەمەنییەکانی رابردوودا زۆرجار گوتوومە کە راسپاردەکانی رێژیم لەبارەی وتووێژەوە قەت رانەوەستاون. هەموو جاریش ئێمە رەتمان کردۆتەوە. چونکە پێمان وایە ئەم رێژیمە بە هیچ جۆر غەیری خۆی قەبووڵ ناکاو هەموو هەوڵی ئەوەیە کە ئەو غەیرە لەنێو بەرێ. بڕوانە حکوومەتەکەیان. ئەوان دەست لە هەموو کاروبارێکی ژیانی تایبەتیی مرۆڤەکان وەردەدەن، چ دەخۆن، چ دەخۆنەوە، چ لەبەر دەکەن؟ جا رێککەوتن لەگەڵ رێژیمێکی وا چۆن رێی تێ دەچێ؟ پاشان سەرکەوتنی هەر رێککەوتنێك لەگەڵ رێژیمێکی وا پێویستیی بە دێموکراسی و ئازادی هەیە، دێموکراسییش لە نێوەرۆکی فکری ئەم رێژیمەدا جێگای نییە. کەوایە وتووێژ لەگەڵ رێژیمێکی وا بۆ نەجاتدانی لە قەیران چ مانایەکی دەتوانێ هەبێ؟

**پ: ئێوە ئامادەی قەبووڵی پشتیوانیی ئامریکا یان هێزی نێونەتەوەیی دیکە بۆ گۆڕین لە ئێران دان؟**

و: ئێمە داوا لە هەموو دەوڵەتانی دنیا دەکەین پشتگیریی خۆیان لە رێژیمی ئێران رابگرن و لە جیاتی ئەوە پشتیوانی لە بەڕێوەچوونی مافی مرۆڤ لە ئێراندا بکەن، پشتی بزووتنەوەی رزگاریخوازانە لە ئێراندا بگرن و فشاری نێونەتەوەیی بۆ سەر رێژیم زیاتر بکەن. دیارە مەبەست فشاری ئابووری بۆ برسیکردنی گەلانی ئێران نییە، بەڵکوو راگرتنی پشتیوانیی سیاسی و نیزامی بۆ ئەو رێژیمەیە، تا ئێرانییەکان رێگای خۆیان بەرەو رزگاری بگرنە بەر.

ئێمە بە نۆرەی خۆمان پێشوازی لە هەر پشتیوانییەك بە قازانجی ئاڵوگۆڕ لە ئێراندا دەکەین و ئامادەی هاوکاری و هەنگاو رێکخستنی سیاسی و دیپلۆماسی لەو بوارە داین. بەڵام خوازیاری وێرانیی وڵاتەکەمان نین و پێمان وایە گۆڕانی ئێران دەبێ بە دەستی ئێرانییەکان بێ. ئەوەی ئێمە داوای دەکەین، تەنیا پشتیوانیی نێونەتەوەیی بۆ چالاکترکردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلییە.

**

تێبینی:
ئەم وتووێژە بە سێ زمانی ئیتالیایی، ئینگلیسی و عەرەبی لە AKIدا بڵاو بۆتەوە.

***

# درێژەی بەشداریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆبوونەوەی کومیتەی رۆژهەڵاتی ناڤینی ئینتێرناسیونال سوسیالیست

کە ئینتێرناسیونال سوسیالیست رۆڵێکی کاریگەرتر و چالاکانەتر لە کێشە و ناکۆکی یەکانی رۆژهەلاتی ناڤین دا وەئەستۆ بگرێ. پاشان نۆبە گەیشتە نوێنەرانی رێکخراوی "الفتح". ئەوان وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی لە دەست پێکردنەوەی پرۆژەی ئاشتی و ناوبردنی کێشەکانی سەرڕێ، (وەکوو ئەو دیوارەی کە دەوڵەتی ئیسرائیل سازی کردوە، مەسەلەی شاروچکە ئیسرائیلی یەکان لە خاکی فەلەستین دا، مەسەلەی بەند کراوانی فەلەستین لە ئیسرائیل دا و...)، پێیان لەسەر ئەوە داگرت کە بەرێوەبردنی تەواوی نەخشەی رێگا و وەفا و بەڵێن لە بەرەوپێش بردنی قۆناغەکانی دا لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەردوو لادا بایەخێکی زۆری دەبێ و لە سەقامگیر کردنی ئاشتی یەکی هەمیشەیی دا رۆڵی کاریگەری دەبێ. هەروەها ئەوان لەسەر ئەوە پێیان داگرت کە دەبێت ئەنتێرناسیونال سوسیالیست لەم پێوەندی یەدا رۆڵێکی چالاکانەتر وەئەستۆ بگرێ.

دواتر نوێنەری کۆمەڵەی دێموکراتیکی تونس وتەکانی خۆی پێشکەش کرد کە زۆرتر لە پەسند و پشتگیری لە وتەکانی نوێنەرانی رێکخراوی "الفتح"دا، بوو.

پاشان نۆرە گەیشتە نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هاوڕێی بەرێز کاك خۆسرەو عەبدوڵڵایی ئەندامی دەفتەری پێوەندی یە نێونەتەوەیی یەکانی حیزب، بەرێزیان وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی لە پێکهێنانی وەها کۆبوونەوەیەك و تەرخان کردنی بۆ پرسگەلێکی گرینگ وەکوو ئاشتی و دێموکراسی لە ناوچەی زۆر هەستیاری رۆژهەڵاتی ناڤین دا، وتەکانی سەبارەت بە رەوشی ئێران دەست پێکرد.

کاك خۆسرەو گوتی کە: باس لەسەر سەقامگرتوویی و جێگیر کردنی ئاشتی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین دا مێژوویەکی درێژی هەیە. بەڵام مێژوو و ئەزموون بە ئێمەی نیشان داوە کە بەبێ جێگیر بوونی دێموکراسی و رێزدانان بۆ مافی مرۆڤ، باس لە سەقامگرتوویی و ئاشتی لەم ناوچەو تەواوی جیهان دا خەونێکی بێ نیوەرۆکە. خەبات لەپێناو دابین کردنی سەقامگرتوویی و جێگیر کردنی ئاشتی یەکی هەمیشەیی لە ناوچەدا تەنیا لەرێگەی هەوڵ دان بۆ رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و سەقامگیرکردنی دێموکراسی یەوە بەدی دێت. بە واتایەکی تر خەبات لە پێناوی ئاشتی و سەقامگرتوویی دا ناکرێ لە خەبات بۆ دابین کردنی مافی مرۆڤ و جێگیر کردنی دێموکراسی جیابکرێتەوە... .

دواتر نوێنەرانی حیزبە ئوروپایی یەکان بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە کێشە و گرفتەکانی وەکوو، مەسەلەی عێراق، مەسەلەی گەڕانەوەی هێزەکانی سووریە لە لوبنان، چەکی ناوکیی ئێران، تیرۆریزم، مەسەلەی کورد لە ئێران، تورکیە و سووریە، مەسەلەی مافی ژنان و کەمینە نەتەوەیی و ئایینی یەکان، دەربڕی. بەشی کۆتایی کاری کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە باس و وتوویژ لەبارەی دەقی ئەو بڕیارنامەیەی کە لەلایەن بەرپرسانی کۆمیتەوە لەژێر ناوی "ئاشتی و دێموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناڤین" دا دارێژرا بوو.

ئەم دەقە لەدوای باس و ئاڵوگۆڕی بیرورا و چەند گۆڕانکاری یەك تێیدا هاوڕایی لەسەر کرا و بڕیارەکە دوای پەسەند کرانی لە کۆبوونەوەی داهاتووی شۆرای ئینتێرناسیونال سوسیالیستدا وەکوو بڕیارنامەی ئەم رێکخراوە بڵاو بکرێتەوە.

شیاوی باسە کە شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم کۆبوونەوەدا بریتی بوون لە هاوڕێیان: کاك خۆسرەو عەبدوڵڵایی، کاك محەممەد عەلیار و کاك مەولود سوارە.

***

کوردستان
ژمارە٤١٣ (٣١ی بانەمەڕی ١٣٨٤)

# دڵی ڕاز درکێن

نووسەر: ئێدگار ئالێن پوو

وەرگێڕ بۆ کوردی: هیدایەت جان

بەڵێ تووڕەم

من یەك جار قەڵس بووم و ئێستێش هەر تووڕەم. بەڵام بۆ دەڵێن شێتم؟

لە بری ئەوەی نەخۆشی هۆشم لێ بستێنێ زیاتر وریای کردبوومەوە؟ لە هەموان زیاتر حاسە بیستنم بەهێزتر بوو. گوێم لە تەواوی دەنگەکانی ئاسمان و زەوی دەبوو. زۆر یەك لە دەنگەکانی دۆزەخیشم بە گوێ دەگەیی. ئەدی بۆ دەبێ شێت بم؟

سرنجم دەنێ و بزانن چەند بە هێدی و هێمنی ڕووداوەکەو بۆ دەگێڕمەوە. نازانم یەکەمجار ئەم بیرەم چۆن بەزەینی دا هات!؟

دەگەڵ هاتە مێشکمەوە تەنگی پێ هەڵچنیم. هیچ بوغز و غەرەزێکم نەبوو. ئەو پیرە پیاوەم خۆش دەویست. هیچ خراپێکی بۆ من نەبوو قەت وتەیەتی سووکی پێ نەگوتبووم. چاوم لەدوای زێڕ و جەواهیراتەکەشی نەبوو گومان دەکەم چاوەکانی !.. ئەرێ، بۆ خۆیەتی! چاوەکانی بە وێنەی چاوی سیسارکە کەچەڵە بوو. چاوێك بە ڕەنگی شینی کاڵ و پەردەیەکی ناسك کە بە سەری داکشابوو. دەگەڵ کە چاوی لێ دەکردم لەداخان خوێنم نەدەگەڕا. هەر بۆیەش بەو ئاکامە گەییشتم کە ڕوحی پیرە پیاوەکە بکێشم و بۆ هەمیشە لەدەست ئەم چاوانە ڕزگار بم. ئێوە دەزانن من شێتم. خۆ شێت هیچ شتێك نازانێ! بەڵام دەبێ منتان دیتبا. دەبوو دیتباتانم کە چەند بە وشیاری دەچوومە پێش، چەند بە وریایی…

بە چ بیرەوەری و نهێنی کارێکەوە پیلانم دادەڕشت. هیچ کات دەگەڵ ئەو پیرە پیاوە وەك حەوتوویەك بەر لەکوشتنی بەرەحم نەبووم. هەموو شەوانە لەنیوەی شەودا قفڵی دەرگاکەم دەسووراند و دەمکردەوە. فانوسێکی داپۆشراوم دەگەڵ خۆم دەبردە ژورێ. فانۆسەکەم لەناو قودویەك هاویشتبوو و سەریم بەستبوو. بەم جۆرە تیشکێکی بۆدەری نەداویشت. سەرم دەبردە ژوور. جا پێکەنینتان دەهات کە دیتباتان چەند بە وریایی ملم دەکێشا بۆ ئەوەی خەو لە پیرە پیاوەکە نەشێوێنم سەرم بە ئاسپایی دەجوڵاندەوە. زۆر زۆر سەبر.

یەك ساعەتی دەخایاند کە سەرم لە کەلێنی دەرگاکە ڕا دەبرد بۆ ژوورەکە. بەم جۆرە کە بتوانم پیرەمێرد لەسەر جێگاکەی ببینم. ئەرێ بە بڕوای ئێوە شتێك دەتوانێ تا ئەو ڕادەیە وریا بێت؟ جا ئەو کات کە سەرم بە تەواوی بردبووە ناو هۆدەکە، فانۆسەکەم زۆر بە وریایی دادەکشاند. جا چەند بە وریایی…

بەهۆی ئەوە کە لاولاوەی دەرگاکە جیرەی لێ دەهات شۆقی فانۆسەکەم تا ڕادەیەك داکشاندبوو کە تەنیا تیشکێکی باریك دەکەوتە سەر چاوی سیسارکە کەچەڵەکە. ئەم کارەم حەوت شەو بەدوای یەك دا دووپات کردەوە. ڕاست لەکاتی نیوە شەودا. بەڵام هەموو جارێ چاوەکانی وێك نابوو. کەوابێ بۆ ئەوە نەدەبوو دەست بەکار بم. ئەوە پیرەمێرد نەبوو منی ئازار دەدا بەڵکوو چاوە شەیتانی یەکانی بوو. هەموو ڕۆژێ کاتی کازیوە دەچوومە هۆدەکە و نەترسانە قسەم دەگەڵ دەکرد. هەرکات بانگم دەکرد زۆر دۆستانە ناویم دەهێنا و پرسیارم لێ دەکرد: داخوا دوێنێ شەوێ باشی بۆ خەوتووە؟ کەوابوو دەبێ بزانن پیرەمێرد ئاقڵی جندۆکانی هەبا تا گومانی بەوە کردبا من هەموو شەوێ سەری کاتژمێر ١٢ کاتێك ئەو لە خوڕابی خەودایە دەچوومە خزمەتی.

شەوی هەشتەم زۆر لەجاران وریاتر دەرگاکەم کردەوە. دەستم دە عەقرەبەی خولەکژمێری کات ژمێرەکە سەبرتر دەجوولاوە تا ئەوێ شەوێ قەت بەم ڕادەیە هەستم بە توانایی لەشم نەکردبوو. بەزۆری هەستی سەرکەوتنم لەناو خۆما دامرکاند. لەوەی کە لەپێش دەرگای هۆدەکە ڕاوەستابووم و هێدی هێدی خەریکی کردنەوەی دەرگاکە بووم پێکەنینم دەهات.

ئەوە لەکاتێك دا بوو کە ئەو خەونی بە ئاکاری نهێنی دوورووفمەوە نەدەدیت. زەردەخەنەیەکم بەو بیرەوەریە دەهات. پێم وایە گوێ لە دەنگم ببوو، چوون لەپڕ وێدەچوو هەستی بە مەترسیەکی گەورە کردبێت، لەسەر جێگاکەی ڕاچەنی. وادەزانن ئەو جار پاشەکشەم کرد؟

بەڵام نا… هۆدەکەی لەبری تاریکی وەك قیر ڕەش داگیرابوو. (ئاخر کرکرەکانی لەترسی جەردان داکشابووە خوارێ)

لەوە خاترجەم بووم کە ناتوانێ کەلێنی دەرگاکە ببینێ. هەربۆیەش بە ئاسپایی دەمکردەوە. هێدی، هێدی …

ئەوسا ناڵەیەکی کورتم بەگوێ گەیشت. ئەو ناڵەیە لەبەر ئێش و ژانی لەشی نەبوو. دەنگێکی هێدی، بەڵام پڕ خۆف و پشووبڕ لەکاتی مەترسیەکی گەورە لە قووڵایی ڕۆحەوە بەرز دەبێتەوە. ئەو دەنگەشم باش دەناسی، هەموو شەوێ نیوەشەو کاتێك تەواوی خەڵك لەخەودا بوون ئەم ناڵەیە لە دڵی منیش دا سەرچاوەی دەگرت و وێڕای دەنگێکی پڕ خۆف دەستەو داوێنی ترسەکانم دەبوو.

دەڵێم ئەوم باش دەناسی، هەستی ئەو پیرە پیاوەم دەناسی. زگم پێی دەسووتا، لەناو خۆمدا پێدەکەنیم. دەمزانی هەر ئەو کاتی وێڕای بیستنی دەنگەکە لەخەو ڕاچەنیوە. دڵەڕاوکێکەی هەر لەوکاتەوە دەستی پێکردبوو. هەولی دەدا ئەو دڵەڕاوکێیە بەجۆرێك ئاهۆن بکاتەوە، بەڵام سەر نەدەکەوت. بەلای خۆیەوە دەیگوت: (غەیری لوورەی با کە لەناو لولە کوورەکەڕا دێت چی دیکە نیە ـ تەنیا مشکێکە، لەناو هۆدەکەدا هەڵات هەڵاتی داناوەتەوە ـ بوونەوەرێك بوو کە تەنیا کەڕەتێکی جیکاند).

بەڵێ! هەولی دەدا بەم بیرەوەریانە دڵی خۆی بداتەوە. بەڵام لەناو دڵی دا دەیزانی ئەوانە هەموو بێهوودەن، هەموویان بێهوودەن… چوونکە دێوی مەرگ کەمێنی نابۆوە و نسێی ڕەشی بەسەر قووربانیەکەدا کێشابوو. شوێنەواری خۆشەویستی ئەم نیسێ بەدی نەکراوە دەبوو بەم هۆیە کە هەست بە سەری من لەناو هۆدەکەدا بکات. ئەگەرچی نە گوێی لە هیچ دبوو و نە شتێکیشی دەدیت. پاش چاوەڕوانیێکی زۆر، بە تێبینی یەکی یەکجار ژیرانە بێ ئەوەی کە گوێم لە ڕاکشانەکەی ببێتەوە خاترجەم بووم. زارکی فانۆسەکەم بەقەت قەڵشێکی چکۆلە و باریك کەلێن دایە ـ نازانن چەند بە ئاسپایی، چەند لەسەرخۆ. تا لە ئاکام دا تیشکێکی کەم شۆق بەقەد داوی جاڵجاڵۆکەیەك لە قەڵشی فانۆسەکە ترازا و ڕاست کەوتە سەرچاوی سیسارکە کەچەڵەکە. چاوەکانی هەڵێنابوو! ـ تەواو زەق ببوو ـ هەر کە چاوم پێ کەوت خوێنم گەرم داهات. خۆ بە ئاشکرایی دەمدیت، شینێکی تەواو کاڵ و پردەیەکە پیس و گلاو بەسەری دا کشابوو. بە چاو پێکەوتنی هەتا مێشکی ئێسقانم وەلەرزین کەوت. بەڵام هیچ جێیەکی دیکە لە دەمووچاوی پیرەمێردت نەدەدیت، بەهۆی ئەوەی کە تیشکی فانۆسەکە دەتگووت بە چەشنێکی غەریزی ڕاست کەوتوەتە سەر ئەم جێگا بەلەعنەت بووە.

باشە، مەگەر بە ئێوەم نەگوتبوو ئەوەی بە هەڵە بە شێواوی هۆش ناسراوە، لە ڕاستەقینەدا شتێك نیە جگە لە کۆبونەوەی بەهێزی هۆش. ئەرێ ئێستێ دەنگێکی لاواز، خەفەو پشووبڕ وەك دەنگی کات ژمێرێکی قورمیشی کە لەناو مستێك لۆکە دا پێچرابێتەوە، بە گوێم دەگەیی. ئەم دەنگەشم باش دەناسی. دەنگی دڵەکوتەی پیرەمێردەکە بوو. ئەم ترپە ترپە ڕق و قینی زیاتر دەکردم. وەك کوتانی تەبڵێك کە غیرەت وەبەر سەربازان دێنێت. بەڵام دیسان خۆم خواردەوە و لە جێی خۆم جوولەم نەکرد. هەناسەم لەناو سینگم دا ڕاگرتبوو. بێ هیچ هەستێك فانۆسەکەم ڕاگرتبوو، تاقیم دەکردەوە تا بزانم تا چ ماوەیەك دەتوانم تیشکی فانۆسەکە یەك پشوو لەسەر چاوی ڕاگرم. بە هێزێکی زیاتر تەبڵە دۆزەخەکانیان دەکوتا. جار لە جار توندتر و بەرزتر، بەرزتر و بەرزتر دەبۆوە. ترس و خۆفی پیرەمێرد لە ڕادە تێپەڕیبوو ـ دەڵێم ترپە ترپی دڵی کات بە کات بەرزتر و بەرزتر دەبوو. تێدەگەن دەڵێم چی؟ خۆ بە ئێوەم گوتبوو کە ڕقم هەستاوە! ئەرێ تووڕەم. ئێستا لەو کاتە بێ گیانەی شەو، لە بێدەنگی پڕسامی ئەو ماڵە کاولە، دەنگێکی وەها سەیر، ترسێکی لەناو من دا بەدی دێنا کە بە هیچ چەشنێك بەرگری لێ نەدەکرا. سەرەرای ئەوەش دیسان خۆم خواردەوە. بۆ چەند ساتێك لە جێگای خۆم جوولەم نەکرد بەڵام دەنگی ترپە ترپەکەی بەرزتر دەبۆوە، دیسان بەرزتر! وەمدەزانی ئەم دڵە هەر ئێستا دەیهەوێ بتەقێ ئەم جار دڵەڕاوکێیەکی تازەتر منی لەناو مستی دا ڕێك دەگوشی، نەوەك دراوسیەکان ئەو دەنگەیان گوێ لێ بێت، ئیتر جێی دەست ڕاگرتن نەبوو. پیرەمێرد ئەجەلی هاتبوو. زارکی فانۆسەکەم بە تەواوی کردەوە و بە نەعرەیەك ڕامکردە هۆدەکە. تەنیا کەڕەتێکی زیقاند. تەیا یەك کەڕەت… خێرا بەرم داوە سەر عەرزەکە، تەخت و نوێنەکەشم بەسەر دادا. لەبەر ئەوەی کارەکە تا ئێرە چووبووە پێش بە شانازیەوە پێدەکەنیم. دڵی تا چەند کاتێك هەروا بە شینەیی لێ دەدا. بەڵام نەدەترسام، چۆن دەمزانی کەس لەوبەری دیوارەوە کوێی لە دەنگێك نابێت. لە ئاکام دا دەنگەکە بڕایەوە. دڵی لەکار کەوت، پیرە پیاوەکە مرد. تەختەکەم لادا و تەرمەکەم بە وردی چاو لێ کرد. ئەرێ، وەك بەردێکی بێگیانی لێ هاتبوو دەستم لەسەر دڵی دانا و ماوەیەك هەڵم نەگرتەوە. ترپەترپێك لە گۆڕێ نەمابوو. وەك بەردێکی بێ گیان. ئیتر چاوە پیس و گلاوەکانی عەزابیان نەدەدام.

ئەگەر ئێستاش وەدەزانن من شێتم. کاتێك ببیسن چەند ژیرانە تەرمەکەم لەناو برد ئیتر وا بیر ناکەنەوە. شەو بەرەو کوتایی دەچوو، بە پەلە بەڵام بێدەنگ دەست بەکار بووم. بەر لە هەموو شتێك تەرمەکەم لەت لەت کرد، سەر و دەست و لاقەکانیم یەکە، یەکە بڕی. پاشان سێ تەختەم لە دارەکانی بنی هۆدەکە دەرکێشا و تەرمەکەم لەناو بڕە دارەکان هاویشت. دوایی تەختەکانم بە تێبینیەکی وەها لەسەر جێ داناوە کە چاوی هیچ مرۆڤێك ـ تەنانەت چاوەکانی ئەویش ـ ئاگاداری شتێکی ئەوتۆ نەدەبوو. هیچی وا بۆ شوتنەوە، یان خاوێن کردنەوە نەمابوو. نە پەڵەیەك و نە تکەیەك خوێن. زۆر لەوانە زیاتر گرینگی پێ دابوو. بە تەشتێك ئاو هەموو وڵاتم جێبەجێ کردبوو ها، ها، ها…

کاتێك کە کارەکانم تەواو بوو کاتژمێر ٤ی نیشان دەدا ئێستاش وڵات هەر وەك نیوەشەو تاریك بوو. ناقووسەکە زەنگی چوارەمی لێ دا.

گوێم لە دەنگی دەرگای دەرێ بوو. بە دڵێکی ئارام و بە خاترجەمی ڕۆیشتم دەرگاکە بکەمەوە. ئاخر بەڵگەیەکی وام نەهێشتبۆوە کە جێی مەترسی بێ. سێ کەس بە ڕێز و حورمەتەوە بەناوی پۆلیس خۆیان ناساند و هاتنە ژوورەوە. یەکێك لە دراوسێکان نیوەشەو گوێی لە زیقەیەك بۆ و شك و گومان هەڵی گرتووە، سەبارەت بە ڕاپۆرتی ئەو بۆ دائیرەی پۆلیس، ئەو کەسانە دیاری کرابوون تا بێن و ناوماڵێ بپشکنن.

پێکەنیم، ئاخر هیچ جێی مەترسی نەبوو. بەخێراتنم کردن، پێم گوتن، خۆم بوومە و لەناو خەودا زیقاندوومە. پیرەمێرد خۆی لەماڵێ نییە و چۆتە سەفەر. هەموو وڵاتم بە وردی پیشان دان. داوام لێ کردن تەواوی وڵات بگەڕێن. لە ئاکام دا ئەوانم بۆ لای هۆدەی پیرەمێرد ڕێنوێنی کرد. جەواهیراتەکانم پێ نیشان دان، کەس دەستی لێ نەدابوو. بەهۆی خاتر جەمێکی یەکجار زۆری کە هەمبوو بە دڵ خۆشی چەند کورسیم هێنا و داوام لێکردن هەر لەوێ ماندوویان بحەسێننەوە. خۆشم بە شانازی ئەو سەرکەوتنە وەحشیانە کورسییەکم هێنا و لەم شوێنەم دانا کە تەرمی قوربانیەکەی لێ ناشترابوو مەئموورەکان دڵنیا بوون، شێوەی جووڵانەوەکەم ئەوانی دڵنیا کرد. من بەو پەڕی دڵنیایی یەوە لەلایان دانیشتبووم. ئەوان لە هەموو لایەکەوە پرسیاریان لێ دەکردم و منیش بە پێکەنینەوە جوابم دەدانەوە. بەڵام چی وای نەخایاند هەستم بەوە کرد ڕەنگم بە ڕووە نەماوە. حەزم دەکرد ئەوان هەتا زوو بڕۆنە دەرێ. سەرم ژانی دەکرد و وێ دەچوو کە گوێم زرینگابێتەوە. بەڵام ئەوان هەر دانیشتبوون و ڕایانەدە بوارد. دەنگدانەوەکە لەناو گوێم دا ڕوونتر دەبۆوە. بەرزتر و توندتر قسەم دەکرد، تا بەڵکوو بەمجۆرە لەو هەستە خۆ دەرباز بکەم. بەڵام دەنگەکە بە بەردەوامی دەهات و بەرزتر دەبوو. لە ئاکام دا پێمزانی کە ئەو دەنگە لە زرینگانەوەی ناو گوێم نیە.

شکێك لەوەدا نیە کە ڕەنگم بە تەواوی بزرکابوو. با بەرزترو جوانتریش قسەم کردبا! بەڵام دەنگەکە هەر دەهات و بەرزتر دەبوو ـ من چیم لەدەست دەهات؟ دەنگەکە بەهێز، بەرز و پشووبڕ بوو. وێنەی کاتژمێرێك کە لەناو مستێك لۆکە پێچرابێ.

پشووم بۆ نەدەهاتەوە بەرخۆم. بەڵام ئەوان چیان گوێ لێ نەدەبوو. من بە دەنگێکی بەرز و خێرا خێرا قسەم دەکرد. بەڵام جار لە جارێ دەنگەکە توندتر و بەرزتر دەبوو.

لە جێگای خۆم هەستام و سەبارەت بە ڕووداوێکی بێ بایەخ خۆم هەڵدەسووراند و دەنگم بەرز دەکرد؟ بەڵام کات بە کات دەنگەکە زیاتر و بەرزتر دەبوو.

بۆ هەڵنەدەستان و بڕۆن وەدووی کاریان کەون؟

بە هەنگاوی توند و بەهێز لەوسەری هۆدەکە بۆ ئەم سەر دەچووم. بە بڕوای وان وێدەچوو پەشۆکاو و تووڕە بوویێم. بەڵام دەنگەکە هەروا بەرزتر دەبوو.

ئەی خوایە چۆنم گیر کردبوو.

کفرم هاتە دەرێ، خۆم هان دەدا، هێندێکم قسەی سووك کرد. کورسیەکەی ژێر خۆم هەڵگرت و لەسەر سەرم ڕا بە تەختەکانی بنی هۆدەکەم دادا. بەڵام سەرووی هەموو ئەو دەنگانە ترپە ترپی دڵی بوو! جار لە جارێ توندتر دەبوو، بەرزتر، بەرزتر…

بەڵام پیاوەکان وەك ئەوەی کە هیچ ڕووداوێك نەقەومابێ پێدەکەنین و ڕایان دەبوارد. یانی ئەوان ئەو دەنگەیان گوێ لێ نابێ؟!

ئەی خوای مەزن! نا، نا ئەوان گوێیان لێ دەبوو، ئەوان شکیان تێ کەوتبوو، دەنا هەموو شتێکیان دەزانی، گاڵتەیان بە ترسەکەم دەکرد. لەوە زیاتر چی دیکە نەبوو، ئێستاش هیچ شکێك لەوەدا نیە.

بەڵام بە هەر چەشنێك تۆڵەیان لێ ئەستاندبامەوە لەو ئەشکەنجەیە باشتر بوو.

هەر چەشنە تۆڵەیەك لەو بەشێت زانینە باشتر بوو.هەستم بەوە دەکرد کە ئەگەر دەنگم هەڵ نەهێنم دڵم دەتەقێ!

دیسان دەنگی ترپە ترپەکە! گوێ بدەنێ، بەرزتر، بەرزتر، بەرزتر…

گوڕاندم: خوێڕی پەستانە، بەسم بە شێت بزانن، من ددان بە جەنایەتەکەم دادەنێم. ئەم تەختانە دەرکێشن، لێرەیە، ئەلێرەیە، ئەوە دەنگی ترپە ترپی دڵە پیسەکەی ئەوە.

وەرگێڕ بۆ فارسی: سەعید سەعیدپوور

# پەپوولەی جوان پەرەست

نادر ئەڵڵایاری

دەستی لە گیرفانە بێبنەکەی دەرهاورد و مشتی کردەوە، چەن دەنکە تەزبێح، یەك دوو بەردە مۆرە و سێ چوار کلکەوانەی نگین ڕەش و دەنکەیەك تووی گەرچەکی بەرچاو کەوت، وێدەچوو پێشتر وەك چەقۆی ڕۆژی تەنگانە هەڵیگرتبێ، دەستێکی بەسەر پشیلەکەی بەردەمی دا هاوردو وەلای ناوڕاست لەو شوێنە بەژێر گڵیەوە کرد، دوای چەند ساڵ گەرچەك لە نەمامی دەرچووبوو، ببوو بە دارێك کە سێبەرەکەی هەموو لەشی پشیلەکەی دادەپۆشی، زۆرجار پشیلە لێی دەچووە سەرو لە دنیای ئەڕوانی و لەوێوە سەرنجی دەدا بە دارەکانی دەوروبەری، بەڵام جگە لە دار گەرچەکەکەی ژێرپێی هەموو دارێك بۆن وبەرامە و بەری تایبەتیان هەبوو، ڕۆژێك یەکێ لە تووەکانی دارەکەی کرمان و هاتەوە خوارەوە، لەوڕۆژە بەداوە کەم کەم هەستی بەوە دەکرد خەریکە لە پیاوەتی بکەوێت، بۆیە لەو ڕۆژە بەدواوە نەك دوو هێندە ڕقی لێ بێت بەڵکوو حەزی بە تۆپینی خاوەنەکەی دەکرد، لەمێژ بوو شەقی ئەخوارد، بەر پلارە دار و بەرد ئەکەوت بەڵام ئەمە دووهەم جار بوو کڵاوی لەسەر چووبوو، کاتێك خاوەن گەرچەك بەمەی زانی و گەرچەکی بێ سەمەر دیت لەق و پۆی هەڵپاچی بەجۆرێك تەنانەت گەرچەك سێبەری بۆ خویشی نەدەکرد، بەڵام بەجارێك وشکی نەکرد و نەی فەوتان، چۆن ئەیبینی لەژێر بەشێك لە لەشی دا پەپوولەیەك چەکەرەی کردوە، ئەو پەپوولەی، پشیلە خۆشی ئەویست، ئەو پەپوولەی بۆ جارێکیش بەسەر ڕیشەوە نەنیشتبوو! چۆن پەپوولە جوان پەرەستە!!

# به تاڵان بردنی متمانه

نووسینی: ماریا قوربانی

و: حەیدەر محەممەدی

لەکام پانتایی بیری ڕۆیشتوودا لەشمت بۆ دزینی خولیاکانت برد؟!
لێوەکانم خۆشیی کام ماچیان لەگۆڕ ناوە؟!
چاوەکانم میراسی کام نیگای ئاوێتە بەدەردە؟!
لەگەڵ ئێوەمە! لەگەڵ ئێوە ئەی بریندارانی شەڕی تەن بە تەن
دەستانی کام لە ئێوە ئاوێتەی خوێنی عەشقتان بووە؟!
لەگەڵ ئێوەمە! ئەی زلزانینە کامی ئێوە لە هاواری خۆشی و هەوەسی عەشقتان پشکووتووە؟!
کام لە ئێوە لە حەسرەتی شەهوەتێکی پیس دا لەژێر لێشاوی عارەق مردوون؟!
لەشی کامتان تەربووی هەستەوەری تانە؟!
دەبێ متمانە بە کێهەتان بکرێ؟!
بە کامەتان؟!
بێگانەیی....
لەگەڵ دەستە لاوازەکانم و لەگەڵ پێیە ماندوو و بلۆق کردوەکانم بەجێ بێڵن. لەگەڵ نیگاکەتان نامۆم لەگەڵ دەنگتان و تەنانەت لەگەڵ عەشقیشتان. لەگەڵ هێرشی ڕقی دیوارەکانی ڕەساسی، و وشەکانم بەجێ بێڵن. تاکە پەنجەرەی ئەم دیوارنەش لەگەڵ خۆ ببەن، ئیدی لەوێوە ناکرێ چاو لە کۆڵانەکانی مرۆڤایەتی بکەی.
بڕۆن و لەگەڵ دیوارەکانی بێ پەنجەرەی باوەڕم، بەجێم بێڵن.
دەمەوێ لەم چرکەساتەی بوونی خۆم دا لەگەڵ کەلێن و قوژبنەکانی ئەم دیوارەدا بە تەنیا دانیشم، بڕۆن!
هاوار لە زەلکاودا:
کورسی یەك و ڕۆژنامەیەکیش هەمیسان لەسەری و بە تیترێکی دووپات کراوە "دنیا ڕاگرن دەمەوێ دابەزم" و
دەستانێك نیوە گیان لەنێوان ئاڵقەی زنجیرواری ئەم زەلکاوەدا "پەردە دەگۆڕێ"
ژنێکی سەبەد بە دەست دێتە سەر شانۆ (دەنگی قالاوەکان) و، لەگەڵ خۆی دا دەڵێ: ئێوارەیەکی لەخۆبایی یە، کازیوەی تاڵ بە گاڵتە دەگرێ.
وشە:
وشەکان، هاواری بێ وەڵامی نیگایەك
وشەکان، دەنگی ماندووی زیندانی یەك
وەڵامی دڵۆپە فرمێسکێکی پاك.
درێژ بوونەوەی شەپۆلە پڕ خرۆشەکان نەست و
لەوانەیە تەنیاترین کینەی چواردیواری یەکانی ئەم زیندانە خامۆش و ساردە،
تاوان:
تاوان ڕەنگە هەست کردن بە گوناهێك لە ڕووداوی بوونی ئێمە تاڵتربێ و
ئەو تاوانبارە تەنیا و غەریبەم کە لە ڕووداوی بوونی خۆم ماندوو و پەشیمانم
ئەگەرچی هەستێکی پڕکارەساتە.
هەستی پەرجووی بوون، هەستی توانەوەی وتە.
هەستی بێ شەرمی ناو!!
بەڵام،
جیا لەم هەمووە، لەکۆتایی وتەدا
لەسەرەتای بوونمەوە لەناخمابوو.
هەست و دەرك كردن بە گوناه !!!



# شەڕ و شایی

رەسووڵ سوڵتانی


شەڕ دەستی پێ کرد ئەوەی یەکەمجار تەقەی کرد نەناسرا. جەماوەر خرۆشا. مەست. زۆربەیان هەر لاترەیان دەبەست.
ـ بیانکوژن ......
ـ کێ؟
ـ ئەوە شەڕێکی پیرۆزە و پرسیار کردن تاوانە.
دەنگێکی گڕ و لێبڕاو بوو، فەرماندە؟ هەر کەس بێ. گرینگ ئەوەیە جەماوەر پێك وەربوون. هی وابوو کەسی دەست نەدەکەوت بیکوژێ یا هەر نەیدەزانی بۆچی و کێ ....
هەبوون بۆ ئەوەی تاوانبار نەکرێن لەبەرامبەر ئاوێنە شکاوێکی کۆن دا تەقەیان لە خۆیان دەکرد.
سەرۆك لە تەپۆڵکەیەکەوە دەیڕوانی ـ ئێمە سوور بووین لەسەر ئەوەی لایەك دەبێ ببەزێ. تەپۆڵکەی ژێر پێی سەرۆك جار بە جار بەرزتر دەبۆوە. سەری سەرۆك لە شوورەی قەڵاکە تێپەڕی. هەر جەنازەیەکی دەکەوتە عەرزی بە سێ‌چوار کەس دەیانبردە ژێر پێی سەرۆك. ئێمە تازە گەرم داهاتبووین. دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا هات. خۆر لە نێوەڕاستی ئاسمانەوە نەفرەتی لێ دەباری و ئێمە خواخوامان بوو زوو بەرەو ئاوابوون نەچێ. دیسان زرمەی دەهۆڵ...
من لەو کاتەدا بیرم بۆ کەڕەنای شەڕ چوو بەڵام بۆ بەیانی لێ نەدرا؟ ـ
دیسان دەنگی زوڕنا و هەوای ڕۆینە ... چۆپی ... شێخانی ...
ـ شایی؟
خۆم لە شەڕ دزییەوە. چاوم بە هێندێ تەرم کەوت. ئەوانە بوون کە خۆیان لە شەڕ دزیبۆوە یا حەزیان لێ نەبوو. نەترسام. هەر چوار دەورمان شوورەیەکی تا بڵێی بەرز. تەنیا دوو شت لێی بەرزتر بوون. ئاسمان و سەری سەرۆك. تا کوژراو زیاتر بوایە سەرۆك زیاتر بەرەو ئاسمان هەڵدەکشا. ژێر پێی خۆی نەدەدی. لێی نزیك بوومەوە دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا لەوانەبوو کەڕم کەن. ئەم نوقمی مەیدانی شەڕگە بوو یانی من وام هەست پێ کرد. بێ ئەوەی بزانێ بە چاوەکانی دا ڕۆچووم. شاییەکەم دۆزییەوە. ڕەنگ بانگی ڕەنگی دەکرد. داوەت بە دوو دەست هەڵنەدەگیرا. سەرۆك لە سەرچۆپی داوەتەکەوە دەیڕوانییە شەڕگە. من لەبەر پێی ڕاوەستابووم. لەوێوە هەموو وڵات دیار بوو.
دەستم نا بن گوێچکەم: هۆۆۆی خەڵ ....
ـ بە دەستووری کێ تەقە ڕادەگری؟
دەستێکی بەهێز لە گیرفانی سەرۆکەوە هاتبۆ دەرێ. وەخت بوو بخنکێم. بۆنی گوڵاوەکەی سەرۆکی لێدەهات.
ـ دەی بڵێ، کێ فێری هاواری کردی؟
ـ ....
ـ کێ گوتی تەقە بوەستێنی؟
ـ ....
تەقە هەر بەردەوامە و من لە مابەینی شایی و شەڕگەدا هەڵواسراوم.

---

# چوو له دڵت هات

ناهید محەممەدی

چوو له دڵت هات دڵم شکانی
قەڵای ئامال و عێشقم رمانی
شای موڵك دڵم گەنج عێشق دیرم
دڵ عاشقم بی خود ترسانی
گدا سفەتی لەی دەرە بچوو
چەوێت ورسێگە، بەخشش نیەزانی
قەبوولت نەیرم دڵ وەلید نامە
ت ك بازیچەی دەس زەمانی
ت عاشق نیید، عاشێق نەمایدن
وەگەرنە دەردێ عاشقەیل زانی
لە عێشق و ئیحساس بەشێ نەیریدن
یێ سەردەرگومێ بی ئاشیانی
خودا بکەیدن ئارامت نەگرێ
نەدەرچی وەدەس دڵ پەریشانی
شەرمەندەی ئیحساس رووسیەی عێشقی
لە هەریم عێشق حورمەت شکانی



# چاوەکانت...

کەریم سۆفی مەولوودی

کەس وەک ماسی خوڕەی ئاو ناناسێ!
کەس وەک ئاڵەکۆک خشپەی بەهار نابیسێ!
کەس وەک شالوور دڵی ناخورپێ!
چاوەکەت...
ئاخ
چاوە شینەکەت
کەس وەک من تێیدا ناخنکێ!!

---

کەژاڵ ئەحمەد:

# کچێك بۆئەوەی بنووسێت دەبێت باوك،برا،مێرد،عەشیرەتەکەی ڕێگەی پێ بدەن

هەڤپەیڤین: ئەمیر شوعاعی وەند



***پێگەی ژن لەئەدەبیاتی کوردیدا چۆن دەبینی؟**
- ژنی کورد بەڕای من بەتەنیا لەبواری شیعردا وەك یەکێ لە ژانرەکانی ئەدەب توانیوویەتی خۆی بناسێنێ،بەڵام سەبارەت بە لقەکانی تری ئەدەبیاتی کوردیی یان تاڕادەیەك بوونی خۆی نەسەلماندووە یان هەر خۆی لەقەرەیان نەداوە نموونەیەك بۆ ئەمە هونەری نووسینی ڕۆمانە، کەس لەئێمە ناوی ژنە ڕۆماننوسێکی بەتوانای کورد نازانین‌و نەمانبیستووە بەڵام زۆرێك لەئێمە شەیدای ڕۆمانەکانی ژنە ڕۆماننوسەکانی جیهانین وەکو ئیزابێل ئەلەندی‌و مارگرێت دۆراس‌و فیرجینیا وۆلف‌و تەسلیمە نەسرین‌و لە عەرەبەکانیشدا ئەحلام مستەغانمی‌و غادە سەممان‌و لەنێو فارسەکانیشدا گوڵی تەرەقی‌و چەندانی تر.
دەتوانین بڵێن ژنی کورد لەبواری چیرۆك نوسیشدا هەوڵی باشی هەیە بەڵام بەردەوامیی وئامادەبوونێکی وەك ئەوەی شیعری نییە، هۆکاری ئەم پێشڕەوییەی ژنیش لە شیعردا بۆ ئەو بناغەو بنەما مێژووییە دەگەڕێتەوە کە شیعر لە مێژووی ئێمەدا هەیبووە بەشێوەیەکی گشتی‌و شیعری ژن هەیبووە لەچاو ژانرەکانی تردا کە زۆربەیان لەدنیای دەرەوەو پاش بڕینی قۆناغێك خواستراون واتا هەڵقوڵاوی کلتوری کوردیی نین ئێمە دەزانین ڕۆمان بەرهەمی کۆمەڵگەی شارنشینەو پێشکەوتنی شارو شارستانییەتی ئەوروپا بەرهەمی هێناوە بۆیە لەدنیاکەی ئێمەدا پیاوانیش بەژمارەیەکی بەرچاو بەرەو رووی نەچوون‌و نەبوونەتە ڕۆماننوسی زۆر چاك چ جای ژنان کە هەیشە ڕێگەیان لێ گیراوە گوزارشت لەخۆیان بکەن‌و تائێستاش ئازادیی نووسین لەلای ژنان لەقەیرانێکی گەورەدایە. کە وتم شێعری ژن بنەمای مێژوویی هەیە لەلای ئێمە بۆخۆم ئەو سەرچاوەیە بە ژنە پێشەنگی کوردەواریی بواری نووسین خاتوو (مەستوورەی کوردستانیی) دەزانم‌و شیعرە ئاگرینەکانی ئەو کە بۆ مەرگی مێردەکەیی نوسیوون بە دەستپێکی شیعری ژنانە لەکوردستاندا لەقەڵەم دەدەم بۆ وەڵامی ئەوانەش کە پێیان وایە بەرهەمە شیعرییەکانی مەستوورە لەسەر ئەدەبی کوردیی حسابنین چونکە بەزمانی فارسی نووسراون دەڵێم لەئەمڕۆشدا گەورە ڕۆماننوسی کورد(سەلیم بەرەکات) بە عەرەبیی دەنووسێت‌و زمانەکەی لەعەرەبەکان خۆیان جوانترو پاراوترە بەڵام تا دنیا ماوە سەلیم بەرەکات هەر نووسەرێکی کوردەو نیشتمانپەروەرییەکەی وایکردووە دەستەوەستان دانەنیشێ لەبەردەم بڕیاری قەدەغەکردنی زمانی کوردیی لەلایەن داگیرکەری وڵاتەکەیەوە بەڵکو هەر بەزمانی عەرەبیی گەورەترین خزمەتی بەئەدەبی کوردی‌و کوردایەتی کردووە. بەڕای من مەستوورەش هەر ئەمەی کردووە بۆیە هەقە بەرێزێکی زۆرەوە باس لەئەزموونی مەستوورە بکرێت.

***بۆچی ژنان کەمتر خۆیان لەقەرەی ئەدەبیاتی کوردیی داوە؟**
- هۆکاری دوورە پەرێزیی ژن لەپرۆسەی نووسین رەگێکی قووڵی هەیە کە لەسیستمی موڵکداریکردنی دنیا لەلایەن پیاوەوە سەرچاوەی گرتووە، لەکۆمەڵگەی پیاوسالاریدا مافی قسەکردن‌و دەربڕینیش بەدەست پیاوەوەیە کچێك بۆئەوەی بنووسێت دەبێت باوك،برا،مێرد،عەشیرەتەکەی ڕێگەی پێبدەن کە ڕێگەشیان پێدا دەبێ بزانن بەنیازە چی بڵێت تا دڵنیابن لەوەی شەرەفی ئەوان بەهۆی دەربڕینەکانی ئەم کچەوە لەکەدارنابێ گرفتەکە لەوەدایە لەمجۆرە وڵاتانەی وەك وڵاتی ئێمەدا ژن شەرەفی پیاوە بەڵام پیاو شەرەفی خۆیەتی،هیچ شتێ کە بەسەر پیاوێکدا بێت شەرەفی پیاوەکەو ژنانی پەیوەست بەوپیاوەوەی پێ‌ناشکێ بەڵام لەبەرامبەر بچوکترین هەڵەی ژنێکدا پیاوانی خێڵەکەی خۆیان بە شەرەفشکاو دەزانن‌و زۆر جار بەکوشتنی ئەو ژنە کە ناویاننـاوە کوشتنی شەرەفپارێزیی سەربەرزیی بۆ خۆیان دەگەڕێننەوە.

***قۆناغی ئێستای شیعری نوێی کوردیی بەگشتی‌و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی چۆن هەڵدەسەنگێنێت؟**
- شیعری نوێی کوردیی لەبەردەم گۆڕانی گەورەدایە لەبەرئەوەی گۆڕان گەورە لەدنیای کوردا روویداوەو بەدڵنیاییەوە گۆڕانی دیکەش بەڕێوەیە، شیعر لەکوردستانی ڕۆژهەڵات لەگەرمەی بزووتنەوەو بەرەو پێشچووندایە
لەم دوو سێ ساڵەی دووایدا گەلێ ناوو بەهرەی جوان سەرنجی ڕاکێشاوم کە ئومێدی ڕاچەنینێکی گەورەی شیعرییان لێدەکەم بەتایبەتی لەنێو ژنان‌و گەنجانی ڕووناکبیردا.

***کەژاڵ لەشیعردا زۆرتر بایەخ بەچ لایەنێك دەدات؟**
- ئەوین جێگای بایەخی منە هەر ئەویش دەستم دەگرێ‌و ڕێنوێنیم دەکات بەرەو فۆڕم‌و ناوەڕۆکێکی دیاریکراو بەرەو دنیایەك کە ژنانە تیایدا دەژیم دەفڕم دەدوێم پێدەکەنم‌و دەگریم.

***وەك قەڵەمێکی رەخنەگر لەگۆمەڵگای پیاوسالاریی بۆچی زۆرتر لەکێشەی ژنان ئەدوێی؟**
- لەبەرئەوەی ژن ژیانەو ژیان‌و ئاستی کۆمەڵگاکان پەیوەستن بە ئاست‌و ژیانی ژنانەوە بۆیە ناتوانم خوازیاری ژیانێکی باشتر نەبم بۆ ژنان ناشتوانم بەزمانی ژن نەدوێم‌و راستییەکانی ژێردەستەیی ژنان لەکۆمەڵی پیاوسالاریدا باسنەکەم. هۆکاری هەرە سەرەکی ئەم هەڵوێستەشم ئەوەیە کە زەقترین خراپەکایی‌و هەڵەی سیستمی کۆمەڵگەی پیاوسالاریی جەورو ستەمیەتی بەرامبەر بەژنان.

***وەرگێڕان پێویستییەکی حاشا هەڵنەگری ئەدەبیاتە، وەرگێڕە کوردەکان تا چەند توانیوویانە ئەدەبی کوردیی بەجیهان بناسێنن؟**
-ئەگەرچی تائێستا لەئاستی خواستەکانی ئێمەدا نییە بەڵام ناساندنی شیعری کوردیی بەجیهانی دەرەوەی خۆمان قۆناغی باشی بڕیووە، هەر لەڕێی ئەو وەرگێڕانەوە شیعری شێرکۆبێکەس خەڵاتێکی جیهانیی بەدەستهێناو دەنگی هەندێ لەشاعیرانمان لەدنیادا ناسراوە ،هەر لەو چوارچێوەیەشدا ئەم ساڵ کۆمەڵە شیعرێکم لەلایەن دەزگایەکی چاپی نەرویژی بەناوبانگەوە بەناوی (Cappelen) بڵاودەکرێتەوە بەناونیشان (Errobringer) ەو کاك هاودەم‌و خاتوو ئینگەر وەریانگێڕاوەتە سەر زمانی نەرویژی.ئەمانە هەوڵی باشن‌و جێگای دەستخۆشین بەڵام هێندەی نووسەرانی ئێمە سەرقاڵی ناساندنی ئەدەبیاتی بیانین بە کورد سەرقاڵی ناساندنی ئەدەبیاتی کوردیی نین بەجیهان.


***راتان سەبارەت بەورەوتە شیعرییەی بەناوی بەرەی چوارەمی‌شیعری رۆژهەڵات لەرۆژهەڵات دا سەری هەڵداوە چیە؟**
- هەموو رەوتێکی نوێ دەمانخاتە بەردەمی ئەو پرسیارەی کە ئایا دەتوانێت بەردەوام بێت‌و گەشە بە تەواوی بزووتنەوەکە بدات؟ زۆربەی کاتیش زەمەن وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە و جەوهەری داهێنەران لەوانی دی جیادەکاتەوە، پێم وایە هێشتا زووە بۆ دەربڕین رایەك لەسەر ئەو رەوتە چونکە ماوەیەتی زیاتر خۆیمان پێ بناسێنێ و بگاتە باشووری کوردستان بۆیە لەئێستادا بەتەنیا ئومێدی سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم.

*** قەڵەمە بەرچاوەکانی بواری ئەدەبیاتی ژنان لەکوردستانی رۆژهەڵات کێن؟**
-قەڵەمە دیارەکانی بواری ئەدەبیاتی ژنان ئەمانەن( ناهید حوسەینی، کلسوم عوسمانپور، سیمین چایچی،بەیان عەزیزی،زەینەب یوسفی،سەحەر رەسایی،شیلان گەیلانی،نەسرین خانزادی‌و چەندانی تر)

***چ پێشنیارو پەیامێکت هەیە بۆ ئەدیبە لاوەکان کە تازە دەستیان بەنووسینکردووە ؟**
- خوێندنەوەی بەردەوام‌و پشوو درێژیی دوو تەوەری سەرەکی‌و پێویستن بۆ نووسەری تازە پێگەیشتوو بێجگە لەوانەش لەخۆنەگۆڕان‌و خاکیی بوون سەرکەوتنێکی مسۆگەر دەهێننەرێی ئەو گەنجە بەهرەدارانەی بەرەو ئاسۆیەکی رووناك ملی ڕێگایان گرتووە.

---


# بەرهەمی نوێ



تابووت
کۆمەڵە شێعر
محەممەد ئەحمەدی


مۆمیاییەکان
(کۆمەڵە شێعر)
نووسینی: کەریم سۆفی مەولوودی





دەروەچەیڵی شەکەت
(پنجرەهای خستە)
کۆمەڵە شێعر
نووسینی: ناهید محەممەدی

هونەری ڕۆژنامەنووسی
هەواڵ، ڕیپۆرتاژ، گفتوگۆ، وتار
نووسینی: کاروان عەلی



# ناسیونالیزمی مەدەنی،
# یان گەڵاڵەیەك بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی كورد؟

سەركاو — بەشی چواردەهەم

### ١ـ دیكتاتۆری بۆ ئێرانو هێرش بۆسەر كوردستان

ئایەتوڵڵاو ئاخوندە تازە بە دەسەڵات گەیشتوەكان بە سەپاندنو قانوونیكردنی هزرو ڕێبازی خۆیان بەسەر نەتەوە جۆراوجۆرەكاندا، زەمینەو پاساوی پێویستیان بۆ بنەجێ كردنی زەبروزەنگو دیكتاتۆری لە سەرانسەری ئێران دا پێك هێناو بە وەڕێ خستنی تەبلیغاتێكی بەرین دژی حیزب، گرووپو ڕێكخراوە جیاجیاكان لە ڕاگەیەنە گشتییەكانی خۆیان دا بە كردەوە ڕێگای هەرچەشنە چالاكییەكیان لێبەربەستكردنو بە ڕەسمی ناسینی "حیزبی جمهووریی ئیسلامی" بەردی بناغەی تاكرەوی، ئینكاری سەرجەم بیروبۆچوونو مەیلە سیاسییەكانی دیكەیان دانا. سەرانی ڕێژیمی نوێ زۆر سووكو ئاسان بوختانی نۆكەرایەتیی بێگانەو سەهیونیزمو ئیمپریالیزمیان دەدایە پاڵ ڕەسەنترین هێزە سیاسییەكانی ئەو كاتو بۆ خۆشكردنی بوار بۆ سەركوتیان، وەك "مفسد فی‌الارض" "دوژمنی خوا"، ناویان دەبردنو بە هێرشی هەواییو زەوینی بۆ سەر كوردستانو بۆمبارانی شارو گوندەكانو كوشتاری خەڵكی مەدەنی بە مەبەستی لێك دابڕینی ڕێبەرانی بزاڤی ناسیونالیزمی كوردیو كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان هەوڵیان دەدا.

لە هەلومەرجێكی ئەوتۆداو بۆ ئاگاداركردنەوەی دەسەڵاتدارانی شۆرش لە مەترسییەكانی ئەم چەشنە سیاسەتانەیانو داكۆكیكردن لە دەسكەوتەكانی شۆرشو ڕێگرتن لە بەفیڕۆ چوونیان، حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران لە ڕێكەوتی چورادەی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨دا، واتە چەند ڕۆژێك بەر لە هەڵگیرسانی ئاگری شەڕی داسەپاوی ئاخوندە دەسەڵاتدارەكانو دەرچوونی فتوای جیهادی خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژدا، نامەیەكی بۆ ئایەتوڵڵا خومەینی نووسیو مەترسییەكانی ئەو هێرشە پروپاگەندەیەی كە لە ڕاستیدا بۆ پێكهێنانی زەمینەی هێرشی نیزامی دەست پێكرابوو وەبیر ناوبراو هێنانەوە. لەو نامەیەدا هاتوە كە: "ڕۆژێك نیە كە حیزبی ئێمە لە لایەن كاربەدەستێكی دەوڵەتیو یان مەزهەبییەوە هێرشی نەكرێتە سەر. بوختانەكانی دەورانی پاشایەتی وەك جودابوونەوە خواز، بێگانە پەرستو . . . وەك ڕێژنەی گوللە بەسەرمان دا دەباری. ئەمانەو پتر لەمانەش چوونەتە پێشێو پڕكێشیان كردوەو بوختانی سەهیونیزمیان بە حیزبێك كردوە كە لەمێژە پێوەندییەكی زۆر باشی دۆستانەی لەگەڵ ڕێكخراوی ڕزگاریدەری فەلەستیندا هەیە... . سەیرە كەسانێك ئەم چەشنە بوختانانەیان هەڵبەستون كە بەردەوام لێرەولەوێ ڕێگە بۆ پەلاماری جۆراوجۆر خۆش دەكەنو ئاسایشو تەنایی خەڵكیان تێك داوە، ئەم چەشنە بوختانانە درۆی ڕووتنو قەد بەلای ڕاستی نەچوونە، دەنگوباسو لێكدانەوەكانی ڕادیۆو تەلەویزیۆنو لاپەڕەكانی ڕۆژنامەكانیان دارماڵ كردون"[١]، ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموكرات بە ڕوونی بۆی دەركەوتبوو كە ئامانجی سەرانی ڕێژیم لەم چەشنە هێرشە تەبلیغاتییە چیە، بۆیە لە درێژەی نامەكەدا ئاماژەی بۆ ئاكامەكانی ئەو هێرشە كردوەو دەنووسێ: "وێڕای ئەم پڕۆپاگەندە ناڕەوایە، ئەرتەش لە هەموو لایەكەوە بەرەو كوردستان كەوتۆتە ڕێو لە باشوورو ڕۆژهەڵاتەوە، خێراو بە ڕێكوپێكی، پادگانەكانی شارەكانی كوردستان پڕچەك دەكرێن. وەك ڕۆژ ڕوونە كە هێزە كۆنەپەرستو پاشماوەكانی ڕێژیمی شا كە خۆیان خزاندۆتە نێو ئەرتەشو كومیتەكان... خەریكی سازدانی شەڕی براكوژیو ڕێكخستنی قەڵتووبڕێكی بەرین لە كوردستانن"[٢]

بزاڤی كوردی حەقی بوو كە نیگەران بێ، چونكە لە ڕاستیدا قانوونی بنەڕەتی مافی یەكسانیی نەتەوایەتیی نەتەوەكانی ئێرانی بەرەسمی نەناسیبوو. كەوابوو حیزبی دیموكراتی كوردستان باش هەستی بەو مەترسییە كردبوو كە بە حاشا كردن لە مافی نەتەوایەتیو بەرەسمی نەناسینی، چ كارەساتگەلێك لە حاڵی دووپاتبوونەوەدان. حیزب ئەم سیاسەتەی ئاخوندەكانی بەسەرەتای قۆناغێكی دیكەی چەوسانەوەو سەركوتو كوشتاری خەڵكی كوردستان دەزانی. بۆیە بەردەوام پێی لەسەر ئەوە دادەگرت كە كێشەی كورد كێشەیەكی سیاسییەو بە ڕێگای نیزامی چارەسەر ناكرێو پێویستە وەك بزاڤێكی دیموكراتیك پشت بە دیالۆگو وتوویژ ببەستێو نەهێڵێ بۆچوونی چەوتی ڕێبەرایەتیی ڕێژیم سەربگرێو كوردستان ببێتە مەیدانی شەڕی چەكدارانە. چونكە ئەمە ڕاست بە مانای پاشەكشەی دیموكراسیو زاڵبوونی دیكتاتۆری بوو. كەوابوو ڕێبەرانی ناسیۆنالیزمی كوردی بە ئەركی سەرشانی خۆیان دەزانی بۆ داكۆكی لە ئازادیو دیموكراسی هێندەی

**ئەركی مێژوویی بزاڤی ناسیۆنالیستی كوردی بوو كە دژی تەواوی شێوەكانی دیكتاتۆریو پاشڤەڕۆیی خەبات بكا تا ئیقتدارگەری ساوكە نەبێو ئامانجە ژیارییەكانی نەتەوەكانی ئێران پێخۆست نەبن**

**ئەگەر هێزە دژی شۆڕشەكان كە ئێستا لە هەموو لایەكەوە بەرەو كوردستان ئەرتەش دەخەنە ڕێ، هێرش بكەنە سەر دەسكەوتە شورشگێڕانەكانمان، ئەگەر بە چەك ڕووبەڕووی خەڵكی ئێمە ببنەوە، دڵنیاین كە خەڵكی ئێمەو زەحمەتكێشانی كوردستان، یەكدەستو یەكگرتوو، بەرەڤانی لە شورشو دەسكەوتەكانی دەكەن**

لە توانایان دایە وەك پاڵپشتی سەرەكیی مافی نەتەوایەتی، لە ڕێگای دیالۆگەوە هەوڵ بدەنو هەوڵیشیان دا. چونكە ئەوان سەركەوتنی كۆنەپەرستییان ڕاست بە مانای لەدەستچوونی ئامانجەكانی بزاڤەكەیان دا دەزانی. بەم پێیە ئەركی مێژوویی بزاڤی ناسیۆنالیستی كوردی بوو كە دژی تەواوی شێوەكانی دیكتاتۆریو پاشڤەڕۆیی خەبات بكا تا ئیقتدادگەری ساوكە نەبێو ئامانجە ژیارییەكانی نەتەوەكانی ئێران پێخۆست نەبن.

حیزبی دیموكراتی كوردستان بۆ ئاسایی بوونەوەی كەشوهەوای كوردستانو بەرقەراربوونی تەنایی، زۆر ڕوونو زەلال ئەو هۆكارانەی دەستنیشان كردن كە ببوونە هەڕەشەیەكی گەورە لەسەر ئامانجە دیموكراتیكو نەتەوایەتییەكانی. بۆیە داوای لە خومەینی كرد كە١) ئەو ئەفسەرو فەرماندانە لە كوردستان نەهێڵێ كە بە ڕێژیمی پێشوو وەفادار بوون،٢) نەهێڵێ كومیتەكانی شورش لە دەستی كەسانێكدا بن كە دوژمنی خەڵكی كوردنو ئەمەشیان بەكردەوە نیشان داوە، نموونەكەشی خولڤاندنی ڕووداوە كارەساتبارەكانی شارەكانی سنە، نەغەدە، مەریوانو ورمێ بوون، ٣) سزادانی ئەوانەی كە دەستیان لە ڕووداوەكانی شارەكانی سنەو نەغەدەدا هەبوو. وەك حەسەنیو زەهیرنەژاد. هەروەها حیزبی دیموكرات ئەو قەولو بەڵێنانەشی وەبیر خومەینی هێنانەوە كە كاتی خۆی بە نوێنەرانی كوردی دابوون. لەم پێوەندییەدا لە نامەكەدا هاتوە "ئێوە فەرمووتان داكۆكی دەكەن لە چەوساوان، كەوایە بۆچی لەو هەزارو دووسەد پارچە چەكەی كە لەلایەن (ژاندارمریی ورمێ)وە دابەش كرابوون هەموویان وەبەر خاوەن موڵكو زۆرداران كەوتبون تا دژی جووتیارانو ڕێكخراوە خەڵكییەكان دەكاریان بكەنو تەنانەت وەك میناكیش، تاقە جووتیارێكیش چەكی وەرنەگرتوە"[٣].

ڕێبەرایەتیی بزاڤی كوردی پاش وەبیرهێنانەوەی هەندێ بەڵێنی دیكەی ئایەتوڵڵا خومەینی وەك بەڵێنی ئاوەڕدانەوە لە ناوچە هەژارەكان یەك لەوان كوردستانو سپاردنی تەنایی نێوخۆ بە دەستی خەڵكی كوردستانو دەربڕینی ناڕەزایەتی سەبارەت بە هێنانی پاسدار، پولیسو ژاندارمی ناخۆجێیی بۆ كوردستان، دەڵێ" "ئێوە فەرمووتان جیاوازییەك لە نێوان كوردو فارسو تورك...دا نیە. كەوابوو بۆچی لە حاڵێك دا تێكڕای حیزبە سیاسییەكان مافی چالاكیی ئاشكرایان هەیە. ڕێگا نادرێ حیزبی ئێمە لە سەلماسو ورمێو تەنانەت كرماشان نوێنەری هەبێ... ئێوە فەرمووتان ئەركی ئەرتەش پارێزگاریو پاسەوانی لە سنوورەكانە ئەدی بۆ ... تانك، هەلیكوپتەرو تەنانەت فانتۆمیش هێرش دەكەنە سەر خەڵكی مەدەنیی كوردستان."[٤]

لەم نامەیەدا پاش ئاماژە بە چەندین نموونە لە هەڕەشەو گوڕەشەو ڕەفتارە شەڕانییانەی سەرانی ڕێژیمو پێشنیار كردنی كۆمەڵێك ڕێگا چارەی گونجاو بۆ چارەسەركردنی ئاشتییانەو دیموكراتیكی كێشەكان بە خومەینی گوتراوە: "حەزرەتی ئایەتوڵڵا! ڕاشكاوانەو بە هەست كردن بە بەرپرسیارەتییەوە ڕادەگەیەنین كە كوردستان لە بەرەبەری كارەساتێكی گەورەدایەو پیلانێكی بەرفرە دژی خەڵكی كوردستان بەدەستەوەیە، سەبری شۆرشگێڕانەو دان بەخۆداگرتنی حیزبی ئێمە تا ئێستا هۆكاری سەرەكیی پێشگرتن بەم كارەساتە بووە. لە داهاتووش دا سەبرو دان بەخۆداگرتنو هەستكردن بە بەرپرسیارەتی لە هەمبەر شۆرشی ئێراندا، وەك دروشمی سەرەكیی ئێمە دەمێنێتەوە. بەڵام بە گوێرەی سەرجەم بەڵگەونیشانەكان، كارەساتەكە بەڕێوەیە. ئێوەو تەنیا ئێوە دەتوانن پێش بەو كارەساتە بگرن، ئێوەو هەر ئێوەن كە پێتان دەكرێ یەكیەتیو هاوپێوەندیی، نێوان گەلانی ئێران كە لە دەورانی بەر لە شۆرشدا دروست بووە بپارێزن. تەنیا تواناییو كاریگەریی قسەی ئێوەیە دەتوانێ، پیلانی پیلانگێڕان پووچەڵ بكاتەوە. بۆیە جارێكی دیكەو لە هەمبەر شورشی ئێراندا ئەركێكی مێژووییتان لەسەر شانە. تا درەنگ نەبووە، نەهێڵن خەڵكی بێ تاوانی كوردستان قەڵتوبڕ بكرێن. ئەگەر هێزە دژی شۆڕشەكان كە ئێستا لە هەموو لایەكەوە بەرەو كوردستان ئەرتەش دەخەنە ڕێ، هێرش بكەنە سەر دەسكەوتە شورشگێڕانەكانمان، ئەگەر بە چەك ڕووبەڕووی خەڵكی ئێمە ببنەوە، دڵنیاین كە خەڵكی ئێمەو زەحمەتكێشانی كوردستان، یەكدەستو یەكگرتوو، بەرەڤانی لە شورشو دەسكەوتەكانی دەكەن.[٥]

لە كۆتایی نامەكەدا كومیتەی ناوەندیی حیزب نووسیویەتی: "هەتا ڕێگای چارەسەری سیاسی دانەخراوە، هەتا ڕێگای ئاشتیو لێك گەیشتنو وتوویژ ئاواڵەیە، دەست بەكار بن، بڕیار بدەن... ڕێگای ئاشتیو برایەتیو دۆستایەتی هەڵبژێرن، نەك ڕێگای شەڕو براكوژی"[٦]

حیزبی دیموكراتی كوردستان، هەروەك پێشتریش باس كرا. هێندەی پێی كرا ـ لە ماوەی شەش مانگ ـ بۆ داكۆكی لە پرنسیپەكانی خۆی ڕێگای ئاشتییانەی گرتەبەر، زمانی دیالۆگی بەكار هێناو بە پێی سیاسەتی پێشكەوتوانەو ئاشتیخوازانەی خۆی دژ بە شەڕو شەڕخوازی وەستایەوەو ئاكامە پڕكارەساتەكانی شەڕی وەبیر خومەینی هێنانەوە. بەڵام خومەینییەك كە شەڕی بە نیعمەتێكی خوایی دەزانیو كوردی بە كافر دادەنا، شەڕو مانەوەو مەوجوودیەتی ڕێژیمەكەی لە بەردەوامیی شەڕدا دەدی. هەتا دەهات پتر خۆی بۆ شەڕو كوشتوبڕ ئامادە دەكردو دەسكەوتەكانی شۆرشی بەفێڕۆ دەدان. بەداخەوە خومەینیو هاوبیرە كۆنەپەرستەكانی توانییان بە سەپاندنی شەڕێكی ناڕەوا بەسەر ناسیونالیزمی كوردیدا، كوردستانو ئێران بكەنە مەیدانی شەڕێكی درێژخایەن كە بۆ زیاتر لە چارەكە سەدەیەكە بەردەوامە. شتێكی حاشا هەڵنەگریشە هەتا ڕێژیمی ئیسلامی لەسەر كار بێ، شەڕ لە هەموو ئاستەكانیدا لە نێو كۆمەڵی ئێرانو نەتەوەكانیدا بنەبڕ نابێ. چونكە كۆماری ئیسلامی ڕەمزی مانەوەی خۆی لەو شەڕە بەردەوامەدا دەبینێ.

سەرچاوەكان:

١ـ ناصر، تلاش در راه تفاهم، مجموعه اسناد، جلد ١، حزب دمكرات كردستان ایران، بخش انتشارات و تبلیغات، اسفند ماه ٥٩ ل ٨٠ ـ ٧٩

٢ـ هەمان سەرچاوە ل ٨١

٣ـ هەمان سەرچاوە ل ٨٥

٤ـ هەمان سەرچاوە ل ٨٧

٥ـ هەمان سەرچاوە ل ٩٠

٦ـ هەمان سەرچاوە ل ٩١

# نموونەیەكی دیكە لە دوژمنایەتی شۆڤێنیستانە لەگەڵ نەتەوەكانی دیكەی ئێران

جەلیل گادانی

ڕۆژی پێنج شەممە ٨ی بانەمەڕی ٨٤ی هەتاوی وتارێك لە سایتی "ایران امروز"دا سەرنجی ڕاكێشاین كە لە لایەن دوكتور "ئەمیر حوسێنی خونجی"یەوە نووسرابوو. ئەم وتارە لێوڕێژ و لیپاولیپ بوو لە دەمارگرژی و هەستی فارسیزم.

هەر وەكوو بۆ خۆی لە كۆتایی وتارەكەدا ئاماژەی پێ كردوە، ئەم وتارە لە پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی ناڕەزایەتی دەربڕینی خەڵكی خوزستان نووسراوە، كە بەداخەوە وتارەكەی پڕە لە ناتەبایی. بەر لە هەر شتێك پرسیارەكەمان ئەوەیە كە بۆچی دەگەڵ ئەوە كە لە شارێك یا ناوچەیەك دا خەڵك ناڕەزایەتییان دەربڕی ئەو وتەو چەمكە دوور لە واقیعیانە دێنە گۆڕێ؟ و دەست بەجێ بەرچەسپی جوداییخوازییان لێ دەدرێ و ئەو هەموو ڕاستی و بێ بەشی یەی خەڵك دەخەنە پشت گوێ و ئەو خەڵكە هەژار و وەزاڵە هاتوە بە سەر بزێوو یاخی و ... لە قەڵەم دەدەن و و لایەنی زاڵمان و سەركوتكەران دەگرن؟

ئەم وتارە، ئەو ڕۆژانەی بیر هێنایەنەوە كە هێشتا چەند مانگێك بەسەر ڕێپێوانە بەشكۆكانی ساڵی ١٣٥٧دا (كە بوونە هۆی ڕووخانی ڕێژیمی حەمەڕەزاشا) تێنەپەڕیبوو. لە زۆربەی شار و پارێزگاكانیشدا خەڵك لە شەقامەكاندا بوون و زۆربەی ڕۆژنامەكانی ئەو كات و ڕووناكبیران و هەموو توێژەكان دەگەڵ خەڵك هاودەنگ ببوون. لە كوردستانی ئێمەشدا تازە یەك دوو مانگ درەنگتر ڕێپێوان دەستی پێ كردبوو كە جەنابی تیمسار قەرەداغی بابەتێكی توندوتیژی لە ڕۆژنامەی "آیندگان"دا بڵاو كردەوە و تێیدا كوردەكانی بە جودایی خواز و... . تاوانبار كردبوو. لە حاڵێكدا كە هەموو خەڵكی ئێران بە دژی ڕێژیمی شا ڕاپەڕیبوون و ڕژابوونە شەقامەكان.

جەنابی خونجی لەو وتارەدا دەنووسێ: "بە سەرجەمی دانیشتوانی ئێران دەگوترێ نەتەوەی ئێران" چونكە مەبەستیان نكۆڵی كردنە لە شوناسی نەتەوەكان. لە چەند دێڕی خوارتردا دەنووسێ:"دەكار كردنی وشەو چەمكی گەلی كورد و گەلی بەلووچ و ... . كارێكی هەڵەیە. ئێران تەنیا گەلێكی تێدایە ئەویش نەتەوەی ئێرانە". دیارە خونجی لە چەند دێڕی خوارەوەتر لە بیری چۆتەوە كە گوتبووی ئەوە سەرجەمی گەلانی ئێران كە نەتەوەی ئێرانیان پێك هێناوە!

لە شوێنێكی دیكەی هەر ئەم وتارەدا دەڵێ: كەسانێك لە چەمكی (فارس سالاری) كەڵك وەردەگرن و ئێمە گەلێكمان بەناوی گەلی فارس نیە ودەكار كردنی ئەم دەستەواژەیە كارێكی دوژمنكارانەیە و مەبەست و نیەتێكی تایبەت لە پشتە.

بەراستی سەیرە. جا ئەگەر شتێك بەناوی فارس وجوودی نیە و وتەی ئاغای خونجی "تەنیا زمانێك هەیە بەناوی زمانی فارسی" ئەدی خەڵكی پارێزگاكانی فارس و ئیسفەهان و كرمان و تاران و... چیان پێ دەگوترێ؟ و ئەگەر فارسی مەزنی و زمانی فارسی وەك زمانی ڕەسمی بەسەر خەلك و نەتەوەكان و گەلانی دیكەی ئەم وڵاتەدا نەسەپاندوە و فەرمیی نەكردوە، ئەی ئەو زمان و دەسەڵاتە كێ سەپاندوویەتی؟ نووسەری بابەتەكە لە بەشێكی دیكەی وتارەكەی دا باس لە نابەرامبەری مافی كۆمەڵایەتی و سیاسی لەنێو گەلانی ئێرانی دا دەكا و ئەو شتانە بە ناتەبایی مەزهەبی و سەپاندنی بۆچوونی شیعەكان بەسەر شوێنەكان دا دەزانێ و ئاماژە بە پێشێلكرانی مافی بەلووچەكان، كوردەكان و لایەنگرانی ئایینە غەیرە شیعی یەكان دەكا، بەڵام بۆ پاساودانی دەسەڵاتی ئێستاو پێویستیی یەك نەتەوەبوونی ئێرانییەكانو ڕوانگەی خۆیەوە و هەروەها بۆ ڕەوایی بەخشین بە دۆخی ئێستای وڵاتو خامەنەیی بە ڕێبەری موعەزەم ناو دەباو بە سەییدی بەرەچەڵەك عەرەبی ئازەرییەكان ناوی دێنێ. چەند كەسی دیكە لە بەرپرسانی ڕێژیم بە ڕەچەڵەك عەرەب یا ڕەچەڵەك توركی فارس زمان ناو دێنێ و بەو شێوەیە دەسەڵاتدارەتیی درێژخایەنی فارسەكان ڕەد دەكاتەوەو حوكمڕانیی مەلاكان بە ڕەوا دەزانێو وا دەنوێنێ كە بەڵێ ئەوانە واتە مەلاكان هەموو غەیرە فارسن كە دەسەڵاتدارێتی ئێران دەكەن و دەیهەوێ بڵێ كە ئەوان نوێنەری نەتەوە جۆراوجۆرەكانی ئێرانن.

سەیرە، جەنابی خونجی هێشتا نەیزانیوە كە پاش ٢٥ ساڵ لە هیچ شوێنێكی وڵات و بۆ هیچ كام لە گەلانی ئێران بڕگەكانی ١٥و ١٦ی یاسای بنەڕەتی كە لە بواری فەرهەنگی دا مافی خوێندن و نووسین بە زمانی زگماكی دەدەن بە نەتەوەكان، بەڕێوەنەچوون و هیچ كەس ئیزنی خوێندن بە زمانی نەتەوەیی خۆی نیە بێجگە لە فارسەكان ئەوانی تر دەبێ بە ناچاری لە دەورانی خوێندن دا هەر بە زمانی فارسی بخوێنن.

بە بڕوای من ئیتر كاتی ئەو ئیمپراتۆرخوازی و ناوەند گەرایی بەسەرچووەو گەلی فارسیش هەیە و ئەگەر مەسەلە و كێشەی فارسەكان وەك هی كورد و بەلووچ و ئازەری و عەرەبەكان نەهاتۆتە گۆڕێ لەبەر ئەوەیە كە ئەوان بەردەوام لە دەسەڵات دا بوون و یا بە واتایەكی دیكە خۆیان سەپاندوە و توێژەكانی خوارەوەشیان كەمتر لە گەلانی دیكە تاڵییان چێشتوە.

ئێمە نكۆڵی لە دابین بوونی مافی یەكسانی گەلی فارس ناكەین و مافەكان دەبێ بەرامبەر بن یانی نەتەوەكانی دیكەش دەبێ لە دەسكەوتەكاندا بەشدار بن، نەوەك بەو شێوەی تا ئێستا بووە و دەسەڵات و ئاوەدانی و كارخانە و كولتووری زاڵ و زمان هەموان بەدەست فارس بن و ئەوانی تر سواڵكەری بەر دەرگەیان بن.

ئیتر ئەگەر گەنج و لاوانی خووزستان، كوردستان و ئازەربایجان و بۆ ناڕەزایەتی نیشاندان سەبارەت بە پێشێلكردنی مافەكانیان ڕاپەڕین، چیدی بە هاوكاری كردنی دوژمنان و فریوخواردوو تاوانباریان نەكەین. ئێستا دونیا گۆڕاوە و تێكنۆلۆژی گەیشتۆتە ئەو پەڕی خۆی و بەری خۆر بە بێژینگ ناگیرێ. ئێستا كاتی ئەوە گەیشتوە كە بە ڕووڕاستی و سادقانە دەگەڵ كێشە نەتەوایەتی و شوناسی نەتەوەكان ڕووبەڕوو بینەوە و لە چەواشە كردنی مێشكەكان خۆ ببوێرن. ڕاستی یەكان وەكی هەن بێنینە گۆڕێ. باشترین ڕێگە بۆ وەدی هاتنی ئامانجە بەرزە نەتەوەیی‌یەكان و گەیشتن بە مافە تاكەكەسی و كۆمەڵایەتی یەكانی دانیشتوانی نێو ئێران لە نێو بردنی ئاسەواری ئاخوندە كۆنەپەرستەكان و دامەزراندنی سیستەمێكی دێموكراتیكی فیدالی یە. بۆ ئەوەی هەموان بتوانن بەپێی دابین بوونی مافە نەتەواتییەكانی فارس و ئازەری و كورد و بەلووچ و عەرەب و توركەمان و كەمایەت یەكانی دیكەی نێو وڵات هەست بە هێمنایەتی بكەن و لە هەموو ئیمكاناتی ئەم نیشتمانە زێڕینە كەڵك وەرگرن و ببنە خاوەنی دێموكراسی و ئازادیی ڕاستەقینە.

***

# "ئیسلاحتەڵەبانی کورد"

## کارکردن بۆ رەوایی دان بە رێژیم یان خزمەت بە کورد؟!

**عەبدوڵڵا بەهرامی**

ئەو رەوتەی گرووپی "ئیسلاحتەڵەبانی کورد" بە بەستنی کۆڕو کۆبوونەوە لە شارەکانی کوردستانو بە بانگەشە بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژادنی سەرکۆماریو هێنانە گۆڕی هێندێك داواکاری بە ناوی خەڵکی کوردستانەوەو سەرئەنجام پشتیوانی لە کاندیداتۆریی "موعین" دەستیان پێکردوە، جێگای رامانو هەڵوەستەیەو هەر لەو کاتەشدا پێویستی بە هەڵوێست گرتنە لە بەرامبەریدا، چونکە ئەم رەوتە لە هەلومەرجێکدا بە کەڵك وەرگرتنی ئامرازی لە ویستە نەتەوایەتییەکانی هەناوی کۆمەڵگای کوردستان، "داوای چاکسازی" بە قازانجی دابینبوونی مافەکانی کورد دەکا ـ دیارە لەو چوارچێوەدا کە ئەوان بڕوایان پێیەتیو لە یاسای بنەڕەتیشدا ئاماژەیان پێ کراوە ـ کە بەشداریکردنو بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردندا دەتوانێ ئاکامی چارەنووسسازی بۆ رێژیمی ئیسلامی یان بۆ خەڵك لێ بکەوێتەوە.

لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا هەوڵ دەدەین تیشکێك بخەینە سەر مەبەستەکانی ئیسلاحتەڵەبانی کورد لە هاندانی خەڵك بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردن

### ١ـ پرۆسەی ریفۆرمخوازی ئەزموونێك کە ئەزموون کردنەوەی هەڵەیە

ناکرێ ئێستا باسی ریفۆرمخوازی بکەینو ئاوڕ لە ئەزموونی ریفۆرمخوازی لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا نەدەینەوە. بۆ "ئیسلاحتەڵەبانی کورد"و بۆ هەموو خەڵکی ئێرانو بە شێوەیەکی تایبەتیش بۆ خەڵکی کوردستان روون بۆتەوە کە ئیسلاحتەڵەبەکان لەو دوو دەورەیەدا کە بە پشت بەستن بە دەنگی لێبڕاوانەی دەنگدەران هێزی بەڕێوەبەریی وڵاتیان بەدەستەوە بوو، هاوکاتیش لە خولی شەشەمی مەجلیسدا هێزی یاسا دانانیشیان لە کۆنترۆڵدا بوو نەیانتوانی هیچ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە هیچکام لە بوارەکاندا پێك بێنن بە چەشنێك کە زۆرینەی خەڵك لە هەڵبژاردنی خولی حەوتەمی مەجلیسدا متمانەی خۆی لە بەناو ئیسلاحخوازان بە رێبەرایەتیی خاتەمی ئەستاندەوەو هاوکاتیش بۆ جارێکی دیکە "نا"یان بە تەواوەتی رێژیمی کۆماری ئیسلامی گوت. لە پێوەندی لەگەڵ کوردستانو متمانەی خەڵکی کوردستان بە ئیسلاحتەڵەبان، ئەو بەشە لە "ئیسلاحتەڵەبانی کورد" کە لە رووی بڕوا بوون بە مێتۆدی ریفۆرمو خەمخۆری بۆ مافەکانی خەڵکی کوردستانەوە قسە لە ریفۆرم دەکەن وا چاکە ئەزموونی هەڵبژاردنەکانی خولی حەوتەمی مەجلیس لە کوردستان وەبیر خۆیان بێننەوە.

ئەزموونی ریفۆرمخوازی لە کۆماری ئیسلامیدا ئەو راستییەی زۆر بە روونی دەرخست کە: ئەلف ـ ئیسلاحخوازی لە ناوەوەی سیستمی کۆماری ئیسلامیو بە بڕوا هەبوون بە پاراستنی سیستمی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەك هەر هیچ ئەنجامێکی نابێ بەڵکوو لە راستیدا خۆفریودانو خەڵك فریو دانیشە. چونکە پێکهێنانی هەرچەشنە گۆڕانکاریو ریفۆرمێك بە قازانجی دێموکراتیزە بوونی دەسەڵاتو کرانەوەی سیاسیو... بە بێ تێپەڕین لە کۆسپەکانی وەك مانەوەی ویلایەتی فەقیهو ئیسلامی بوونی رێژیم (کە جەوهەری دەسەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامی پێك دێنن) نامومکینە. ئەزموونی ئیسلاحخوازییش لە چوارچێوەی رێژیمدا دەری خست کە تەنانەت گۆڕین یان دانانی یەك گەڵاڵەی یاسایی بە قازانجی ئازادییەکانی خەڵك راستەوخۆ لەگەڵ ئەو کۆسپانەی باسیان لێوە کرا بەرەو روو دەبێتەوە.

ب ـ ناکرێ باس لە ریفۆرم بکرێ بەبێ باسکردن لە پێکهێنانی ریفۆرم لە یاسای بنەڕەتیی وڵاتدا. ئەوەش کارێك بوو نە ریفۆرمخوازانی وەك خاتەمی کە رێبەرایەتیی ریفۆرمخوازانی دەکرد بڕوایان پێی هەبوو و نە ئەو دەزگایانەی دەسەڵاتو پاراستنی کۆماری ئیسلامییان لە دەستو لە ئەستۆ دایە رێگای پێ دەدەن. ج ـ سیستمی کۆماری ئیسلامی بە پێی یاسا بنەڕەتییەکەی بە شێوەیەکە نە لەنێو سیستمو نە لە دەرەوەی سیستمدا رێگا بە بیری ناتەبا لەگەڵ بنەماکانی خۆی نادا و بە شێوەیەکی غەریزی بەرگری لە خۆی دەکا.

سەرەرای هەموو ئەوانەشو وەك بەڵگە بۆ شکستی ئیسلاحتەڵەبان کە ئەم جارە بە دوو باڵو بە دوو کاندیدای بە مەندیلو بێمەندیلەوە هاتوونەتەوە گۆڕەپانی هەڵبژاردن دەتوانین بپرسین ئیسلاحتەڵەبان کە بە دەنگی زۆرینەی دەنگدەرانی خەڵکی ئێران گەیشتنە دەسەڵاتو لە راستیدا رەنگدانەوەی ئیرادەی خەڵك بوون چییان بۆ جێبەجێکرانی ویستەکانی خەڵکی ئێران کە بریتی بوون لە کرانەوەی سیاسی، پەرەپێدانی ئابووری، دابینبوونی ئازادییە تاکەکەسیو بە کۆمەڵەکان کرد؟

### ٢ـ "ئیسلاحتەڵەبانی کورد"

ئەمە دەستەواژەیەکی تازەیەوە کە داهێنانەکانی "ئیسلاحتەڵەبە توندرەوەکان"ە! وەك "ئیسلاحتەڵەبە کوردەکانیش" دەڵێن ئەوانن پشتیوانی لە کاندیدایەك دەکەن کە بەڵێنیان بداتێ ئەگەر سەرکەوت داخوازەکانی کوردەکان (کە ئەوان زەحمەتی گەڵاڵە کردنیان کێشاو)! جێبەجێ بکا. لێرەدا ئەوە روون نیە چۆنە کە ئەوانی ئیسلاحتەڵەب داخوازە ئیسلاحییەکانیان لەگەڵ کاندیدای نیهزەتی ئازادی ئیبراهیم یەزدی هێناوەتە گۆڕێو داوای چاوپێکەوتن لەتەك رەفسەنجانیشیان کردوە، هەر چەند وەڵامی نەداونەتەوە؟!

ئەوانەی بە ناوی "ئیسلاحتەڵەبانی کورد"ەوە راست لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکانی خولی نۆهەمی سەرکۆماری لە کوردستان جموجۆڵیان دەست پێکردوە لە دوو دەستە پێك دێن. ژمارەیەك لەوانە بەستراوەیی توندیان بە رێژیمەوە هەیەو رابردوویەکی لێپاولیپ لە خزمەت بە کۆماری ئیسلامییان هەیەو تەنانەت رۆژانێك لە دژی ئەو هاونیشتمانە کوردانەیان راوەستاونو جووڵاونەتەوە کە تەنیا بە زمان ناوێکیان لە مافە نەتەوایەتییەکانی کورد دێنا یان بە لایەنگری لە خەباتکارانی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد تاوانبار دەکران. دەستەی دووهەمیش لەو کەسانە پێك دێ کە بە دوور لە راستییەکانو تەنیا بە پشت بەستن بەو تیۆرییەی دەڵێ ریفۆرم کارێکی عەقڵانییەو بیر کردنەوە لە گۆڕینی بنەڕەتیو پێکهاتەشکێن بیر کردنەوەیە دێموکراسی یەکی "ناکجا آبادی"و نا عەقڵانییەو پێویستە وەلا بنرێ. ئەم دەستەیە پێیان وایە کورد دەتوانن بە کەڵك وەرگرتن لە کەلێنەکانی نێوان قۆڵەکانی رێژیم بە قازانجی دابیین بوونی مافەکانی (کە دیارە ئەوانیش لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیی دادەنێن) هەنگاو هەڵگرن. هەر لەم پێوەندییەشدا بە وەبیر هێنانەوەی مەترسی یەك دەست بوونەوەی دەسەڵاتو پێشکەش کردنی راستەوخۆی دەسەڵات بە پاوانخوازان لە دەنگدەرانی کورد دەخوازن لە هەڵبژاردندا بەشداری بکەن.

بەڵام ئەوەی لەم پێوەندییەدا گرنگە ئەوەیە کە قسەی کۆتایی هەردووك دەستەی پێکهێنەری "ئیسلاحتەڵەبانی کورد" یەك شتە کە بریتییە لە بەشداری لە هەڵبژاردندا بە قازانجی کاندیدای "ئیسلاحتەڵەبانی پێشڕەو" مستەفا موعین.

### ٣ـ داخوازییە ١٥ ماددەییەکەی ئیسلاحتەڵەبانی کورد

نێوەرۆکی داخوازییە ١٥ ماددەییەکەی "ئیسلاح تەلەبانی کورد" کە هەڵگری کۆمەڵێك داخوازی بچووکی فەرهەنگی و مەزهەبی و تا رادەیەك ئابوورییە لە راستی دا نەك داوا رەوا سەرەکییەکانی خەڵکی کوردستان نین، بەڵکوو هەوڵێکیشن بۆ بچووك و ناسیاسیانە کردنی داخوازی و ئامانجە لە مێژینەکانی کورد لە ئێران. ئەوە لە حاڵێك دایە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان ٢٥ ساڵ لەوەپێش داخوازییە سەرەکییەکانی کوردی لەگەڵ بناخەدانەرانی ئەو رێژیمە هێناوەتە گۆڕێو ئێستاش بە خستنە رووی مێتودی ئێرانێکی دێموکراتیكو فیدراڵ لەگەڵ نوێنەرانی زۆربەی نەتەوە ستەم لێکراوەکانی ئێران دەیهەوێ رێگا چارەیەکی بنەڕەتی بۆ سەرجەم کێشەکانی پێکهاتەی ئێرانو لە سەرووشیانەوە کێشەی سیستمی بەڕێوەبەریو دێموکراسی بدۆزێتەوە. هەرچەند روون نیە "ئیسلاحتەڵەبانی کورد" چۆن رێگایان بە خۆیان داوە نوێنەرایەتییو یستو داخوازەکانی نەتەوەیەك بکەنو ئیرادەی خەڵکی کوردستانو بەرنامەو ستراتیژی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان لە بەرچاو نەگرن، بەڵام بەو حاڵەش پێویستە لێیان بپرسین ئەم رێژیمە لە ماوەی زیاتر لە چارەکە سەدەیەك دەسەڵاتدارێتیدا چەندە پابەندی یاسای بنەڕەتییە پڕ لە کەموکورتییەکەی بووە، تا وەکوو سەرکۆمارێکی بی دەسەڵات ـ ئەویش ئەگەر هەڵبژێردرا ـ ئەم داخوازییانە جێبەجێ بکا؟

### ٤ـ هەڵبژاردنێکی هەستیار لە قۆناخێکی ناسکدا

هەڵبژاردنی ٢٧ی جۆزەردان هەڵبژاردنێکی هەستیارە هەم بۆ رێژیمی کۆماری ئیسلامیو هەمیش بۆ خەڵکی ئێرانو بە تایبەتیش بۆ کورد لە ئێران. ئەوەی ئەم هەڵبژاردنە لە هەڵبژاردنەکانی پێشتر جیا دەکاتەوە لە پلەی یەکەم پێوەندیی بەو هەلومەرجە جیهانییەوە هەیە کە لە دوای رووداوی تێرۆریستیی ١١ی سێپتامبرەوە جیهانی گرتۆتەوە. لەم هەلومەرجە نوێیەدا جیا لە شەڕی دژە تێرۆر کە بۆتە هۆی رمانی دوو دەسەڵاتی تۆتالیتێرو مەزهەبی لە دراوسێیەتیی ئێران، کۆمەڵێك بزووتنەوەی دێموکراسیخوازانەشی لە هەناوی ژمارەیەك لە وڵاتانی دوورو نزیکی ناوچەکەش سەریان هەڵداوە کە بە پاڵپشتی دنیای پێشکەوتوو و زلهێزەکان خەریکی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی هێمنانەن بە قازانجی ئازادیو دێموکراسی. بێجگە لەوە ئەم هەڵبژاردنە لە هەلومەرجێکدا بەڕێوە دەچێ کە لە ئاستی نێو خۆییدا رێژیم لە هەموو کاتێك زیاتر لەگەڵ قەیرانی رەوایی "شروعیت"بەرەورووییەو لە ئاستی نێونەتەوەییشدا سەبارەت بە پشتیوانی لە تێرۆرو هەروەها پرسی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکیو پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ژێر گوشاری ئەمریکاو وڵاتانی رۆژئاوایی دایە.

ئەزموونی هەڵبژاردنەکانی خولی دووهەمی شوورِاکانی شارو دێو مەجلیسی حوتەم نیشانیان دا کە خەڵکی ئێران هەم متمانەیان بە ئیسلاحتەڵەبەکان نەماوەو هەمیش بڕوایان بە بێ ئاکامیی بەشداری لە هەڵبژاردندا هێناوە. لە راستییشدا ئەوە ئاکامێکی لۆژیکییە کە خەڵك پێی گەیشتون. بەشداری لە هەڵبژاردندا کاتێك واتای بەشداریی سیاسیی خەڵك لە دەسەڵاتدا دەگەیەنێ، کە دەنگی خەڵك گۆڕانکاری سیاسیی قازانجی ئەوانی لێ بکەوێتەوە.

بەشداری نەکردنی خەڵك لەم هەڵبژاردنەدا لەگەڵ ئەوەی هەڵوێستی سیاسییە بە دڵنیاییەوە دەتوانێ ئاکامی باشی بە قازانجی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازانە لە ئێراندا لێ بکەوێتەوە.

بەشداری نەکردنی خەڵك رەنگە وەك "ئیسلاحتەڵەبانی کورد" دەڵێن یەکدەست بوونی دەسەڵاتی لێ بکەوێتەوە بەڵام گرنگتر لەوە پرسی رەوایی رێژیمی لە لای خەڵك یەك لا دەکاتەوەو قەیرانی رەوایی رێژیمیش قووڵتر دەکاتەوە. هەر ئەوەشە وای کردوە رێبەرانی رێژیم کەوتوونەتە خۆ بۆ ئەوەی کە بە هەر شێوەیەك بووە خەڵکێکی زیاتر بکێشنە سەر سندووقەکانی دەنگدان بۆ ئەوەی بە دژ بەرەکانی خۆیانو دنیای دەرەوە بڵێین کە رێژیمەکەیان ئێستاش رەوایی هەیە.

لەم روانگەیەوە پێویستە وەك دوا وتە بە "ئیسلاح تەلەبانی کورد" بڵێین ئێوە بە هاندانی خەڵك بۆ بەشداری لە هەڵبژاردندا لە ژێر هەر ناوێکدا خەمخۆریی خۆتان بۆ درێژەی دەسەڵاتی رەشی کۆماری ئیسلامی نیشان دەدەنو بەم کارەتان یارمەتیی بە تەمەنی درێژیی دەسەڵاتێك دەکەن کە بێجگە لە سەرکوتو مەرگو ماڵوێرانیو جیاوازیدانان هیچ دیارییەکی بۆ خەڵکی کوردستان پێ نەبووە.

*) مەبەست لە ئیسلاحتەڵەب لەو بابەتەدا ئیسلاحتەڵەبانی حکوومەتییە

> **بەشداری نەکردنی خەڵك رەنگە وەك "ئیسلاحتەڵەبانی کورد" دەڵێن یەكدەست بوونی دەسەڵاتی لێ بکەوێتەوە بەڵام گرنگتر لەوە پرسی رەوایی رێژیمی لە لای خەڵك یەك لا دەکاتەوەو قەیرانی رەوایی رێژیمیش قووڵتر دەکاتەوە**

> **ئیسلاحخوازی لە ناوەوەی سیستمی کۆماری ئیسلامیو بە بڕوا هەبوون بە پاراستنی سیستمی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەك هەر هیچ ئەنجامێکی نابێ بەڵکوو لە راستیدا خۆفریودانو خەڵك فریو دانیشە**

# دەقی وتەکانی هاوڕێ خوسرەو عەبدوڵڵایی لە کۆبوونەوەی کومیتەی رۆژهەڵاتی ناڤینی ئینتێرناسیونال سوسیالیست لە لەندەن ـ ٩ی مای ٢٠٠٥ی زایینی

**جەنابی سەرۆك!**

**هاوڕێیانی بەڕێز!**

باس لەسەر سەقامگرتوویيو جێگیرکردنی ئاشتی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤیندا مێژوویەکی درێژەی هەیە. بەڵام مێژوو و ئەزموون بە ئێمەی نیشان داوە کە بەبێ جێگیربوونی دێموکراسیو رێزدانان بۆ مافی مرۆڤ باس لە سەقامگرتوویيو ئاشتی لە ناوچەو تەواوی جیهاندا خەونێکی بێنیوەڕۆکە. خەبات لە پێناوی دابینکردنی سەقامگرتوویيو جێگیرکردنی ئاشتییەکی هەمیشەیی لە ناوچەدا تەنیا لە رێگەی هەوڵدان بۆ رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤو سەقامگیرکردنی دێموکراسییەوە بەدی دێ. بە واتایەکی تر خەبات لە پێناوی ئاشتیو سەقامگرتووییدا ناکرێ لە خەبات بۆ بەڕێوەبردنی مافی مرۆڤ و جێگیرکردنی دێموکراسی جیابکرێتەوە. خەبات لە رێگای سەقامگیرکردنی ئاشتیدا تەنیا ئەوە نیە کە لە هەوڵی پێشگرتن لە پێکهاتنی کەشوهەوای شەڕدا بین بەڵکوو لە ریشەهەڵکێشانی سەرچاوەو هۆکارەکانی ئاڵۆزیو شەڕیش پێویستەو هەروەها دەبێ خەبات بکرێ لە دژی رێژیمە دیکتاتۆرەکان کە لە رێگەی پاوانکردنی دەسەڵاتەوە سیستمگەلێکی سەرکوتکەرانەیان بەسەر خەڵکدا سەپاندوەو پێش لە هەڵبژاردنی ئازادی خەڵك دەگرنو ئەوان لە هەڵبژاردنی ئازادی نوێنەرانیان بۆ بەدەستەوەگرتنی چارەنووسیان بێبەش دەکەن. لە راستیدا لەمپەری سەرەکیی جێگیرکردنی ئاشتیو پەرەگرتوویی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریو فەرهەنگی لە ناوچەو وڵاتانی پێوەندیداردا ئەم رێژیمانەن.

بەداخەوە لە ئێراندا لەگەڵ وەها رێژیمێکدا بەرەوڕووین. رێژیمێك کە ٢٦ ساڵە رەبەقە بە شێوەیەکی دڕندانە نەتەوەکانی وڵاتەکەمان سەرکوت دەکا. بەندکردن، ئەشکەنجەدان، تیرۆرکردن، بێسەروشوێن کردن، بەردباران کردن، بڕینی ئەندامەکانی لەش، ئێعدامکردن لەپێش چاوی خەڵکدا، پەرەگرتنی گەندەڵی لە دەزگا دەوڵەتییەکاندا، هەژاری، بێبەشکردنی گەلانی چەوساوەی ئێران وەکوو کورد، ئازەری، بەلووچ، تورکمەنو عەرەب لە مافە مرۆڤایەتیو نەتەوایەتییەکانیان، بەشێك لە کارنامەی رەشی کۆماری ئیسلامی لەم ٢٦ ساڵەدایە.

لە کوردستانی ئێراندا چەوساندنەوەو سەرکوتکردن گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی. لەم ناچەیەی ئێراندا ئێمە لەگەڵ سەرکوتی ئاشکراو بێبەزەییانەی رێژیمدا بەرەوڕووین. هەرچەشنە داخوازیو نارەزایەتییەکی خەڵکی کورد، تەنانەت لە شێوازی ئاشتیخوازانەشدا بە خوێنڕشتن وەڵام دەدرێتەوە.

**دۆستانی بەڕێز!**

کەسانێك واپیشان دەدەن کە بە گۆڕانی کەسەکان، ئێران ریفۆرمو ئاڵوگۆڕی تێدا بەدی دێو تەنانەت بانگەشەی دێموکراسیو کۆمەڵگای مەدەنیو حکوومەتی یاسا دەکەن، نائاگا لەوەی کە لە ئێراندا ئێمە لەگەڵ سیستمێکدا بەرەوڕووین کە تیایدا کەسێك بە ناوی "رێبەر" بە دامەزرانی دەزگاو ئۆرگانە دەستنیشانکراوەکان تەواوی لایەنەکانی دەسەڵاتی لە پاوان گرتوە. لێرەدا سەرکۆمارو پارلمان جیا لە شانۆگەری هیچ نینو هەربۆیە هیچ دەسەڵاتێکیان نیە. هەر بەم بۆنەیەوە کەسانێکی وەك خاتەمی، تەنانەت ئەگەر وای دابنێین کە نیەتێکی باشیشیان هەبێ، ناتوانن هەنگاوێك بۆ پێشەوە بهاوێژن کە دیتمان نەیتوانی کارێکی ئەوتۆ بکا.

سەبارەت بە رۆڵی رێژیم لە ناسەقامگیرکردنی عێراقدا، دژایەتی لەگەڵ بەڕێوەچوونی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیلو فەلەستیندا، پشتیوانی لە تیرۆریزمی نێونەتەوەییو پشتگیریی گرووپە تیرۆریستییەکان، شتێك ناڵێم چونکە ئەمە شتێکی روونو ئاشکرایەو پێویستی بە باسو لێکدانەوە نیە. هەنووکە پرسیارێك کە لە ئارادایە ئەوەیە کە بە بوونی وەها رێژیمگەلێكو بە سەرنجدان بەوەی کە لەم ناوچەیەدا نەتەوەیەکی ٣٥ تا ٤٠ میلیۆن کەسی بە ناوی کورد کە لە هەموو مافە نەتەوایەتیو مرۆڤایەتییەکانی بێبەش کراوە، چۆن دەتوانرێ باس لە ئاشتیو سەقامگرتوویی بکرێ؟

هەڵبەت بەشێك لە نەتەوەی کورد لە عێراقدا بە دامەزرانی سیستمێکی دێموکراتیکی فیدراڵ بەو هیوایە گەیشتون کە مافە رەواکانی خۆیان وەدەست بهێنن. بەڵام ١٠ میلیۆن کورد لە ئێرانو کوردەکانی بەشەکانی تریش هەروەها لە چووکترین مافەکانیان بێبەشن.

ئێران بە هەبوونی نزیکەی ٧٠ میلیۆن حەشیمەتو هەڵکەوتێکی گرینگی ستراتیژیکی لە ناوچەدا وڵاتێکە کە لە باری پێکهاتەی حەشیمەتییەوە ٦ نەتەوەی تێدا کۆبۆتەوە کە هەرکامێکیان لەودیو سنوورەکانی ئێرانەوە هاوبەشی مێژووییو فەرهەنگیو ئیتنیکییان هەیە، ئەگەر لە ئێراندا سیستمێکی دێموکراتیك دامەزرێ، دەتوانێ رۆڵێکی بەرچاوو چارەنووسساز لە پێناو سەقامگیربوونی ئاشتیو دێموکراسی لە ناوچەدا بگێڕێ.

گەلانی ئێران بۆ وەدیهێنانی وەها سیستمێك خەباتێکی دژوارو لە هەمان کاتدا قارەمانانە بەڕێوە دەبەنو ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئەو خەباتە دێر یان زوو دەگاتە بەرهەمو وڵاتی ئێمەش بە دیتنی ئازادیو ئاشتیو دێموکراسی شاد دەبێ.

**هاوڕێیان!**

لەم بارودۆخە دژوارەی خەباتدا کاتی ئەوەیە کە ئینتێرناسیونال سوسیالیست وەکوو رێکخراوێکی گەورەی جهانیی لایەنگری ئازادیو دێموکراسی، بۆ پشتیوانی لە خەباتی خەڵکی ئێران پێداگرێو ئەمەش بە کردەوە لە بڕیارنامەی خۆی سەبارەت بە رۆژهەڵاتی ناڤین نیشان بدا.

❊❊❊

# بۆ ماوەی چل ڕۆژ چارەسەری برینەکەمیان نەکردو ئەو چل ڕۆژە هەمووی لە ژێر لێپرسینەوەدا بووم

## وتووێژ لەگەڵ زیندانیی سیاسی، هاوڕێ محەممەد شاروێرانی



**دەستپێک:**

**لە گەلاوێژی ساڵی ١٣٧٥ی هەتاویدا هاوڕێ محەممەد شاروێرانی، کادری تەشکیلاتیی حیزب لە ناوچەی مەهاباد، لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکی حیزبیدا، لەلایەن هێزێکی سەر بە دەزگای جاسووسیی کۆماری ئیسلامییەوە گەمارۆ دراو بە برینداری کەوتە دەستیان.**

**ئەم هاوڕێیەمان هەر لە یەکەم ساتەکانی گیرانییەوە، لە کاتێکدا بە توندی بریندار ببوو، لەگەڵ ئازارو فشارێکی زۆر بەرەوڕوو کرا بۆ ئەوەی لە ئاکامی فشارو هەڕەشەو وەزعی شپرزەی جیسمیدا، ناچار بێ هاوکاریی دەزگای سەرکوتو ئیتلاعاتو جاسووسیی ڕێژیمدا بکاو کادرەکانی دیکەی حیزب لە ناوچەی مەهاباد بخاتە داوی ڕێژیمو ئەندامانی چالاکی حیزبی دێموکرات بەو دەزگایە بناسێنێ. داستانی بەربەرەکانێی ئەو ڕۆڵە خەباتگێڕو دێموکراتە لەگەڵ مەرگو لەگەڵ هەڕەشەو ئەشکەنجەی بازجووەکانو کاربەدەستانی دەزگای سەرکوتو جاسووسیدا، لە مێژە زار بەزار لە نێو خەڵکی کوردستاندا بڵاو بۆتەوە. کاک محەممەد شاروێرانی کۆتاییەکانی زستانی ساڵی ڕابردوو، لە دەرفەتێك کەڵکی وەرگرتو بە بنەماڵەوە خۆی گەیاندەوە نێو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات. ئەم وتووێژەی لێرەدا دەیخوێننەوە، بەدوای گەڕانەوەی سەربەرزانەی ئەو هاوڕێیەمان بۆ نێو هاوسەنگەرانیدا، لەگەڵی ئەنجام دراوە.**

**پ: هاوڕێی بەڕێز کاک محەممەد! پێشەکی پێمان خۆشە سەبارەت بە چۆنیەتیی دەسگیرکرانی خۆت بۆمان بدوێی؟**

و: ئیزن بدەن پێشەکی جوانترین سڵاو بنێرم بۆ بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدان، کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات، ئەندامانو لایەنگرانی حیزبە خۆشەویستەکەمانو زیندانیيانی سیاسیو بەگشتی هەموو خەڵکی کوردستان.

ئێمە تیمێکی تەشکیلاتیی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد لە ساڵی ١٣٧٥ بۆ مەئمووریيەتی حیزبی چووینە ناوچەی شاروێران، دوای ماوەی نزیك بە دوو مانگ مانەوە لەو ناوچەیەدا ڕۆژی ١٣٧٥/٥/١٤ مەئمووریيەتێك بۆ ئێمە هاتە پێش. من بە تەنیا ئەو مەئمووریيەتەم وەئەستۆ گرت، هەر بەو بۆنەیەوە سەعات ١٢ی نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە ڕووم لە ئاوایی "قەرەخان" کرد بۆ ئەوەی ئەو شوێنەی بۆم دیاری کرابوو بچمە ئەوێ، ماوەی بیست دەقیقە بەسەر چوو، ویستم لەو ماڵەی کە لێی بووم بڕۆم، بەڵام ئەو کەسانەی دەمهەویست لەگەڵیان بچمە ئەو جێگایە لە ماڵ نەبوون، کاتێك هەستام، بەداخەوە دیتم چەند نەفەر لە پاسدارانی کۆماری ئیسلامی دەوری ئەو ماڵەیان گرتوە. منیش خۆم ئامادە کرد بۆ ئەوەی بتوانم تازە کە دەوری ماڵەکەیان گرتوە ئیمکانی نەجاتبوون نیە، گوتم وا چاکە لانیکەم دەست بکەمەوە. بۆ ئەنجامی ئەو کارە خۆم ئامادە کرد، بەڵام بە داخەوە ئەو چەکەی کە پێم بوو بە چەند هۆ کە پێویست ناکا لێرەدا باسی بکەم، دەری نەکرد، دوای ئەوەی زانیم دەمانچەکەم دەری ناکا، هاتمە حەساری ئەو ماڵەو ویستم بەهەر شێوەیەك خۆم ڕزگار کەم، بە داخەوە ئەوانەی لە حەسار ڕاوەستابوون تەقەیان لێکردمو بە برینداری وەعەرزی کەوتم. هەر کە وەعەرزی کەوتم بێهۆش بووم، زۆر پیس لاقم بریندار ببوو، کاتێك هاتنە سەرم دەیانویست ئاخرین گوللەم لێ بدەن. ڕەفیقی ئەو پاسدارەی تەقەی لێکردم پێی گوت ئاخرین گوللەی لێدەم؟ ئەویش گوتی نا، ئەوە "محەممەد شاروێرانی"یە کارمان پێیەتی، ئەوە کادری حیزبییە، ئیقراری لێ وەردەگرینو دواتر ئێعدامی دەکەین. کاتێك وەهۆش هاتمەوە وتیان هەستە با وەڕێ کەوین، ئەمنیش وتم ناتوانم. بن پیلیان گرتم. لەوێ زانیم وەزعم زۆر خراپە، لاقم زۆر پیس بریندار بوو. بۆخۆیان بە ڕاکێش ڕاکێشکردن بردمیان دە ماشێنەکەیان هاویشتم. ئەوان [کە وەسەریەك کەوتنەوە] بوون بە پێنج نەفەر، یانی پێنج نەفەر هاتبوونە ئەو ماڵە. ئەو ماڵەی کە ئەمن تێیدا بووم بە تەنیا هەڵکەوتبوو، نەمزانی تەنیا ئەو پێنج نەفەرەن، ئەمن ئیحساسم کرد کە جەماعەتێکی یەکجار زۆر هاتوون بۆ ئەو کارە. لە ڕێگادا سواری ماشێنی دیکەیان کردم. باخەڵیان گەڕام سێ هەزار تمەنی تێدا بوو دەگەڵ سەعاتەکەم، هەر لەوێ ئەویان دەرهێناو دایان بەو کەسەی کە ڕەگبارەکەی هاویشتبووو برینداری کردبووم. لە ڕێگادا بێسیمیان بۆ سوپا کرد لە مەهاباد، هێزێکی یەکجار زۆر هات، چۆن ئەوان دەیانزانی من هەر بە تەنێ نیم جەماعەتی دیکەشم لەگەڵە، لە ڕێگای ئەو شنوودەی کە بۆخۆیان دایاننابوو، ئەو بێسیمانەی ئێمە هەمووی کۆنترۆڵ کرابوو، بێ ئەوەی ئێمە بزانین. بەهەرحاڵ، هاتن منیان لەگەڵ خۆیان برد بۆ شوێنێك نەمدەزانی بنکەی سوپای پاسداران بوو یا پادگان. بردیانم بۆ ئەوێ لەسەر سەندەڵی دایاننام، هەر قسەیان لێ دەپرسیم، منیش وەزعێکی یەکجار زۆر خراپم هەبوو، خوێنڕێژییەکی زۆر کردبوو، لەسەر سەندەڵییەکە دایاننابووم، بەلای ئەو لاقەمدا کە بریندار ببوو، وەعەرزی کەوتبوومو بێهۆش بووم، کاتێك وەهۆش هاتمەوە بە پێ لە سەریان دەدام، دەیانگوت هەستە جێگای ئەو کادرانەی دیکە یا ئەو ڕەفێقانەی دیکەت دەبێ پێمان نیشان دەی، منیش هەر پێم گوتن کەسم لەگەڵ نەبووە، بەڵام ئەوە بۆ ئەوان قابلی قەبووڵ نەبوو، چونکە ئەوان دەیانزانی، هەموو شتێکیان دەزانی کە دەچم بۆ کوێ، دەمهەوێ بچمە لای چ کەسانێك یا شەوێ چ کەسانێکم لەگەڵ بووە. نێوی هەموو ئەو کادرانەیان دەهێنا کە لەگەڵ من بوون یا دەمهەویست بچم بۆ لایان. بەهەر حاڵ، خۆم ڕاگرت، بە خۆشییەوە ئەو ویستو داخوازییەی کە ئەوان دەیانویست پێی نەگەیشتن. پاشان بردیانم بۆ بیمارستانو دەستیان لە پشتەوەڕا بەستم، بەو حاڵەش لاقم هەر خوێنی لێ دەهاتو بێهۆش بووم، بردیانم لەسەر تەختی بیمارستان ڕایانکێشام. هێزێکی یەکجار زۆر هات دەوری بیمارستانیان دا، ئەوانەی بەرپرسی بیمارستان بوون، دوکتورەکان بەوە زۆر ناڕەحەت بوون کە ئەو هەموو هێزەیان هێناوە بۆ دەوری بیمارستان. هەر کە لەسەر تەختی بیمارستان ڕایانکێشام کە چارەسەرم کەن، بەڵام کە لە پشتەوە دەستیان بەستبووم، نەیانکردەوە. ئەو دوکتورانەش هاتنە بن سەرم گوتیان کاکە گیان ئەوە دەستت ناکەنەوە، کەوایە بەو شێوەیە بمری زۆر باشترە.

دوکتورەکە، بەو پاسدارانەی کە لەلای سەرم یا لەلای لاقم ڕاوەستابوون، گوتی دەبێ دەستی بکەنەوە دەنا بەو شێوەیە چارەسەر ناکرێ، ئەوە لاقی ورد بووە. ئەوانیش وتیان نا ئەوە بۆ ئەوە نابێ دەستی بکەیەوە، ئەوانیش وتیان ئێمە بەو شێوەیە ناتوانین چارەسەری بکەین، بیبەن، لای بەرن. هەر ئەو ڕۆژە منیان لابرد، بردمیانە دیوێکی دیکە دووبارە هێنایانم بۆ سوپای پاسداران. زۆریان قسە لەگەڵ کردم، زۆریان قەولو قەرار پێدام کە ئەگەر قەرار بێ ئەمن جێگای ئەو کادرانەی دیکە کە لەسەر یەك دەبوونە هەشت نەفەر لە کادرەکانی ئێمە بە کاك عومەر باڵەکییەوە کە ئەندامی کومیتەی ناوەندی بوو، باسی کاك عومەریان دەکرد هەمیشە، زۆر لەوی داغدار بوون. باسی ئەویان دەکردو دەیانگوت ئەگەر جێگای کاك عومەر باڵەکی یا هاوڕێکانیتر بە ئێمە نیشان بدەی قەولت پێ دەدەین ئێستا نامە دەنووسینو حەتمەن ئێمە تەخفیف بۆ تۆ قاییل دەبینو لەو مەرگەی یا لە حوکمەی کە تۆ هەتە ئیرفاقت بۆ قایل دەبین.

**پ: کاك محەممەد! زیاتر سەبارەت بە شێوەی ئەشکەنجەکردن یا بەگشتی بڵێم ڕەفتاری ئەو مەئموورانەی ڕێژیم لە سەرەتای گرتنتدا یا لە ڕۆژەکانی یەکەمدا بۆمان بدوێ؟**

و: ئەوەی ڕاستی بێ لە منیان نەدا، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر سەخت بریندار ببووم، ئەوە بۆ من ئەشکەنجەیەکی زۆر گەورە بوو لەباری ڕوحیو ڕەوانییەوە فشارێکی یەکجار زۆریان بۆ من هێنا. کاتێك لە بیمارستان دوکتورەکان موعالەجەیان نەکردم هێنایانمەوەو فشارێکی زۆریان بۆ هێنام، گوتیان حەتمەن دەبێ جێگاو ڕێگای هاوڕێکانت نیشانمان بدەی. منیش بۆ ئەوەی لە کۆڵم بنەوە، گوتم ئەمن شەو لەوان جیا بوومەتەوە، لە حاڵێکدا دەیانزانی واش نەبووە، بەڵام قەولم پێدانو گوتم ببەن بۆ ئەو جێگایە ئەوە لە شاخن، لە شاخە ڕەش. شاخە ڕەش هەیە لە شاروێران، گوتم لەوێ بەجێم هێشتوون، شەوێ لە سەدا سەد لەوێنە. هەر بۆوەی لە کۆڵم ببنەوە، چونکە وەزعێکی یەکجار خراپم هەبوو. گوتی باشە ساز دەبین، دەبێ بە بیسیمەکەت ئەتۆش قسەیان لەگەڵ بکەی. بەڵام کاتێك زانیم ئەوە هەر فشارم بۆ دێنن، گوتم باشە. لە ڕێگادا بیسیمەکەیان وە من دا. ئەمن دەستم لە بیسیمەکە داو کاناڵەکانم تێکەڵ کردن. بیست ماشێن دەبوون، هەر بەو وەزعەی کە هەمبوو بێهۆش دەبوومو وەهۆش دەهاتمەوە. بە لۆکە لێویان تەڕ دەکردمو ئاویان لە زاری دەکردم. هێندێك لەو کەسانەی لەگەڵ من دانیشتبوون ـ لە پاسدارەکان ـ دەیانگوت ئاوی دەنێ با نەمرێ باشترە. جا نازانم نییەتی باشیان بوو یا خراپ. بەڵام بەهەر حاڵ نەمردم، بەو وەزعە خراپەی کە هەمبوو، بردیانین، چووین بۆ شاخ. لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەم ڕۆژێك پێشتر قەرارمان دانابوو سەعات حەوتی ئێوارێ ئێمە بێینە سەر خەت، بچم ئەوان بگرمەوە، دەمزانی هەر دێن، نەشیانزانیبوو کە من ئەو وەزعەم بەسەر هاتوە. بەڵام دەستەکەی دیکە نا، ئەوانەی کە لە کنیانڕا هاتم. چووین بۆ سەر شاخ. لەوێ دڵنیا بووم، زۆر لە باری ڕۆحییەوە [ڕازی بووم] لەوەی کە خۆم ڕاگرتوە تا سەعات حەوت کە تاریك داهات، لەوەی کە توانیومە جێگای هاوڕێیانی خۆشەویستم بە دژی گەلییەکان نەڵێم. سەعات حەوت ئەو هاوڕێیانە هاتنە سەر خەت، بەڵام بیسیمەکەی ئەوان (هی ئیتلاعاتییەکان) کە شنوودی پێ دەڵێن، هەر وەری دەگرت، یانی قسەکانی ئەوانی وەردەگرتو بەڕێی نەدەکرد. گوێم لێبوو ئەوانی دیکە لە ناوچەی شاروێران ئەو جێگایەی کە من لێیان جیا بوومەوە تەقریبەن کیلۆمیترێك دوور دەبوو لەو جێگایەی کە من لێی بریندار بووم لە "قەرەخانی"، ئەوان لەوبەری چۆمی بوون، لەوێ جوابیان دانەوە گوتیان وەڵڵا شاروێرانی شەهید بووە. ئەوان وایان زانیبوو شەهید بووم، کاتێك ئەوەیان گوێ لێبوو، ئەو پاسدارانە لەوێ زۆریان ئەزیيەت کردم، گوتیان تازە شەو داهاتوە، تۆ لە خۆڕا ئەو درۆیەت لەگەڵ ئێمە کردوە، ئێمەت هێناوە بۆ ئێرە، ئێستا ئەوانە لە کوێن جواب دەدەنەوە. لە کوێ قسە لەگەڵ یەك دەکەن، ئەمنیش گوتم نازانم ئەوە ڕەنگە لێرە بوونە، حەتمەن کاتێك زانیویانە ئەمن بریندار بووم، جێگەکەیان گۆڕیوە. بەهەر حاڵ، شەو داهات، بە خۆشییەوە منیش لەباری ڕۆحییەوە هەرچەند لە سەختترین شەرایەتدا بووم، بەڵام لەو بارەوە خۆشحاڵ بووم لەوەی کە توانیومە خۆم ڕابگرمو هاوڕێیانی خۆشەویستم نەکەونە داوی دوژمنان. کاتێك زانییان هیچیان دەست نەکەوتوە، منیان هێناوە بۆ سوپای پاسداران. هەر ئەو شەوە کە هێنایانمەوە بۆ سوپا، دەوریان دام، لە دیوێکدا ڕایانگرتبووم، وەزعێکی زۆر خراپم هەبوو، خوێنی لاقم هەر دەهات، تەنانەت ئەویشیان ئیشك نەکردبوو، بێئەوەی حەبێکم دەنێ یا دەرزییەکم لێدەن. بەهەر حاڵ، دەردێکی یەکجار زۆرم هەبوو، ڕایانکێشابووم. پاشان فەرماندەی سوپا لەوە کە هیچیان وەدەست نەکەوتبوو [زۆر تووڕە بوو]. دەیگوت ئەوە ئێمە یەکساڵە لە فکری ئەوە داین کە ئێوە لە داو خەین، بەڵام ئەتۆ ئەوانەت هەموو نەجات دان. ئێستا هەموو ئەو تاوانانەی ئەوان یان ئەو حوکمەی ئەوان هەیانبوو، هەمووی دەخەینە ئەستۆی تۆ، ئەتۆ ئەوانت نەجات داوە. دوو سێیەك لەوێ بوون کە پێشتر دەمناسین. ناومبیستبوون. هێندێکی دیکەشی لێبوون، هەستان بەو وەزعەی کە هەمبوو، بڕێکیان ئەزیيەت کردم، بەڵام یەکیان لەوێ وەجواب هات گوتی ئەزیيەتی مەکەن، بۆخۆی ئەزیيەت دراوە، لەوە زیاتر چی لێدەکەن؟ خۆبەخۆ بە یەکتریان دەگوت ئەگەر ئێمەش باین، جێگای یەکترمان نەدەگوت، خۆ ئەوە حەقی خۆیەتی، چونکە ئەو کادری حیزبییەو هاوڕێی خۆی بووین ئەوە گەورەترین ئیفتیخاری کردوە بۆ خۆی. ئەوە بۆخۆیان ئەو قسەیان دەکرد خۆبەخۆ.

بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ ئەشکەنجەدا، گەورەترین ئەشکەنجە بۆ من ئەوە بوو کە ئەو چەکەی کە پێم بوو دەری نەکرد کە بتوانم دیفاعێك لە خۆم بکەم. باوەڕ کە ئینسان وەکوو ئەوەیە کە لە ئاسمانەوە بەر بێتەوە، یەکدەفعە دەکەویە دەستی ئەو جینایەتکارانە، دووهەمیش ئەوە کە ئەمن زۆر بە سەختی بریندار بووم، ئەوان حەتتا نەیاندەهێشت ئیستراحەتیش بکەم.

**پ: کاك محەممەد! هەر لەو شوێنەی کە ڕایانگرتبووی، هەر لەوێ ڕاگیرای بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ یا ڕایانگواستی بۆ جێیەکی دیکە؟**

و: نەخێر، ئەمن وا بزانم هەتا سەعاتی دوازدەو نیوی نیوەڕۆیە بوو هەر لەوێ لە سوپا یان پادگان بووم. دیارە باش نازانم کوێ بوو، چونکە ڕاکشابووم، نەمزانی کوێ بوو، بەڵام دوای سەعات دوازدەونیو وەڕێکەوتینو سێ ماشینیان لەگەڵ ناردم، چووین بۆ ورمێ، بیمارستانی عارفان هەیە کە بیمارستانێکی سوپایی یا دەوڵەتییە، لەوێش ئەو ڕۆژەی کە چووین دوکتور لە ماڵ نەبوو. ئێوارە هەتا سەعات یەکی شەو، و وابزانم زەنگیان لێدابوو کە بێ نەخۆشێکمان هەیە. سەعات یەكو نیو بوو ئەو دوکتورە هاتو منداڵێکی ١٠ ساڵانەشی لەگەڵ بوو، لەسەر تەختی کە ڕاکشابووم سێ چوار نەفەریشم لەگەڵ بوو لەو دیوە، هێندێکیان کوردیشیان دەزانی، یەك دوویەکیان لە جاشەکان بوون لەوێیان دانابوون بۆ وەی کە ئەگەر قەرارە شتێك بێ، ئەوە حاڵی دەبێ لێیان یا ئەگەر کەسێك بیهەوێ بێ بۆ لام. لەوێ دوکتور وەژوور کەوت، گوتی ئەوە چییە؟ ئەوانیش گوتیان ئەوە کادرێکی حیزبییە گرتوومانە. ئەو دوکتورە بەوپەڕی نائینسانییەوە لە جوابدا گوتی: کەسافەتێکی ئەوا بۆ نایکوژن، ئەمن وام زانیوە یەکێك لە برایانی سوپای ئێمەیە بریندار بووە، بۆیە بەو شەوە هاتووم، دەنا ئەمن بۆ ئینسانی ئەوا چۆن دیم؟ چۆن ئێوە مزاحێمی من بوونە؟ ئەمیش لە جوابدا گوتی ئاخر ئەتۆ دوکتوری، لەباری ئینسانییەوە دەبێ ئەتۆ ئنسانییەتی خۆت نیشان بدەی. بۆ تۆ چ فەرق دەکا نەخۆش یا بریندار هەر ئینسانێك بێ. ئەویش گوتی ئێستاش هەر زمانت سالم نیە کەسافەت ئەوە بە من جێبەجێ ناکرێ. ئەوان پێیان وابوو ئێمە کە کوردین یا ئەوەی کە پێشمەرگەی حیزبین هەر دەبێ بمرین. لە باتی چارەسەری، ئەو قسانەی بە من گوت، بە جێگای ئەوە کە دڵخۆشیم بداتەوەو بڵێ چ نیە چارەسەری لاقت دەکەم، بەڵام بەوپەڕی نائینسانییەوە ئەو بێحورمەتییەی پێکردم.

**پ: کاك محەممەد! ئەو دوکتورە وادیارە بەجێی ئەوە کە ئەرکی خۆی بەجێ بێنێ وەکوو دوکتورێك، بەداخەوە بێحورمەتیشی پێکردووی. ئایا هیچ هەوڵێکیان بۆ چارەسەرکردنی برینەکەتدا لەو بیمارستانە لەلایەن ئەو دوکتورە یان دوکتورێکی دیکەوە؟**

و: نەخێر کاتێك ئەو دوکتورە ئەو قسانەی پێ گوتم بەداخەوە بۆ بەیانی نەك چارەسەری نەکردم بەڵکوو تەنانەت خوێنی لاقیشی قەتع نەکردم کە خوێنڕێژییەکی یەکجار زۆرم کردبوو. بۆ بەیانی منیان برد بۆ پادگانێك بە هەموو دەردو ئازارێك کە هەمبوو بەو هەموو فشارە ڕوحیو ڕەوانییەی کە لەسەر من بوو، ماوەی چل ڕۆژ لە پادگانێکی، کە پادگانی "الحمدی" پێدەڵێن لە قەراخ دەریای ورمێیە، پادگانی سوپا لەوێ لە دیوێکی ڕایانگرتبووم وەزعێکی یەکجار خراپم هەبوو، زۆر هاوڕێی دیکەش دیتبوویانم، زۆر خەڵك لە زیندانیيانی دیکەش دیتوویانم چ وەزعێکم هەبووە بە چ وەزعێك کەوتبوومە دەست کورد کوژان، ئینسان هەر دەبێ ئەوە بڵێ کورد کوژان، چونکە فەرقێکی یەکجار زۆر لە نێوان کوردو غەیرە زمانەکانی دیکە دادەنێن، ماوەی چل ڕۆژان من لەو پادگانە بووم بێ ئەوەی هیچ چارەسەرم بکەن، بێ ئەوەی دەرزییەکم لێبدەن. لە ماوەی ئەو چل ڕۆژەدا هەمووی لە ژێر بازجوویی دابوومو هەموو ئەوەڵی قسەکەیان ئەوە بوو کە ئەتۆ ئێمەت فریودا. ئەو هەموو زەحمەتەمان کێشاوە ئەو چەند کادرەت لە دەست ئێمە داوە کە ئێمە دەمانتوانی ئەوان بگرین یان بیانکوژین، زۆر ناڕەحەت بوون لەوەی کە بەو مەبەستەی خۆیان نەگەیشتبوون. دوای ئەو چل ڕۆژە، ڕۆژێك هێنایانمە ئیدارەی ئیتلاعاتی ورمێ یەکشەو لەوێش ڕایانگرتم بەڵام لەوێش زۆر ئەزیيەتیان دام بە تایبەت ئەو کوردە خۆفرۆشانەی لەوێ بوون زۆریان ئەزیيەت کردم. کاتێك هێنایانمە ئیتلاعات لەوێ ماتۆڕێکی گەورەیان هەڵکردبوو چونکە لە ماوەی ئەو چل ڕۆژەدا بە هیچ ئاکامێك نەگەیشتبون وایاندەزانی ئیدارەی ئیتلاعاتە حەتمەن دەتوانن بە مەبەستی خۆیان بگەن، لەوێ ماتۆڕێکی یەکجار زۆر گەورە، نازانم چ بوو، بەرق بوو چی بوو، هەڵیان کردبوو دروست ئەو ماشێنەی کە منی تێدا بووم بەو وەزعەی کە هەمبوو ئەو هەموو خوێنەی کە لەبەرم ڕۆیشتبوو، خوێنم لە بەدەندا نەمابوو، باوەڕکە زۆر کەس کە دەیدیتم بێزی هەڵدەستا بۆخۆشم بێزم لە خۆم دەکرد. لە ماوەی چل ڕۆژدا نەتوانی سەرت بشۆی یا حەمامێك بکەی.

**پ: کاك محەممەد! ئاماژەت بەوە کرد کە جەنابت بەو حاڵەوە چل تا چلو پێنج شەو لە پادگان ماویەتەوە لە جیاتی ئەوەی لە بیمارستانێك لە شوێنێك لە ژێر نەزەری دوکتۆرێك دابی! جا پێمان خۆشە بزانین لەو ماوەیەدا لە چ حاڵەتێکی جیسمیو ڕوحیدا بووی؟**

و: بەڵێ لەو جێگایەی ئەمنی لێبووم سێ چوار نەفەریان بۆ دانابووم وەکوو نیگابان، هەموو جارێ ئەو بازجوویانەش کە دەهاتن بۆ ئەوەی فشارم بۆ بێنن یا بۆ ئەوەی لەوە زیاتر نارەحەتم کەن هەموو جارێ ئیشارەیان بەوە دەکرد کە [شەهید کاك] "هەمزە بێهنام" ئەویش جەنازەکەی لەوێ بوو، هەموو جارێ دەیانگوت ئەوەتا جەنازەی هەمزە بێهنامیش ئەوە لێرەیە. یا یادگاری ئەو هاوڕێیانەی حیزبی کە ئێعدام کراون وەك مەلا ئەحمەدو چەند کەسێکی دیکە هەموو لەوێ ناوەکانیان نووسرابوو. هەموو جارێ ئیشارەیان بەوانە دەکرد کە ئەتۆش ڕۆژێك دادێ بەو شێوەیە یادگاری خۆت دەبێ بنووسیو ئێعدام دەکرێی. هەموو ئەو فشارە ڕوحیو ڕەوانییە بۆ ئەوە بوو کە بە مەبەستی خۆیان بگەن. بەداخەوە کاتێك ئەمنیان بردبوو بۆ ورمێ جمهووریی ئیسلامی لە ناوچەی شاروێرانو مەهاباد هەر دێیەی سێ چوار نەفەری لێگرتبوون، بۆ ئەوەی هەم لەتمە لە حیزبەکەمان بداو هەم لە شەخسی خۆم. چەند نەفەرێکی گرتبوو بەڵام بە بێ هیچ بەڵگەیەك چونکە ئەوان ئێعترافیان لەسەر نەکرابوو، کاتێك دوای ئەو چل ڕۆژەی کە هاتمەوە بەخۆشییەوە هەموو ئازاد کران، هێندێکیان دەهێنانەوەو دەهاتنە لاشم لەلای بازجووەکان بێترس پێم دەگوتن ئەوانەتان لە هیچو خۆڕایی گرتوە کاتێك ئەو قسانەیان دەبیست فەورەن ئەوانەیان ئازاد دەکرد ئێستا ئەو دۆستانە هەموو شایەدی ئەو قەزیيەن.

**پ: کاك محەممەد! چۆن بوو ئەو دوکتورانە بڕیاریان دا کە لاقت ببڕنەوە؟**

و: بەڵێ بە هۆی ئەوە لە سەرەتاوە چارەسەریان نەکرد دوای ئەوەی کە هێنایانمە ئیدارەی ئیتلاعاتی ورمێ شەوێك لەوێ بووم دوای ئەو چل ڕۆژەی، ئەو شەوە لەوێ مامەوە بۆ بەیانیش ئەوانەی ئیدارەی ئیتلاعاتی مەهاباد هاتنو منیان هێنایەوە بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی مەهاباد. لەوێ پێیان گوتم، ئەگەر قەرار بێ ئێمە ئەتۆ موعالیجە بکەین بە بنەماڵەکەت بڵێ کە بێنەوە ـ چونکە بنەکاڵەکەم ئەو کات لە نێو حیزبی دیموکراتدا بوون ـ ئەمنیش نامەیەکم بۆ نووسینو لەو نامەیەدا پێم گوتبوون ئەمن بەو وەزعەکەوتوومەتە دەست جمهووریی ئیسلامی ئەتۆش مەیلی خۆتە، بۆخۆت بڕیار بدە ئەگەر پێت خۆشە دەنا هەر لەوێ بە. دوای ماوەیەکی ئەوان هاتنەوەو منیشیان برد بۆ عەمەل. کاتێك چووین بۆ لای دوکتۆر هەر لە سەرەتا پێی گوتم ئەتۆ لاقت ڕزیوە بە هۆی ئەوە کە چارەسەر نەکراوە، هەوڵێ هات پلاتینی دەلاقم کردو ئەویش هەموو خەرجی خۆمان بەڵام دوای ماوەیەك تەقریبەن دوای مانگێك لاقم ڕزی، دووبارە بردیانمەوە لای ئەو دوکتورە (دوکتور ئاراستەی پێدەڵێن)، ئەویش گوتی دەبێ لاقت ببڕینەوە لاقت چارەسەر ناکرێ. لاقمی بڕیەوە تەقریبەن لە پەنجەمڕا بەڵام هەر کە بڕیەوە وەهۆش هاتمەوە، هات بۆلام گوتی وەڵڵا گوێزینگیشت کار ناکا ئەوێش ڕزیوە کەوابوو دەبێ لەسەرەوەی گوێزینگت ڕا لاقت ببڕینەوە، ئەمنیش گوتم یەکجاری جا بۆ هەر لەسەرەوەی گوێزینگم ڕا ببڕیاتەوە. گوتی من وایان پێ نەگوتووم، چۆنیان پێگوتوومە ئاوام عەمەل کردوە یانی لە هەفتەیەك دا دوو جار لاقی منی بڕیەوە. بەڵام بەداخەوە دوای ئەوەی کە بڕاوەتەوەش ئێستاش ئەو دەردە هەر دەچێژم. چونکە لە هەوەڵەوە چارەسەر نەکرا یانی جمهووریی

⟸

# هەواڵە وەرزشییەکان



ئا: ئەشکان

## کشانەوەی موحێبی لە زۆرانی کرماشان

ماوەیەك لەمەوپێش کۆبونەوەی بەرپرسی هەیئەتەکانی زۆرانی ئوستانەکانی ئێران بە سەرۆکایەتیی تالیقانی سەرۆکی فیدراسیۆنی ئێران بەڕێوە چوو. لەم کۆبوونەوەیەدا حوسێنی موحێبی بەرپرسی هەیئەتی زۆرانی کرماشان بەشدار نەبوو، هەر بۆیە ڕۆژنامەنووسان پێوەندییان پێوە کردو هۆی بەشدار نەبوونەکەیان لـێپرسیو ناوبراو لە وەڵام دا وتی بەشداری نەکردنم نارەزایەتی دەربڕین بوو بەو ناحەقییەی کە لە کاتی هاتنەسەرکاری تالیقانی وەك بەرپرسی فیدراسیۆن بە نیسبەت زۆرانی کرماشان کرا.

چەند ڕۆژ دواتر موحێبی دەستی لەکار کێشایەوەو دیسان ڕەخنەی لە تالیقانی گرتو گوتی لە کاتی هاتنەسەرکار دا زۆرتر بایەخی بە زۆرانی تاران داوەو شارەکانی دیکەی لەبیرچۆتەوەو هەرچی داواکارییەکمان بوەو قسەمان لەگەڵ کردوە بێوەڵام ماوەتەوە هەربۆیە بە پێویستی نازانم لەگەڵ ناوبراو دا ئیش بکەم.

حوسێن موحێبی لەگەڵ حەسەنی برای لە دەیەی ٦٠ دا بۆ ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵ لە تیمی زۆرانی ئێران بەشدار بوونو بە دەیان میداڵی جیهانی، ئاسیاییو نێونەتەوەیییان بۆ ئێران وەدەست هێناوە. تەنانەت ئێران لە کاتی ڕاهێنەریی حەسەن موحێبیدا پلەی یەکەمی جیهانی لە قارەمانی جیهان دا لە ساڵی ٢٠٠٢ی تاران وەدەست هێناوە. ئەو دوو برایە کە لە هەموو بوارەکانی وەرزشی چ ئەو کاتەی کە زۆرانیان دەگرتو چ ئەو کاتەی وەك ڕاهێنەر لاوانیان پەروەردە دەکرد سەرکەوتوو بوون بەڵام کەوتوونەتە بەر ڕقوقینی بەرپرسانو بەڕێوەبەرانی وەرزشی ئێران.

## ئاسێ میلان ـ لیورپول بەڕێوەبەری یاری کۆتایی جامی یانەکانی ئوروپا

بە دوای چەند مانگو بەڕێوەچوونی دەیان یاری لە نێوان ٣٢ تیمی بەشدار لە جامی یانەکانی ئوروپادا ڕۆژی ٤ی جۆزەردان لە شاری ئیستامبوڵی تورکیە بە بە یادی ئاسێ میلانو لیورپول لە ئینگلیس ئەم یانە کۆتایی پێدێ.

ئاسێ میلان لە یاری پێش کۆتاییدا لە دوو یاری چوونو گەڕانەوە لە یایند هۆونی هولەندی بردەوەو لیورپولیش بە هەمان شێوە لە چڵسی بربۆوە. چاوەڕوان دەکرێ کە ئەم یارییە لە سەرتاسەری جیهان زیاتر لە ٢ میلیارد بینەری تەلەفزیۆنی هەبێ.

## فووتباڵی وڵاتانی ئوروپاییو قارەمانی پێ وەختی بارسلۆنا، بایرنو چڵسی

لە کاتێك دا چەند حەوتوو بۆ کۆتایی لیگی فووتباڵی وڵاتانی ئوروپایی ماوە بەڵام لە زۆربەی وڵاتەکان قارەمانی لیگەکان بە جیاوازی خاڵی زۆر دیاری کراوە.

لە ئیسپانیا کە لیگی فوتباڵەکەی لە ناوی لالیگا بە ناوبانگە بارسلۆنا بە جیاوازی ٦ خاڵو بە دەست هێنانی ٨٢ خاڵ پلەی یەکەمی وەدەست هێناو ڕێئاڵی مادرید بە ٧٢ خاڵ لە پلەی دووهەمی یارییەکان دایە. هەروەها لە ئاڵمانو بوندسلیکا بایرن مونیخ بە ٧٤ خاڵ پلەی یەکەمی وەدەست هێناوەو لەهەمان کات دا چلسی لە ئینگلستان بە ٩٥ خاڵ پلەی یەکەمی لیگی سەرتری وەدەست هێناو ئارسنالو مەنچێستێر بە ٨٣و ٧٧ پلەی دووهەمو سێهەمیان وەدەست هێنا.

لە فەرانسەو لیگی لاشامپیون انەی لیون بە ٧٥ خاڵ بوو بە قارەمانی ئەم وەرزەو لە ئیتالیاش کە فووتبالەکەی بە کالچو ناسراوە تەنیا دوو حەوتوو بۆ کۆتایی یارییەکان ماوە کە یووڤینتووس بە ٨٢ خاڵ لە پلەی یەکەمو ئاسێ میلان بە ٧٧ خاڵ لە پلەی دووهەمی یارییەکانەو چاوەڕوان دەکرێ یووڤینتوس هەروەك ساڵی پێشوو پلەی یەکەم وەدەست بێنێ.

## سەرهەڵدانی ناکۆکی لەسەر زەوی بە دەستێوەردانی دەستو پێوەندییەکانی ڕێژیم لە نێوان گوندەکانی "شەملەکان"و "بەند"ی ورمێدا

هێندێ لە وردەزەمیندارەکانی گوندی "شەملەکان" بە فیتی ڕێژیمی دەیانەوێ ناکۆکی لەسەر زەوی لە نێوان ئەم گوندەو گوندی "بەند"دا ساز بکەن. ئەمە لەکاتێك دایە کە ئەو دوو گوندە بە سەدان ساڵە پێکەوە لە تەباییو ئاشتیدا بەسەر دەبەنو ئەو زەوییەش کە ئەم تاقمە لە خەڵکی گوندی "شەملەکان" ئیدیعای خاوەندارێتی دەکەن لە پێش دابەشکردنەکانی زەویی زەمانی حکوومەتی پاشایەتییەوە، مۆڵکی خەڵکی گوندی "بەند" بوە.

ئەم کەسانە دەیانەوێ لە ڕێگای گوشاری بەرپرسانی ڕێژیمو دانی بەرتیل پێیان دەست بەسەر زەویی خەڵکی زەحمەتکێشی گوندی "بەند"دا بگرن.

بە ئاگاداری ئەم کەسانە دەگەیەنین کە دەست لەم کردەوە ناڕەواو ئاژاوەخولقێنەرانە هەڵبگرنو لە سازکردنی ناکۆکیو دووبەرەکی لە نێوان دوو گوندی ناوبراودا خۆببوێرن، جیا لەمە لە ڕوودانی هەرچەشنە شەڕو تێکهەڵچوونێکدا ئەم کەسانە بەرپرسیار دەبن.

## ڕێژیم لە پیلانێکی نامرۆڤانەدا لە هەوڵــی تووشکردنی لاوانی مەهاباد بە نەخۆشی ئیدز دایە

ماوەی چەند مانگێکە کە ڕێژیمی دژیگەلیی کۆماری ئیسلامی لە کردەوەیەکی دوژمنکارانەو نامرۆڤانەدا چەند خوێندکاری کچی تووشبوو بە نەخۆشی ئیدزی ناردۆتە شاری مەهاباد تا لەم ڕێگەیەوە ئەم نەخۆشییە کوشندەیە لە نێو لاوانی مەهابادا بڵاو بکاتەوە.

ڕێژیمی ئیسلامی بەگشتی لە چوارچێوەی سیاسەتە دژیمرۆڤایەتییەکانی خۆیداو لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە وەك پەرەپێدانی مادده هۆشبەرەکانو نەخۆشی ئیدزو... دەیەوێ لاوانی ئێران بەگشتیو کوردستان بەتایبەتی گیرۆدەی بارودۆخێك بکا کە توانای سەرهەڵدانو خەباتیان لە بەرامبەر کردەوەکانیدا نەبێ.

## درێژەی لاپەڕە ٤ هەواڵەکان

### ڕێژیم لە ڕێگای ئیدارەی پۆستەوە خەریکی ڕاپرسییە بۆ بەناو هەڵبژاردنی نۆیەمین دەورەی سەرۆك کۆماری لە ئێراندا

ماوەیەکە کە ڕێژیمی ڕوو لە هەرەسی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێگای ئیدارەی پۆستەوە لە هەموو شارەکانی کوردستاندا خەریکی ڕاپرسییە بۆ بەناوهەڵبژاردنی نۆیەمین دەورەی سەرۆك کۆماری.

ئەو فۆرمانەی کە لە ڕێگای ئیدارەی پۆستەوە بڵاو دەکرێنەوە، هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە پروپاگەندە بۆ بەشداریی خەڵك لەو بەناوهەڵبژاردنەدا دەکا، ڕێژیم دەیەوێ لەو ڕێگایەوە ڕاپرسییەك بکا بزانێ کە چ ڕێژەیەك لە خەڵك لەو بەناوهەڵبژاردنەدا بەشداری دەکەنو لە نێو کاندیداتۆرەکانی سەر بە هەردوو قۆڵەکەی ڕێژیمدا، چ کەسێ لە هەمووان لە نێو خەڵکدا خۆشەویستترە!!!

ڕەنگە سەرەکیترین ئامانجی ڕێژیم لە بڵاوکردنەوەی ئەو فۆرمانە دروستکردنی کەشوهەوایەکی ئەمنییەتی بێت تا جەماوەر لە ئامادەنەبوون لەسەر سندووقەکانی دەنگدان بترسێنێو دواتر ئەگەر خەڵك بە شێوەیەکی بەرین بەشدارییان نەکرد لە ڕێگای ئەو فۆرمانەوە دەستکاری ئەنجامەکانی دەنگدان بکاو بەو چەشنە بە ڕای گشتیی جیهان ڕاگەیەنێ کە ڕێژیم لەو هەڵبژاردنەدا ڕەوایی بەدەست هێناوە.

### کاردانەوەی بوێرانەی خەڵکی گوندی "سەردۆش"ی مەریوان لە بەرامبەر کردەوەکانی هێزێکی دژیگەلیی ڕێژیمدا

هێزێکی سەرکوتکەری ڕێژیمی دژیگەلیی ئاخوندی بە ناوی "مێرساد"، سەر بە هێزی ئینتیزامی کە ساڵێك لەمەوپێش لە سیستانوبەلووچستانەوە هاتوونەتە ناوچەی مەریوان، نزیکەی ١٥ ڕۆژ لەمەوبەر تاقمێکیان لەسەر ڕێگای هاتووچۆی کاروانچییەکان لە دەشتی "دۆڵەبێ"، ئەودیوی سەردۆش چادر هەڵدەدەنو ڕێ لە هاتووچۆی کاسبکارەکان دەگرن. خەڵك چەند جار لە ڕێگەی جۆراوجۆرو ئاشتیخوازانەوە ناڕەزایەتیی خۆیان بەم بۆنەوە دەردەبڕن، بەڵام لە لایەن ئەم هێزانەوە هیچ بایەخێك بۆ داخوازییەکانی خەڵکی زەحمەتکێشی ناوچە دانانرێ، لە ئاکامدا خەڵکی وەزاڵەهاتووی "سەردۆش"و دەوروبەری لە ڕۆژی ١٣٨٤/٢/١٨دا بە داروبەرد پەلامار دەبەنە سەر مۆڵگەکانیانو بە سووتاندنی چادرەکانو شکاندنی چەکەکانیانو دەستبەسەرداگرتنی دووربینێکی فیلمهەڵگرتن کاردانەوەی خۆیان نیشان دەدەن.

ڕۆژ دواتر هێزێکی ڕێژیم بۆ وەرگرتنەوەی دووربینەکەو بژاردنی خەسارات بە خەڵك دەچنە "سەردۆش"، بەڵام لەگەڵ گوێنەدانی خەڵکدا بەرەوڕوو دەبنو لە لایەن خەڵکەوە وەڵامیان نادرێتەوە.

خەڵك ڕۆژی ١٣٨٤/٢/٢٠ بۆ پیشاندانی هێزی خۆیانو لەژێرپێنانی داخوازییەکانی ڕێژیم دەچنە سەر سنوورو بارەکانی خۆیان دێننەوە، بەڵام لە تێهەڵچوونێکدا کە لە نێوان خەڵکو هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمدا هاتە ئاراوە کەسێك بریندار بوو کە ئێستا لە نەخۆشخانەی سلێمانیەو هەروەها چەند کەس لە هێزە دژیگەلییەکانی ڕێژیمیش بریندار بوون.

### خوێندکارانی کوردی زانکۆی ورمێ سەردانی بریندارەکانی کارەساتی تیرۆریستیی هەولێریان لە نەخۆشخانەی ورمێ کرد

ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٢ی بانەمەڕی ١٣٨٤، بە مەبەستی دەربڕینی هاودەردیو هاوخەمی لەگەڵ بریندارەکانی کارەساتی تیرۆریستی ئەم دواییانەی هەولێردا، نزیکەی ٣٠ کەس لە خوێندکارانی کوردی زانکۆی ورمێ سەردانی ٦ کەس لە بریندارەکانی ئەو کارەساتە دڕندانەیەیان لە نەخۆشخانەی "موتەهەری"ی ورمێ کردو بە پێشکەشکردنی گوڵو شیرینی هاوخەمیو هاوسۆزیی خۆیان دەربڕی.

شایانی باسە کە ئەم کردەوەیەی خوێندکاران بوو بە هۆی دڵگەرمیو دڵخۆشیو شادی ئەم بریندارانە.

### کارو چالاکیی تەبلیغاتیی ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە مەریوان

شەوی ٢٣ لەسەر ٢٤ی بانەمەڕی ١٣٨٤، ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری مەریواندا بە شێوەیەکی بەربڵاوو سەرنجڕاکێش کۆمەڵێك چالاکیی تەبلیغاتییان لە جۆری بڵاوکردنەوەی تراکتو نووسینی دروشمی حیزبیو شۆڕشگێڕانە لەم شوێنانەی خوارەوەدا بەڕێوەبرد:

گەڕەکی دبیرستانی ئەندیشە، بلواری نەورۆز، گەڕەکی تەرخاناوا، ترمینالـی تازە، گەڕەکی تفێ نییەکان، گەڕەکی میانەییەکان، ئیدارەی ئامووزشوپەروەرش، گەڕەکی بیمارستان، گۆڕپانی سەرباز، مزگەوتی هەژارە، گەڕەکی محەممەدی، دەبیرستانی مێعراجو گەڕەکی مزگەوتی حەزرەتی عەبدوڵڵا.

هەروەها چەند ڕۆژ پێشتریش لە چالاکییەکی دیکەدا ڕۆژنامەی کوردستان، ئاڵای کوردستانو وێنەی ڕێبەرانی شەهید لە نێو قوتابخانەی ئەندیشەدا بڵاو کرابۆوە.

شایانی باسە کە ئەم چالاکییانە لەگەڵ پێشوازیو خۆشحاڵیی خەڵکدا بەرەوڕوو بوونو بوونەتە هۆی دڵگەرمیو دڵخۆشی قوتابیان.

***

## درێژەی وتووێژ لەگەڵ محەممەد شارۆێرانی

ئیسلامی دەردێکی دامەوتێ وابزانم هەتا مردن لەگەڵم دەبێ. وەك بیستبووم ـ دیارە بەخۆمیان نەگوتبوو ـ بەڵام وابزانم ئەوە بۆ دوو جار ئەو لاقەی منیان بڕیوەتەوە ئەوەش هەر شێوەیەك بوو لە فشاری ڕوحیو ڕەوانی بۆ من ئەویش ئازارو ئەزیەتێك بوو بۆ من، هەم بۆ من هەم بۆ بنەماڵەکەم دەنا هەر لە هەوەڵەوە دەیانتوانی چارەسەری بکەن. تەنانەت دووجار دوای ئەو لاق بڕینەوەشم ئەوە هەموو دۆستانی نێو حیزب ئاگادارن کە من لە دەردی لاقم هەمیشە بە شەوو ڕۆژ دەمناڵاند هەتا ئێستا دوای هەشت ساڵان دوای وەی دووجاریان بڕیوەتەوە بەڵام وای چارەسەر نەکردوە کە ژان نەکا. ئێستاش کە هاتوومەتەوە نێو حیزبی دیموکرات دووبارە عەمەلم کردۆتەوە چونکە ئەوەڵ جار بە شێوەیەکی دروستو ئوسوولی چارەسەریان نەکردوە، ئێستاش بەداخەوە ئەو لاقەی من ئەو دەردەی هەر لەگەڵەو وەزعم یەکجار زۆر خراپە.

**پ: پێمان خۆش بوو بزانین کە شێوەی دادگایی کردنی جەنابت چۆن بوو؟ حوکمەکەی بە کوێ گەیشت؟**

و: باوەڕکە هاوڕێی خۆشەویست، کاتێك باسی دادگایی کردن دەکرێ لە کۆماری ئیسلامیدا ئەمن هەر پێکەنینم دێ، چونکە ئەمن بۆخۆم دیتوومە. ئەمنیان زۆر بردوە بۆ دادگا، ئەویش پێش ئەوەی ببەن باسیان لەگەڵ کردم کە دەبێ وەکیل بگری، منیش وەکیلم نەبوو گوتم ئەوە بۆ خۆتان دەزانن چۆن وەکیل لە نیزامی کۆماری ئیسلامی دا ئەویش بە تایبەت بۆ ئێمەی کورد یا ئەوەی بە جورمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بگیرێن. گوتیان باشە وەکیلێکی تەسخیریت بۆ دەگرین، وەکیلی تەسخیرییان بە نێوی محەممەد هیندی، بۆ گرتم. بەو هیوایە ڕۆژێك ئەو کابرایەش ببینمەوە تا پێی بڵێم ئەتۆ چۆنت دیفاع لە ئێمە کرد!

بردیانین بۆ دادگایەك، کاتێك وەژوور کەوتین. قازییەکەی ئێمە کەسێك بوو کە ئاغای هاشمزادەی پێدەڵێن کە خەڵکی ناوچەی مەهابادو دەوروبەرە، هەموو دەیناسن هەموو لە جینایەتەکانی وی ئاگادارن هەتا ئێستا زیاتر لە پێنج شەش کەس لە تێکۆشەرانی دیموکرات بە حوکمی وی ئێعدام کراون.

هەرکە وەژوور کەوتم ئیهانەتێکی گەورەی پێکردم کە لێرەدا بۆ گێڕانەوە نابێ، چونکە زۆر ناحەز بوو، یەکی دیکەی لەکن ڕاوەستابوو ئەو لێی وەجواب هات گوتی ئەتۆ نابێ ئەو قسانە بکەی، ئینسانی زۆر گەورە لە حیزبی دیموکرات دا هەن، خۆ بەخۆ هەر وا قسەیان دەکرد لەناکاو ئەو بەناو وەکیلەی بۆ منیان گرتبوو دەبا هاتبا دیفاعی لەمن کردبا وەژوور کەوت، هەرکەوەژوور کەوت سڵاوی کردوو ئێمەش سڵاومان لێوەرگرتەوەو یەکدەفعە چاوی بەمن کەوت، گوتی کاکەگیان ئەتۆ "مفسد فیالارض"ی یانی فاسیدی سەر ئەرزی. حاجی ئاغاش پیاوی چاکە. باوەڕکە لەو دوو کەلیمە زیاتر یەك کەلیمەی دیکەی نەگوت یانی هیچ دیفاعێکی لەمن نەکرد هەر کە ئەو دوو کەلیمەی گوت وەدەرکەوت لە ژووری.

دوای ئەو چەند کەلیمە قسە منیان بردەوە بۆ ئیدارەی ئیتلاعات، پاش نزیك سێ مانگان حوکمی ئیعدام بە من درا. ئەوە بۆ من شتێکی ئاسایی بوو. زۆر لەمێژ بوو دەمزانی ئەو حوکمە بۆ من هەر دێ، کاتێك حوکمەکەیان پێڕاگەیاندم، سروشتییە کە پێم ناخۆش بوو. ڕاگەیاندنی حوکمی ئێعدام بۆ هەموو ئینسانێك ناخۆشە بەڵام بۆ ئێمەی پێشمەرگە مەعموولەن شتێکی ئاساییە چون ئێمە هەر کاتو ساتێك دەگەڵ مەرگ بەرەوڕووین دەیان جار تووشی دەرگیری بووینە، زۆرجار دەورەیان داوین لە ماڵاندا کەوابوو ئەو حوکمەش نەیتوانی هیچ لە بیروباوەڕی ئێمە کەم بکاتەوە.

**پ: کاك محەممەد! یەکێك لە تاکتیکەکانی کۆماری ئیسلامی بەگشتی، مەئموورەکانی ئیتلاعات چ لە زیندان چ لە دادگاکاندا چ لە نێو ئیدارە ئیتلاعاتییەکاندا ئەوەیە لە پێشدا بە زمانێکی چەورو شیرینو پڕ لە بەڵێنیو بەقەولی خۆیان بە ئیحترامەوە لە گەڵ تێکۆشەری سیاسی ڕوو بە ڕوو دەن. بۆوەی کە بتوانن ئیعترافیان لێوەرگرن، کە زانییان بەو شێوەیە بە هیچ کوێ ناگەن دەست دەکەن بە فشاری ڕوحیو هەڕەشەو گوڕەشەو ترساندنو تۆقاندن. سەبارەت بەو جۆرە ڕفتارانەیان بۆمان بدوێ؟**

و: مەعموولەن کەسێك کە حوکمی ئێعدامی پێدەدەن ئیدی دوای ماوەیەك ئەگەر ئیجرای کەن ئەوە موشەخەس دەکرێ، بەڵام بەداخەوە ئەمن هەتا ئەو کاتەی کە حوکمەکەم شکا باوەڕکە بە دەیان جار ئەو حوکمەیان لـێزیندوو دەکردمەوە. چەند جاران هاتن کە ئیجرای بکەن جا ئیدی بە هەر شێوەیەك بۆ خۆیان دەزانن یا بە چەند هۆیەك ئیجرایان نەکرد. بەڵام ئەوە هەموو فشاری ڕوحیو ڕەوانی بوو بۆ منیان دەهێنا. هەر جارێ دەهاتن کە ئەوە حوکمەکەت شکاوە یا جارێکی دیکە پێیان دەگوتم کە فلان کەس یان فلان جێگا قبووڵی نەکردوە، حوکمەکە هەر لە جێی خۆیەتیو هەر دەبێ ئێعدامت کەین. هەموو ئەوانە فشاری ڕوحیو ڕەوانی بوون بۆ منیان دەهێنا. بەڵام یەکێك لە شانازییەکانم ئێستاش هەر ئەوەیە کە هیچ دڵسۆزێکی حیزبی یا ئەندامێکی حیزبی بە ئیعترافی من نەگیراوە، ئێستاش ئێمە کە کادری ئەو حیزبەین یا پێشمەرگەی ئەو حیزبەین، جێگای متمانەی ئەو خەڵکەین لە ماوەی ئەو چەند ساڵە زندانییە کە لە زیندان بوومە هەمیشە جێگای متمانەی دڵسۆزانی حیزب بووم. هەمیشە بیروڕایان دەگەڵ من دەگۆڕییەوە ئەوە بۆ من شانازییە. یا ئەوە کە جاروبار دەهاتمەوە مەرەخەسی، باوەڕکە ئەو خەڵکە ئەوەندەیان ڕێزو حورمەت دەگرتم کە هیچ کات لەبیری ناکەم. بەو هیوایە بتوانین ئاواتو ئامانجی شەهیدەکانمانو خەڵکی کوردستان وەدی بێنین.

**پ: تکایە لەبارەی تێکەڵاوکردنی بەندیی سیاسییو ناسیاسی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بۆمان بدوێ؟**

و: لە زیندانی ورمێ بەندێکیان هەیە بە ناوی بەندی دوازدە کە بەندی سیاسییانی پێدەڵێن بەداخەوە ئەوێش ئالوودە بووە کە زۆرم پێناخۆشە بەڵام لە زیندانی مەهاباد کە من ماوەی زیندانییەکەم زیاتر لە مەهاباد بوو، لەوێ لەگەڵ هەموو جۆرە ئینسانێك زیندانیم کێشاوە، قاتڵی تێدا بوو، موعتادی تێدا بوو، کەسانی دیکەی تێدا بوو کە لەسەر شتی دیکە گیرا بوون، ئینسانی زۆر چاکیشی تێدابوو پیاو حەق بڵێ مرۆڤی زۆر موحتەرەمیشی تێدابوو بەڵام بەو حاڵەش بۆ ئێمە بە جورمی سیاسی گیرابووین یان پێشمەرگەی حیزب بووین، ناخۆشە زیندانی کێشان لەگەڵ ئەو جۆرە ئەفرادە. بەو حاڵەش ئێمە ئەرکی خۆمان لە ئەستۆ بوو، ئەگەر ئەوکاتەی کە لە دەرێ بووین خەریکی شێوەیەك لە خەبات بووین، زیندانیش بۆخۆی شێوە موبارێزەکەیە کە ئینسانە سیاسییەکان دەبێ هەمیشە ئەوە لەبەرچاوگرن یانی ئەو جۆرەی کە پێویستە دەبێ شەخسییەتی خۆیانو ئەو جەرەیانە سیاسییەی کە لەسەری دەگیرێن ڕابگرن. بەڵێ دەبێ ئەوێش بکەن بە مەیدانێکی دیکەی تێکۆشانو خەبات دەگەڵ ئەو کەسانەی کە پەرەپێدەری ئیعتیادو دزیو فەسادن، هەروەها ڕێنوێنی کردنی هێندێك لە ئەفراد، هەمووی ئەوانە لە ئەستۆی ئەو کەسانەیە کە بە جورمی سیاسی دەکەونە ئەو شوێنانە.

**پ: یانی جەنابت وەکوو شۆرشگێڕێك بە ئەرکی شۆڕشگێڕانەی خۆتت دەزانی کە لەوێدا ڕوون کردنەوەت هەبێو بۆ هێنانە سەرڕێی ئەو کەسانەی بەجۆرێك چەواشە کرابوون؟**

و: بەڵـێ زۆرکەس شاهیدە کە ئەمن ئەوەندەی لەدەستم هاتوە یا بە قسەیان کردوم ئەو کەسانەم ڕێنوێنی کردوە بە تایبەت ئەو کەسانەی کە فکریان لەگەڵ هێندێ کەسی دیکە فەرقی هەبوو.

**پ: هاوڕێ گیان! وەختێك بەندییەکان زانییان جەنابت کادری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیو بەم شێوەیە کەوتوویەتە دەست ئەم دژی گەلییانە، چۆن هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکردی لە بارەی ڕێزو حورمەتو لەبارەی متمانەوە بە جەنابت؟**

و: بە خۆشییەوە ئەمن لە ماوەی ئەو نزیك بە نۆ ساڵەدا کە زیندانیم کێشاوە لە ئیدارەی ئیتلاعاتو لە زیندانی ورمێو لە زیندانی مەهابادو لە زیندانی تاران هیچ زیندانییەك بێحورمەتیی پێم نەکردوە، زۆرکاریان بۆ دەکردم، هەمیشە بە چاوی ڕێزەوە سەیریان کردوم، ئەمن پێم وایە بە هیچ شێوەیەك ناتوانم باس لە فیداکاریی ئەو کەسانە بکەم کە لە ماوەی ئەو نۆ ساڵەدا لەگەڵ من هاوکارییان کردوە.

**پ: ئاکامی حوکمی ئێعدامت چی لێهاتو جەنابت چۆن ئەو دەرفەتو هەلەت بۆ ڕەخسا کە بگەڕێنەوە نێو ریزەکانی حیزبی دیموکرات؟**

و: هاوینی ساڵی ٨١ حوکمەکەی من بوو بە ئەبەد، دوای چوار پێنج مانگان بە سەنەدێکی زۆر، سەدو پەنجا میلیۆن تمەن مەرەخەسییان دا بە من بۆ ماوەی پێنج ڕۆژان دوای ئەو پێنج ڕۆژە تەقریبەن هەر بە مانگێ جارێك چلو هەشت سەعات مەرەخەسییان دەدامێ. هەتا ئەمساڵ کە بە زۆری پێنج ڕۆژیان دامێو لە ماوەی ئەو پێنج ڕۆژەدا لەو دەرفەتە کەڵکم وەرگرتو هاتمەوە نێو ریزەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران.

**پ: لە هاتنەوەت بۆ نێو ریزی کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەستت بەچی کرد؟**

و: هەستم بە شانازیو خۆشحاڵی کرد کە توانیم بۆ جارێکی دیکەش هاوسەنگەرانی ڕۆژانی سەختو دژوارم ببینمەوە.

**پ: دوایین پێشنیارو دوایین قسەت بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، تێکۆشەرانو زیندانییانی سیاسی، بنەماڵەی شەهیدان چییە؟**

و: من لەو حەددەدا نیم پەیامێکم هەبێ بەڵام داوا لە خەڵکی کوردستانی ئێران دەکەم کە ریزەکانیان یەکگرتووتر بکەن، لەوە زیاتر پشتیوانی لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بکەن، لە سەرانسەری کوردستان زیندانیی سیاسیمان هەیە یا بنەماڵەی شەهیدمان هەیە داوا لە خەڵك دەکەم سەر لەبنەماڵەی شەهیدان بدەن سەر لە زیندانییانی سیاسی بدەن. پێموابێ ئەوە هێندێك لە دەردو ناڕەحەتییەکان کە هەیانە کەم دەکاتەوە.

ئیتر سوپاس

# KURDISTA

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 413 21 May 2005

ماڵپەڕەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanmedia.com http://www.pdk-iran.org www.rdki.com

e- mail: info@kurdistanmedia.com e- mail: pdkiran@club-internet.fr e- mail: rdk_iran@yahoo.com


# کوشتاری بێدەنگ لە کوردستانی ئێران

بە گوێرەی ئامارەکانی ستادی مین هەڵگرتنەوەی وەزارەتی بەرگریی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، چوار میلیونو دووسەد هەزار هێکتار لە زەوییەکانی سنوورەکانی ڕۆژئاوای ئێران، مین، ماددەی تەقینەوەو گوللەی نەتەقیویان تێدایە کە دوو میلیونو سێ سەدهەزار هێکتار زەویی بە مین چێنراو، سەربەناوچە کوردنشینەکانی پارێزگای ئیلام، کرماشان، کوردستانو ئازەربایجانی ڕۆژئاوان. بەم پێیە ٥٠ ساڵ دەخایەنێ تا ئەو ناوچانە لە مین پاك ببنەوە، ئەگەرچی هێندێك بەڵێن دراون کە لە ماوەی ٥ تا ٨ ساڵ دا، ئەو مینانە هەڵ دەگرنەوە.

ڕۆژنامەی "ئاشتی" لە درێژەی وتارەکەی خۆیدا لە بارەی "کوشتاری بێدەنگ"ی خەڵك لە کوردستان بە هۆی مینەوە، دەنووسێ:

ئەگەرچی خەڵکی ئێران تەنیا ٨ ساڵ لەگەڵ باروودۆخی ڕاستەوخۆی شەڕ ڕووبەڕوو بوون، بەڵام خەڵکی ناوچە سنوورییەکان کە بە ڕێکەوت هەموویان لەو ناوچانەن کە قەومیەتو نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیان لێ دەژین، ١٧ ساڵ دوای شەڕ، هەروا لەگەڵ کوشتار بەرەوروون، ئەویش لە هەلومەرجێك دا کە دانیشتوانی ئەو ناوچانە، هیچ ئاسانکاریو ئیمکاناتێکیان بە ناوی ژیان لە ناوچەی شەڕدا، بۆ دابین نەکراوە. . . بە گوێرەی ئامارەکانی ئوستانداریی کوردستان، لە ساڵەکانی ٨٠و ٨١و شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٨٢دا، ئاماری تەقینەوە بەم جۆرە بووە: لە شاری بانە ٤٥، ٢٣و ٥، لە شاری سەقز ٢٣، ٢٠و ١٢، لە مەریوان ١٦، ٥و ٣، لە دیواندەرەش تەنیا ئاماری ٦ مانگی یەکەمی ٨٢ هەبوو کە ٥ تەقینەوە بووە. لە قوروە، ٣ تەقینەوە لە ساڵی ٨٢ هەبووەو لە کامیاران لە ٦ مانگی یەکەمی ساڵی ٨٢دا، ٢ تەقینەوە ڕووی داوە.

. . . بە پێی ئەو ئامارانە لە ماوەی دوو ساڵونیودا، ١٩٤ تەقینەوە ڕوویان داوە کە بوون بە هۆی کوژرانی ١٦ کەسو بریندار بوونو کەم ئەندام بوونی ١٧٩ کەسو لەنێوچوونی ١١٤ سەر مەڕو ئاژەڵو زیان گەیشتن بە وەسیلەی هاتوچۆی خەڵك (تراکتۆرو ماشێن).

جارێ ئامارێك لە بارەی ساڵی ٨٣وە بە دەستەوە نیە، بەڵام لە بارەی ساڵی ١٣٨٤وە کە هێشتا دوو مانگی بەسەردا تێنەپەڕیوە، بە گوێرەی ئەو ئامارانەی هەواڵدەرییەکان ڕایان گەیاندون، زیاتر لە ٦٠ [٦؟] کەس لە ئاکامی تەقینەوەی مینو شتی گومانلێکراو (گوللە خومپارە) لە شارەکانی مەریوان، بانەو ئیلام دا گیانیان لەدەست داوە.

دیارە ڕۆژنامەی "ئاشتی" تەنیا شەڕی ئێرانو عێراق وەك هۆکاری بوونی مین لە کوردستان ناو دەبا، بەڵام پێویستە بگوترێ کە بەشێکی زۆر لەو مینانە، لە ڕەوتی شەڕی داسەپاوی کۆماری ئیسلامی بەسەر خەڵکی کوردستان دا دانراون.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی "ئاشتی"، ساڵی دووهەم، ژمارە ٢٦، ١٩ی بانەمەڕی ١٣٨٤



# بەر لەماڵاوایی

# هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریو هەڵوێستی دوێنێو ئەمڕۆی حیزبی دیموکرات

توانا

لە فورومی ماڵپەڕی "دیمانە"دا، سەردێرێك هەیە بە ناوی "حدکاو هەڵبژاردن". لە ژێر ئەو سەردێرەدا، بەڕێزێك هەڵوێستی ئەمڕۆو هەشت ساڵ لەمەوبەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەرامبەر هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری بەمجۆرە هێناوەتە ژێر پرسیارو ڕەخنەی لێ گرتوە:

**"ڕاست ئەو کاتە کە محەممەدی خاتەمی، ٨ ساڵ لەمەوبەر خۆی بۆ سەرۆك کۆماریی پاڵاوتبوو، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتیی بەڕێز عەبدوڵلا حەسەن زادە وەك سکرتێری ئەو دەم، کەوتە بڵاوکردنەوە [و] پروپاگەندەی سیاسیو هاندانی خەڵکی ئێران بە گشتیو کوردەکان بە تایبەتی کە بەشداری لە هەڵبژاردن دا بکەنو دەنگ بە محەممەدی خاتەمی بدەن.**

**حیزبی دیموکرات ئەو کاتیش هەر وەك ئەمڕۆ سیاسی بووو لە ڕێگەی لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی سیاسییەوە هەلومەرجی ڕۆژی بە باش دەزانی بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریدا. دەبینین ئەمڕۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتیی بەڕێز مستەفای هیجری وەك سکرتێر، بە پێچەوانەی قسەو سیاسەتی ئەودەم هەڵسوکەوت دەکاتو ئەم جارەیان خەڵکی هان دەدا کە لە هەڵبژاردن دا بەشداری نەکەن.**

**حیزبی دیموکرات ئەمڕۆش هەر سیاسییەو لە ڕێگەی لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی سیاسییەوە هەلومەرجی ڕۆژ بە خراپ دەزانێ بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری دا.**

**ئەگەر ئەودەم بتگوتبا حدکا هەڵفریواوی مەلاکانەو لە سیاسەت نازانێ، ئەوە تۆ بووی کە قسەت نەدەڕۆیشت. ئەگەر ئەمڕۆ بڵێی حدکا تێناگاتو لە سیاسەت نازانێ، دیسان هەرتۆی کە قسەت ناڕوات.**

**تۆ بڵێی کەی قسەی ئەوان هەڵەبێتو بۆ جارێکیش قسەی من ڕاست بێ؟"**

***

بەلای منەوە، هیچ سەیر نیە لە سەردەمێك دا کە ئەو هەمووە ئیمکانو دەرەتانو ئازادییە هەیە بۆ بڵاوکردنەوە، شتی لە چەشنی ئەم ڕەخنەیە بڵاوببێتەوە. سەیرو سەمەرەکە لە چەند شتی دیکەدایە. ئەوەیان سەیرو سەرسوڕهێنەرە کە کەسێك بێ ئەوەی زانیاریو ئاگاداریی زۆرو دروستی لە سەر سیاسەتو هەڵوێستەکانی حیزبێك هەبێ، هەر وا بە ئیشتیا، ڕەخنەی لێبگرێ! ئەمجۆرە ڕەخنانە بەم هۆیەوە کە لە ناخۆشەویستیی حیزبەکەوە سەرچاوە دەگرن، ناتوانن لە خزمەت ڕوونکردنەوەی ڕاستیو دەست نیشانکردنی کەموکووڕی دابن. دیارە داکۆکیی لە حیزبو لایەنێکیش ئەگەر ئاگاداریو شارەزایی لە سیاسەتو هەڵوێستەکانیو، لایەنگری لە ڕاستیو حەقیقەتی تێدا بەستە نەبوو، واتا لەبەر خۆشەویستیو دەمارگرژی بوو، ئەمیش شتێکی سەیرو سەمەرەی لێدەردەچێو خزمەتێك بە ڕوونبوونەوەی ڕاستی ناکا. ئەو داکۆکییانەی چەند لایەنگرێکی حیزبی دیموکرات هەر لە "فوروم"و لە ژێر سەردێری ناوبراودا لە حیزبی دیموکراتیان کردوە، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ڕەخنە بێجێیەکە نیە. چونکە لە هیچو خۆڕایی پاکانە بۆ حیزبەکەیان دەکەن کە گوایە هەشت ساڵ لەمەوبەر "کەوتۆتە بڵاوکردنەوەی پرۆپاگەندەی سیاسیو هاندانی خەڵکی ئێران بەگشتیو کوردەکان بە تایبەتی کە بەشداری لە هەڵبژاردن دا بکەنو دەنگ بە محەممەدی خاتەمی بدەن"!

ئەگەر ئەو ڕەخنەگرە بەڕێزە چاوێك بەم بۆچوونو هەڵوێستانەی حیزبی دیموکرات پێش هەڵبژێرانو دوای هەڵبژێرانی خاتەمی دا بخشێنێو لە خۆی حاڵی بێ کە تا چ ڕادەیەك لە بێخەبەری دا دەژی، لە جیاتی لۆمە کردنی خەڵك کە قسەکانی ئەو بە هێند ناگرن، لۆمەی خۆی دەکا:

"کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی ئاوڕێکیشی لە شانۆسازیی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار دایەوەو لەو بارەوە هوشداری دا کە هیچ کەس نابێ فریوی ڕواڵەت سازیو کەڵەکبازیی کاربەدەستانی ڕێژیم بخوا. چونکە هەڵبژاردنی ئەو دەورەیەش هەروەك ئەوانی پێشوو، تەنیا لە نێو خراپو خراپتر لە مۆرەکانی ڕێژیم دایەو نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵك هیچ دەرەتانێکیان بۆ هەڵبژێرانو تەنانەت خۆکاندیدا کردنیش نیە".

**ڕاگەیاندراوی دەفتەری سیاسیی حدکا**

**دەربارەی پێکهاتنی پلینۆمی کومیتەی ناوەندی (١٣٧٦/١/١٩)**

" . . . لەم حاڵەتەدا سەرکەوتنی بێ ئەملاو ئەولای ئاغای خاتەمی لە قۆناغی یەکەمی هەڵبژاردن دا دەتوانێ چ ماناو واتایەکی هەبێ؟ شتێك کە هیچ قسەی تێدا نیە ئەوەیە کە بەشداریی بەرینی دەنگدەران لەم دەورەیەی هەڵبژاردن دا نەك بە مەبەستی "لبیك" گوتن بە قسەی خامنەییو بەڕێوەبەرانی دیکەی ڕێژیم . . . بەڵکوو بۆ کەڵکوەرگرتن لەو دەرفەتە بچووکە بوو کە بۆ دەربڕینی بێزاریی لە کۆماری ئیسلامی بۆیان پێك هاتبوو. هەڵبژێرانی ئاغای خاتەمی بەر لەوە کە نیشانەی پشتیوانیی خەڵك لە شەخسی ناوبراو بێ، پێشاندەری بێزاریی زۆربەی نزیك بە تەواوی کۆمەڵانی خەڵك لەو فشارو ستەمانەیە کە لە ماوەی هەژدەساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا بەسەریان دا سەپاوە".

**بەیاننامە سەبارەت بە هەڵبژێرانی محەممەد خاتەمی بە سەرۆك کۆماری**

**دەفتەری سیاسیی حدکا، ٣ی جۆزەردانی ١٣٧٦**


" . . . هەم ڕێژیمو هەم تاقمێکی ـ هەرچەند یەکجار کەم ـ لە ئوپۆزیسیۆنیش بەشداریی هەراوی خەڵك لە هەڵبژاردنیان دا بە مانای گوێ نەدانی خەڵکی ئێران بە ویستی هێزەکانی موخالیفی ڕێژیم لە قەڵەم دا. لە حاڵێك دا ئێمە مەسەلەکە ڕاست بە پێچەوانە دەبینین. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئوپوزیسیۆن لەبەر ئەوەی چاوەڕوانی نەدەکرد دەنگدەران ئازادانە بتوانن دەنگەکانیان بخەنە سندووقەوە، لەبەر ئەوەش کە ڕێژیم دەرەتانی بە کاندیداتۆریی کەسایەتییەکانی سەربەخۆ، یان ئەندامی ڕێکخراوە نیشتمانییەکان نەدابوو، داوای تەحریمی هەڵبژاردنیان کردو دەکرێ وای دابنێین کە داوایان کرد خەڵك دەنگی ممتنع بە ڕێژیمو کاندیداکەیو بەرنامەکەیو کارنامەو سیاسەتەکانی بدەن، بەڵام وەختێك کۆمەڵانی خەڵك بە هاتنە مەیدانی بێوێنەیان ئیرادەی خۆیان بەسەر ڕێژیم دا سەپاند، نەك دەنگی ممتنع، بەڵکە دەنگی موخالیفیان بەرێژیم دا. ئەمەش نەك هەر موخالەفەت لەگەڵ ئوپوزیسیۆن نیە، بەڵکوو ئەوپەڕی موافقەتو بەدەنگەوە هاتنی پێوە دیارە.

. . . یەکەم، ئاغای خاتەمی بۆخۆی بەشێك لەو ڕێژیمەو لە پەیڕەوانی فەلسەفەی ئەم ڕێژیمەیە. قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامیو تێکڕای بناخە فیکرییەکانی ئەم ڕێژیمەی قبووڵە، لە چوارچێوەی قانوونەکانی ئەم نیزامەدا خۆی کاندیدا کردوەو هەر لەو چوارچێوەیەش دا هەڵ بژێراوە. کەوایە لەجێدا باوەڕی ئەو پیاوە بە ئازادیو دیموکراسیو مافی مرۆڤ ئەو باوەڕە نیە کە خەڵکی دیکە لە دەرەوەی ڕێژیمی ئیسلامی دا بەو ئەسڵە پیرۆزە جیهان پەسندانەیان هەیە. بەو پێیە هەر لە خۆی چاوەڕوان ناکرێ کە هەوڵ بدا وادەو بەڵێنەکانی بەوجۆرە کە دەنگدەران تێیان گەیشتوون بەجێ بگەیەنێ. دووهەمو گرنگتر لەوەش ئەوەیە کە لە کۆماری ئیسلامیدا لە ژوور سەری سەرکۆمارەوە، زۆر دەسەڵاتی دیکە هەن کە دەتوانن هەر بڕیارێکی سەرکۆمار ئەگەر بە پەسندیان نەزانی، هەڵوەشێننەوە. لەوانە مەجلیسی شوورای ئیسلامی، شوورای نیگابانی قانوونی ئەساسیو شەخسی ڕێبەر یان وەلیی فەقیه . . ."


**ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی یازدەهەم (١ تا ٥ی بەفرانباری ١٣٧٦)**

بەم پێیە، تەحریمی هەڵبژاردنی جۆزەردانی ساڵی ١٣٨٠ی سەرکۆماریو، تەحریمی هەڵبژاردنی داهاتووی سەرکۆماریش لەلایەن حیزبی دیموکراتەوە، درێژەی ئەم هەڵوێستو سیاسەتە دروستو مەنتیقییانەی پێشوون. حیزبی دیموکرات نە ئەوکاتو نە ئێستاش بەهەڵە نەچووە کە پێی وایە لەو نیزامەدا سەرکۆمار هەر کەسێك بێ، چاوەڕوانیی ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی، بێجێیە. ئەزموونی سەرکۆماریی خاتەمییش، دروستیی ئەم بۆچوونەی دەرخست.

# ناوتان لە دەفتەری نەمریدا دەمێنێتەوە



برایم خەیات



مەحموودی مەلا عیزەت

لە نێوەڕاستەکانی ئەو مانگەو (سەرەتای مانگی مای)دا کوردستان دوو کەسایەتیی فەرهەنگیی بەوەجی خۆی لەدەستدا.

شەوی سێشەممە ١٣ی بانەمەڕ (٣ی مای) نووسەرو مێژوونووس مەحموودی مەلاعیزەت کۆچی دوایی کرد. ڕۆژی چوارشەممە ١٤ی بانەمەڕ (٤ی مای)ش هونەرمەندی بەناو بانگو خۆشەویست برایم ئەحمەد ناسراو بە برایم خەیات ماڵاوایی یەکجاریی خواست.

مەحموودی مەلا عیزەت بە بۆنەی نووسینو بەرهەمەکانی لە بواری مێژووداو سەبارەت بە ژیانو تێکۆشانی نیشتمانپەروەرانەی، برایم خەیاتی گۆرانیبێژیش بە هۆی دەوڵەمەند کردنی سامانی هونەریی نەتەوەکەی بە گۆرانییە جوانو سروودە بەرزەکانی، لەمێژ بوو ببوون بە دوو کەسایەتیی ناسراوو جێگای ڕێزی گەلەکەیان.

لە دەستچوونیان بە خەسارێك بۆ نەتەوەکەمان دەزانینو بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەو دوو نەمرەوە پرسەو هاودەردیی گەرمی خۆمان بە بنەماڵەی بەڕێزانو هەموو ئۆگرانیان ڕادەگەیەنین.

"کوردستان"

# مەحکوومکرانی دوو کوردی عێراقی بە تاوانی هاوکاریی لەگەڵ ئەنسارولئیسلام

دادگایەکی ستوکهۆڵم بڕیاری خۆی لەبارەی مەحکوومکردنی دوو کوردی عێراقیی تاوانبارکراو بە ناردنی یەك میلیۆن کرۆنی سوئێدی (١٣٠ هەزار دولاری ئەمریکایی) بۆ ڕایەڵکەی تەلەویزیۆنیی ئەنسارولئیسلام ڕاگەیاند. ئەنسارولئیسلام بە سەرچاوەی زۆر لەو تیرۆرانە دادەنرێ کە لە کوردستانی عێراق ئەنجام دراون. ئەمە یەکەم حوکمی قەزایی سوئێد بە گوێرەی "قانوونی تیرۆریزم"ە کە پاش هێرشی تیرۆریستیی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ پەسند کراوە. ئەم دوو کەسە ڕۆژی ١٩ی ئاوریلی ساڵی ڕابردوو گیران. لەنێو بەڵگەنامەکان دا، دوو نامە هەبوون کە نیشانیان دەدا یەکێك لەو دوو کەسە، سەفەری عێراقی کردوەو چاوی بە ئەلزەرقاوی ڕێبەری ئەنسارولئیسلامو یەکێك لە کەسە نزیکەکانی ئوسامە بن لادەن ڕێبەری ئەلقاعیدە کەوتوە.

ئەو دوو کەسە یەکیان ٢٥ ساڵەو ئەوی دیکە ٢٩ ساڵە، بە تاوانی هاسانکاری بۆ کردەوەی تیرۆریستی بە ٦و ٧ ساڵ زیندانو وەدەرنرانی هەمیشەیی لە سوئێد دوای تەواوکردنی ماوەی زیندانییەکەیان مەحکووم کران. هێشتا ڕوون نەبۆتەوە کە ئەوان ئەم پووڵەیان چۆن وەدەست هێناوە.

# ڕێزانا

**پێشکەش بە محەممەدی شاروێرانی**

**لە بەندیخانەی مەهاباد**

هاوار هاوارم بوو خلاسیم بی. دایمە گوێم هەڵخستبوو ناوم بخوێننەوە. لەسەر تەختەکەم درێژ دەبووم. دەهاتمو دەچووم. هیچ کەلکی نەبوو. دەچوومە لای ڕێزانا. دەمگوت: پێت وایە خلاسیم بی؟ پێت وایە جارێکی دیکە خاڵمو ئەوان ببینمەوە؟ بۆ ساتێکی لێی دەڕوانیمو چاوی لە دوور دەبڕیو دەستی دەدایە گۆچانەکەیو دەیگوت: ئاسۆ ڕوونە. ساڵ گەنج دەبێتەوەو دەگەڵ خۆشەویستان نەورۆز دەکەی. وای لێ دێ لکی سۆرانیت لە ئاسمان دابگەڕێو لە خۆشیان گەزگەز باڵا کەی. بەم گوتانە تێك دەچووم بەڵام هیوام هەر زۆرو زۆرتر دەبۆوەو..

لە دەرەوەی ئەم ژوورە، هیوا، خۆشی... سەری لە ئاسمان دەسوێ. هەستم بەوە دەکرد گشت لەشم کرمەڕێز بووە. بەڵام ڕێزانا هەر لێو بە بزە بوو. هەردوومان چاوەڕوانی هاتنی بەهار. خوێندرامەوە. دەستی ڕێزانام ماچ کرد. گوتی: نەمگوت بەهار دێ؟ تۆش دەبی بە یەکێك لە داوەت گێڕانی خۆشی؟گوتم: بڵێی تۆ کەی؟ گوتی ئەمن چاوتان لێ دەکەم. گەڕام... گەڕام... لە سەختە ڕێیان خاڵمو ئەوانم دیتەوە. کێشایانم بۆ ناو ئەشکەوت. تەمەن سێ وەرزی تری بەسەردا سووڕابوو. سەرماو سەخڵەتی ئەم ڕێگایە سەختە. لەو ئەشکەوتەدا تەنیا ئەوانو تینی چەند پۆلوو ئاورێك بوو، دەوری گەرم دەکردن. گشتی لە دەوری ئاورەکە کۆ ببوونەوە. بە خاڵم گوت: بەوەندە پۆلوویە سەرماتان نابێ؟ گوتی: ئەوە تینی ئەو دارەیە ڕێزانای هاوژووری زیندانت لەم شاخە هەزار بە هەزارەدا چەقاندبووی. پێت وایە بە تینی ئەو دارە سەرمامان بێ؟ ڕامام. بەهاریش هاتەوە، ڕێزانا نەیڕوانیە هەڵپەڕکێی منو خاڵمو ئەوان، بزانێ چلۆن وەك ئاگر پەرستەکان بەدەوری ئاگردا هاوار هاوارمانەو گڕو کڵپەی نێو دەروونمان داییسێ. ئاخ ڕێزانا! سەد بریا هەنووکە نە لەلای خاڵمو ئەوان مامەوە نە لەلای تۆ، لەم گۆماوەی تەمەنم ڕزگاریم ببا. ڕوو لە هەر کوێیەك دەکەم پاییزە، پاییز. دەوران دەوری ئامانجە گۆماوەکەی ئێستام، دڕكو داڵە. زەفەری پێنابەم. ساڵ پاییزە. ئاخ بۆ پۆلووەکانی ناو ئەشکەوت، ئاخ بۆ ساتێ گەڕانەوە، گەڕانەوەیەکی هەمیشەیی.

ئەمیر باباخانی (وان، تورکیە)

گەلاوێژی ١٣٨٢

# تەڵەکە بازیی کۆماری ئیسلامی بۆ شلووغ نیشاندانی ڕۆژی هەڵبژاردن

لە حاڵێکدا کەمتر لە مانگێك بۆ ٢٧ی جۆزەردان ڕۆژی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ماوەو پێشوازی نەکردنی خەڵك لەو هەڵبژاردنە شتێکی پێشبینی کراوە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پەنای بۆ فێڵو تەڵەکەبازی بردوە تا ژمارەیەك لە خەڵك لە ڕۆژی هەڵبژاردن دا بێنێتە کۆڵانو شەقامەکان. ڕێژیم هەوڵی داوە لە تەبوتابی تاقیکردنەوە سەرانسەرییەکانی دیپلۆمو تاقیکردنەوەی کۆنکۆری سەرانسەری (کە لەسەر یەك ٣میلیون کەس لە لاوانی خوازیاری تاقیکردنەوەی قۆناغی ٣ی دەبیرستانو کونکور دەگرێتەوە) بە قازانجی خۆی کەڵك وەربگرێ. ڕێکخراوی "سنجش آموزش کشور" کە لە کاروباری تاقیکردنەوە سەرانسەرییەکانو هەڵبژاردنی خوێندکاران بەرپرسیارە لە جەدوەلی کاتە دیاریکراوەکانی تاقیکردنەوە سەرانسەرییەکان دا بەڕێوەچوونی هەر دوو تاقیکردنەوەکانی ٣ی دەبیرستان (بۆ وەرگرتنی دیپلۆمی ناوەندی)و تاقیکردنەوەی کۆنکۆری سەرانسەریی لە هەر چوار لقی بیرکاریو فەننی، زانستە ئەزموونییەکان، ئەدەبیاتو زانستە مرۆییەکانو هونەریدا خستۆتە ڕۆژی ٢٧ی جۆزەردان ١٣٨٤. ئەوە لە حاڵێك دایە کە لە ڕۆژی هەڵبژاردن دا نابێ هیچ چەشنە تێکۆشانێکی گشتیو ئیداری بەڕێوە بچێو، هەر لە جێدا، دیاریکردنی ڕۆژانی هەینیو پشوودان بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن لەوەوە سەرچاوەی گرتوە. شایانی وەبیر هێنانەوەیە کە لە شارە گەورەکان زۆر جار دایكو بابی قوتابیانو خوازیارانی کۆنکۆر لەگەڵ جگەرگۆشەکانیاندا بە تایبەتی لەگەڵ کچەکانیاندا، دێنە بەر دەرکی شوێنی بەڕێوەچوونی قوتابخانەکانو ئەو شوێنانەی تاقیکردنەوەکانو کۆنکوریان لێ بەڕێوە دەچێ. قەرەباڵغیو کۆبوونەوەی حەشیمەت لەو ڕۆژەدا، ڕێژیمی هان داوە بۆ فریودانی بیروڕای گشتیو چاوەدێرانی هەڵبژاردن کەڵکی خۆی لێ وەربگرێو وا نیشان بدا کە خەڵکێکی زۆر بەشداریی شانۆ سازیی هەڵبژاردنی کردوە.

خەڵك بە گشتیو بە تایبەتی لاوان دەبێ ئەو فێڵو چاوبەستەی ڕێژیم پووچەڵ بکەنەوەو ڕێگا نەدەن کە بڕگەو قۆناخە هەستیارە زانستییەکانی ژیانیان ببێتە ئامرازێك بۆ بەرەوپێشچوونی مەبەستەکانی ڕێژیم.

ماڵپەڕی www.gozineye2.com سەر بە ڕێکخراوی تاقیکردنەوەی وەزارەتی زانستەکان (سازمان سنجش وزارت علوم) لە لاپەڕەی سەرەکیی خۆیدا جەدوەلی کاتی دیاریکراوی تاقیکردنەوەکانی بڵاو کردۆتەوە.

"هێمن"

# چیرۆکی ئەمجارە

ئ: ب.هیوا

**لەمەودوا، لەم لاپەڕەیەدا، هەمووجارێ چیرۆکێکی بچووکی نووسەرێکی بێناونیشان (نەناسراو)ی جیهان بڵاودەکەینەوە. چیرۆکێك بە قەبارە بچووك، بە واتا گەورە:**

## بەستەنی

مێرمنداڵێك لە دوکانێکی بەستەنی فرۆشی وەژوور کەوتو لەسەر مێزێك دانیشت. پێشخزمەتەکە پەرداخێك ئاوی بۆهێنا. مێرمنداڵەکە پرسی: بەستەنییەکی میوەیی بەچەندە؟ پێشخزمەتەکە گوتی ٥٠ سێنت. مێرمنداڵەکە دەستی بردە گیرفانیو دەستی کرد بە بژاردنی قەرەپووڵەکان. پاشان پرسی: ئەدی بەستەنییەکی سادە بەچەندە؟ ڕاست لەو کاتەدا چەند مشتەری لە چاوەڕوانیی مێزی خاڵیدا ڕاوەستابوون. پێشخزمەت بە تووڕەییەوە وەڵامی دایەوە: ٣٥ سێنت. مێرمنداڵەکە قەرەپووڵەکانی ژماردو گوتی: زەحمەت نەبێ بەستەنییەکی سادە. پێشخزمەتەکە بەستەنییەکەی هێناو وەدوای کاری خۆی کەوت. مێرمنداڵەکەش دوای خواردنی بەستەنی، پووڵەکەی دا بە سندووق (ژمێریاری)و ڕۆیی. کاتێك پێشخزمەتەکە گەڕایەوە [پووڵەکەی دیت] سەری سوڕما. لەوێ، لە تەنیشت قاپی بەتاڵی بەستەنییەکە ٢ پووڵی ئاسنی ٥ سێنتیو ٥ پووڵی ئاسنی ١ سێنتی وەك ئەنعام بۆ کابرای پێشخزمەت دانرابوون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی "ایران نیاز"